خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5753) دووشەممە 20ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



3

نێچیرڤان بارزانی و کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن

لە کۆبوونەوەیەکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ بەڕێز ستیڤ ڤاگن کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان، کار و چالاکییەکانی کونسوڵخانەی ئەمەریکا، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا لە هەموو ڕووبەکەوە و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر وبەغدا و باشتربوونیان و چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەی دیالۆگ و پەرەسەندنەکانی ناوچەکە، خرانە بەر باس و گفتوگۆ.

پەرلەمان ناوی کاندیدانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەکات

2



8-9

57 ساڵەی پێشمەرگایەتیی سەرۆک بارزانی

دۆخی ناوچە کێشەلەسەرەکان لە لێواری تەقینەوەدایە

2



2

د. ڤیان: داوامان کردووە بەپەلە کێشەی کەرکووک و خانەقین چارە بکرێت




2

فرانک وۆلف بۆ خەبات: ئەمەریکا دەیەوێ بەبێ شەڕ بگاتە ئامانجەکانی



مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن هاوپەیمانانەوە دەستپێکردەوە

3



4

سەرۆکی لێژنەیەکی پەرلەمان: ئەمەریکییەکان بەڵێنیان دا هەرگیز کوردستان جێنەهێڵن



کۆماریيەکانی کۆنگرێس لەگەڵ ئەوەنین جەنگ دژی ئێران بەرپا بکرێت

زیاتر لەلاپەرە 5 بخوێنەوە

کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی دەیەوێت تۆمارێکی نوێی دەنگدەرانی هەبێت

4



4

بەغدا هێزێکی دیکەی تایبەت بە شنگال پێکدێنێت

پەرلەمان ناوی کاندیدانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەکات



دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ناوی ئەو کەسانەی ئاشکرا کرد کە خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاندید کردووە. دوێنێ یەکشەممە 2019/5/19 دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا ناوی پێنج کاندیدی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاشکرا کرد کە تێیدا ناوی (نێچیرڤان بارزانی)یش هاتووە. ئەمەش دەقی راگەیەندراوەکەیە:

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی برگە (3)ی ماددەی (4)لە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور ژمارە (1)ی ساڵی 2019 ناوی ئەو پالێوراوانەی کە مەرجی یاساییان تێدایە و خۆیان پالاوتووە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق، ڕادەگەیەنێت:

1-نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی
2-ئومێد عەبدولسەلام قادر
3-محەمەد حەمەساڵح قادر
4-ڕێبوار عەزیز مستەفا
5-هیوا عەبدوڵڵا خدر

جێی باسە بەپێی ڕێکارەکان دوای ئاشکرا کردنی ناوی کاندیدان، پرۆسەی تانە لێدان و ڕاگەیاندنی ئەنجامی تانەکان لە چوار ڕۆژدا هەیە و دواتر لە ماوەی سێ ڕۆژدا دەبێت پەرلەمان سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێرێت. هەروەها شێوازی دەنگدان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بە ئاشکرا دەبێت و کاندیدی دەرچووش پێویستی بە دەنگی 56 پەرلەمانتار دەبێت بۆ بوون بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

فرانک وۆڵف بۆ خەبات: ئەمەریکا دەیەوێ بەبێ شەڕ بگاتە ئامانجەکانی

خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

یەکێک لە ڕاوێژکارە ناسراوەکانی کۆنگرێسی ئەمەریکا ئەگەری شەڕی گەورە لەنێوان ئەمەریکا و ئێران بەدوور دەزانێت و دەڵێ ئەمەریکا دەیەوێ بەبێ شەڕ و خوێنڕشتن بگاتە ئامانجەکانی.

فرانک وڵف سیاسەتوان و ئەندامی پێشووی کۆنگرێسی ئەمەریکا لەحزبی کۆماری ئەمەریکا و یەکێک لەو کەسایەتیانەی کە زۆر لە سیاسییە دەسەڵاتدارە کۆماریەکان ڕاوێژی پێدەکەن و لەکۆنگرێسی ئەمەریکاش ڕاوێژکارێکی گوێلێگیراوە، لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئامانجی ئەمەریکا دوورخستنەوەی مەترسیەکانی ئێران و گروپە تیرۆرستیەکانی وەک داعش لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرۆک ترەمپ بپاری شەڕی پێشوەختەی نەداوە و بەردەوام هەوڵ دەدات لە ڕێگەی گفتوگۆوە ئێران ڕازی بکات کە واز لە شەڕانگێزی و دەستوەردان لەوڵاتانی وەک عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن و بەحرەین و هەڕەشەکردن لە بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێنێت و ئەمەش هیوای ئیدارەی ئێستای ئەمەریکایە، بەڵام ئەگەر پێویست بکات ئەوا ئەمەریکا ئەوەندەی هێز لەناوچەکەدا هەیە کە مامەڵە لەگەڵ هەر سەرکێشیەکی ئێران یان هێزە بەکرێگیراوەکانی لەناوچەکەدا بکات و زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان پشتگیری ئەمەریکا دەکەن لەمەسەلەی نەهێشتنی هەڕەشەکانی ئێران لەسەر ئاسایشی ناوچەکە.

فرانک وۆڵف لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات لەوباوەڕەدا نیم ئێران سەرکێشی هێرشکردنەسەر هێزەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی لەناوچەکەدا بکات، چونکە دەزانێ ئەمەریکا لەم مەسەلەیەدا جدیە و پێموایە تەنها بەگوشارە دارایەکان و سفرکردنەوەی هەناردەی نەوتی ئێران و پابەندبونی وڵاتانی دنیا بەسزا ئابووریەکانی سەر ئێران وادەکات ئەمەریکا بەبێ شەڕ ئامانجەکانی بپێکێت بەڵام زۆر گرنگیشە کە وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمەریکا لەم مەسەلەیەدا بەمەسئولیەتەوە مامەڵە بکەن و خۆیان بۆ هەر ئەگەرێک ئامادەکردبێت.

ئەم سیاسەتوانە ئەمەریکیە پێی وایە کەوا تەنگژەی ئێستای ناوچەکە بەهۆی هەڕەشەکانی ئێران و ئامادەباشی ئەمەریکا بۆ ڕووبەڕووبونەوە زۆر درێژە ناکێشێت و دەرەنجام ئێرانیەکان پەیوندی دەکەن بەسەرۆک ترەمپەوە، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەنگی ناڕەزایی لەئێران بۆ ئەم دژایەتیکردنەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەستوەردانی لەوڵاتانی دەرەوە زیاتر دەبێت و لەبەرامبەردا پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هەوڵەکانی ئەمەریکا لەم مەسەلەیەدا زیاتر دەبێت و هەڵوێستی بەریتانیاش سەلمێنەری ئەم ڕاستیەیە.



سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان ساڵیادی یەکەمین هەڵبژاردن لەگەڵی کوردستان پیرۆز دەکات

بەبۆنەی ساڵیادی یەکەمین خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 19ی ئایاری 1992 سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان

ئەمڕۆ ساڵیادی یەکەمین هەڵبژاردنی دیموکراسیی کوردستانە، بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی تەواوی خەڵکی کوردستان دەکەین، ئەو ڕۆژە سەرەتای قۆناخێکی نوێ بوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، لە یەکەمین ئەزموونی رزگاریی میللەتی کوردستان، ڕاستەوخۆ پەنای بۆ ئامرازە دیموکراسییەکان برد بۆ یەکلاییکردنەوەی ڕکابەرییەکان و پێشڕەوایەتی و ئیدارەکردن و مافی گفتوگۆکرن لەپێناو بەرژەوەندیی گەل و وڵات، لەو ڕۆژە بناغەی دەوڵەتداری و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان جارێدرا، وەڵامی هەموو ئەوانەش درایەوە کە پێیان وابوو گەلی کوردستان ناتوانێت ئیدارەی خۆی بکات و شارەزایی پێشکەوتنەکانی نییە، بەڵام ئەزموونە دیموکراسییەکەمان بۆ دۆست و دوژمنان سەلمێندرا، کە گەلی کوردستان نەک هەر توانای ئیدارەدانی خۆی هەیە، بەڵکو ئێستا ئەزموونەکەمان بووەتە نموونەی پێکەوەژیان و فەزای ئازادو دیموکراسی و ئازادی دەربڕین لە ناوچەیەک کە هەموو ئەو بنەمایانە ونن و هەموویان لەخەوی شەڕو گەرانەوەی مۆنۆپۆلن.

هەر لەساڵیادی یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای سەختی و ئاستەنگەکان ئێستا خولی پێنجەمی پەرلەمانەو لە ڕووی نوێنەرایەتی و بەشداریی سیاسی فراوانترین ڕووبەری پێکهاتەی کوردستان دەگرێتەوو جەخت دەکەینەوە کە هەمیشە پەرلەمان بەشێک بێت لە چارەسەر بۆ سەرجەم لایەنەکان و چەترێ کۆکەرەوەی گشت لایەنەکان و قوڵترکردنەوەی گیانی کاری پێکەوەیی و قوڵترکردنی کەلتووری دیموکراسی و دیالۆگ و بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندیی گەل و نیشتیمان لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوە بێت، هەروەها دووپاتی پابەندبوونی تەواو بە ڕێکارە یاسایی و دیموکراسییەکان دەکەینەوە بۆ چارەسەری گرژی و ناکۆکییەکان، پێویستە هەمووان پابەند بین بەو بنەمایانە بۆ مامەڵەکردن و دەرفەتی زیاتری پێکەوەیی بوون، پێویستە بەهەمووان هەوڵی پەرەپێدانی زیاتری دیموکراسی و هەڵبژاردن و ئازادیی زیاتر بدەین بە پێگیریبوون بە بنەما یاساییەکان و پێشێلنەکردنی ماف و ئازادییەکان، بۆنەوەی هەمیشە کوردستانەکەمان گەشاوەتر بێت و هەر بە نموونەی دوورگەیەکی ئارام لەنێو دەریایەکی شەڕ ببینێتەوە و کەلتوور و فەرهەنگی بەیەکەوە ژیان و دیموکراسییانەی گەلی کوردستان ببێتە وانەیەک بۆ ئەوانەی ڕێگە بە دەنگێکی جیاواز نادەن و بەزەبری هێز و تیرۆر و تۆقاندن هەوڵی خۆسەپاندن دەدەن.

جارێکی تر بەم بۆنەیەوە پێرۆزبایی لە تەواوی خەڵکی کوردستان دەکەین و سەری ڕێز و نەوازش بۆ ڕۆحی شەهیدانی ڕێگای رزگاریی گەلەکەمان دادەنوێنین، سڵاو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، سڵاو بۆ خەڵکی خۆشەویستی کوردستان هەمیشە شادو سەرفرازبن.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

د. ڤیان: داوامان کردووە بەپەلە کێشەی کەرکووک و خانەقین چارە بکرێت



ڕۆژانی ڕابردوو لە ناوچەکانی مەخمور و سەرگەران و کەرکووک و خانەقین، جگە لە پرۆسەی داگیرکاری و دەستبەسەرداگرتنی زەویوزاری کورد، سەدان دۆنم بەرهەمی جووتیارانی کورد سووتێندران، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش دەڵێ، داوایان کردووە لیژنەی ماددەی 140 کارا بکرێتەوە و بە زووترین کات کێشەی ئەو سنوورانە چارە بکرێت. دکتۆر ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: داوامان کردووە ئەو داگیرکاری و زۆڵمەی سەر کوردانی سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆتایی بێت، چونکە چەند ڕۆژێکە پرۆسەی داگیرکاری و سووتاندنی بەرهەمی جووتیارانی کورد لە کەرکووک و خانەقین و مەخمور دەستیپێکردووە و زیانی گەورەی بە خەڵکی ئەو ناوچانە گەیاندووە، بە تایبەتی داوای هەڵوێستمان لە سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق کردووە بۆ چارەسەرێک.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دەشڵێت: ئێمە داوا دەکەین ئەو کێشانە بە هەماهەنگی لە نێوان هەردوو حکوومەتی هەرێم و فیدراڵ چارەسەر بکرێن و هێزی ئەمنیی هاوبەش لەو سنوورانە جێگیر بکرێن، تا پێش بە ڕووداوەکان بگرن و بە گوێرەی دەستوور کێشەکان چارەسەر بکرێن، فراکسیۆنی پارتی بە هەماهەنگیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان داوای لە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کردووە بۆ ئەوەی لیژنەی ماددەی 140ی دەستووری عێراق لەنێو پەرلەماندا ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام هیچ لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە دروست نەکرێت، بەڵکوو هەردوو حکوومەت چارەسەری بەپەلەی ڕووداوەکانی ئەو ناوچانە بکەن. سەبری ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: باشترین چارەسەر بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکانی نێوان جووتیارانی ئەو سنوورانە، ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچەکەیە لە ڕووی سەربازی و ئیدارییەوە.

ئێران ئەو کەسانە دەداتە دادگا کە داهاتی هەناردە ناگەڕێننەوە بۆ وڵات

حکوومەتی ئێران ڕایگەیاند ئەو بازرگانانە دەدەنە دادگا کە بڕی ئەو 30 ملیار دۆلارەی لە ڕێگەی هەناردەوە دەستکەوتووە لە دەرەوەی وڵات دەیهێڵنەوە. وەزیری دارایی و ئابووریی ئێران، فەرهاد دژپەسەند بە ئاژانسی هەواڵی پەرلەمانی ئێرانی ڕاگەیاندووە کە ئەو 30 ملیار دۆلارەی لە ڕێگەی هەناردەوە دەستکەوتووە هێشتا نەهێندراوەتەوە بۆ وڵات.

فەرهاد دژپەسەند ئاماژەی بەوەش کردووە کە لەگەڵ بازرگانان کۆبونەتەوە لەبارەی نەهێنانەوە ئەو 30 ملیار دۆلارە بۆ وڵات و داوایان لە هەناردەکاران کردووە بەو دراوە بیانییە هاوکاری ئابووریی وڵات بکەن. وەزیری دارایی و ئابووریی ئێران باسی لەوەش کردووە کە ناوی ئەو بازرگانانەیان لەبەردەستە کە پێداگری دەکەن لە نەگەڕاندنەوەی داهاتی هەناردە بۆ وڵات و لە ڕێگەی بانکی ناوەندییەوە دەدرێنە دادگا و سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکەن.

فەرهاد دژپەسەند هەروەها باسی لەوە کرد کە بەپێی هەڵومەرجی ئەمڕۆ هێنانەوەی دراوی بیانی بۆ وڵات بەراورد بە سزاکانی دیکە ئاسان نییە و بەربەستی لەبەردەم دایە. جێی باسە هەفتەی ڕابردووجێگری وەزیری پیشەسازی، کانزا و بازرگانی ئێران، حوسەین میر سوچایان ئاماژەی بەوە کرد کە بە بڕی 40 ملیار دۆلار نەوتیان هەناردە کردووە، بەڵام بڕی 30 ملیار دۆلاری ئەو داهاتە نەهێندراوەتەوە وڵات.



دۆخی ناوچە کێشەلەسەرەکان لە لێواری تەقینەوەدایە

دەنگی ئەمەریکا/ هەتا دێت دۆخی کەرکووک و خانەقین و ناوچە کێشەلەسەرەکان ڕوو لە ئاڵۆزبوونی زیاتر دەکات، بەرپرسانی کوردیش پێیانوایە دۆخی ئەو ناوچانە گەیشتۆتە لێواری تەقینەوە و چیتر "بەرگەی کولان"ی زیاتر ناگرێت. فراکسیۆنە کوردییەکانی نێو پەرلەمانی عێراقیش، لە ڕاگەیەنراوێکدا کە ڕۆژی شەمە، ئاراستەی ڕای گشتی و لایەنە پەیوەندیدارەکانیان کردووە، هۆشداریان داوە لە کۆچی بە کۆمەڵی کوردان لەناوچە کێشەلەسەرەکان و بەتایبەت لەسنوری خانەقین ی پارێزگای دیالە. شێرکۆ میرویس ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕایگەیاند: دۆخی ناوچە کێشە لەسەرەکان لە لێوارێ تەقینەوەیەکی گەورەدایە، دانیشتوانی ئەو ناوچانە چیتر توانای ئارام گرتنیان نەماوە. ئاماژەی بەوەکرد لەڕۆژانی ڕابردوودا 4 هاووڵاتی کورد لە خانەقین کۆژراون و سەدان دۆنم زەوی کشتوکاڵیش سوتێنراون، گوتیشی: دەبێت دامەزراوە فەرمیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بێنە خەت بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ئەو ناوچانە. لەڕاگەیەندراوەکەی فراکسیۆنە کوردییەکانی نێو پەرلەمانی عێراق دا، باس لەوەش کراوە بە بەردەوامی هەوڵی شێوێنراندن و زیانپێگەیاندنی جوتیارانی کورد دەدرێت، بەو هۆیەوە زیاتر لە 40 هاووڵاتی و کارمەندی هێزە ئەمنیەکان شەهید"کراون، هەروەها دەغڵ و دانی هاووڵاتیان دەسوتێنرێت و زەوی و زارەکانیان بۆمبڕێژ دەکرێت، وەک لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە "لەئێستادا هەموواردا دەژین و دۆخێکی ناهەمواردا دەژین و لەبەردەم مەترسی بەجێهێشتنی بەکۆمەڵی ناوچەکە و زەوی و زاری جوتیاراندایە. "

هاتنە خەتی پەرلەمانتارانی عێراق، لەکاتێکدایە جگە لە سوتاندنی دەغڵ و دانی جوتیارە کوردەکانی خانەقین، لەسنوری کەرکوکیش دەغڵ ودانی ژمارەیەک جوتیار لەلایەن عەرەبەکانی ناوچەکەوە دروێنەکراوە و هەوڵی بەزۆر دەرکردنی کوردەکان لەگوندی پەڵکانەی سەربە ناحیەی سەرگەڕانیش دراوە. شێرکۆ میرویس گوتی: لەڕۆژانی داهاتوودا وەکو پەرلەمانتاران لەگەڵ سێ سەرۆکایەتیەکەی عێراق دا دادەنیشین و کێشەکان ڕووبەڕوو باس دەکەین. جێی باسە تەنگ هەڵچنین بە کوردەکانی ناوچە کێشەلەسەرەکان گەیشتۆتە ئاستێک، کە جۆرێک لە یەکدەنگی لەنێوان فراکسیۆن و حیزبە کوردیەکاندا بۆ

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ شاندێکی باڵای کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لە جیهان کۆدەبێتەوە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ شاندێکی باڵای کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لە جیهان بە سەرۆکایەتیی قەداسەتی پاتریارک مار گورگیسی سێیەم سلێوە، پاتریارکی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لە جیهان، پیرۆزباییی کردنەوەی کەنیسە نوێکەیان لە دیانای سەر بە قەزای سۆران لێکردن و هیوای سەرکەوتنی بۆ کۆبوونەوەی کەنیسەکەیان خواست، ئاماژەی بەوەش دا کە هەرێمی کوردستان شانازی بە کولتووری پێکەوەژیانەوە دەکات و هەوڵیش دەدەن ئەو کەموکوڕییانەی لەمبارەیەوە هەن، نەهێڵن.

کۆبوونەوەکە ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە 5/19/ 2019 لە هەولێر بەڕێوەچوو و ژمارەیەک لە وەزیر و بەرپرسانی حکوومەتی هەرێم و مەترانەکانی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لە ژمارەیەک وڵاتی جیهانەوە ئامادەی بوون، تیایدا شاندی میوان سوپاسی بەڕێز سەرۆک وەزیران و دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمیان کرد بۆ پشتگیرییان لە کار و چالاکییەکانیان و حەواندنەوە و پاراستنی ئاوارەکان بێ جیاوازی، دووپاتیشیان کردەوە کە بڕیارەتی و تەبایی و کولتووری یەکترقبووڵکردن لە هەرێمی کوردستان بۆتە بنەمایەکی سەرەکی و جێگەی شانازیی هەموو لایەکە.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کورتەیەکیشی دەربارەی بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش پێشکەش کرد و هیوای خواست ئەمن و ئاسایش بۆ هەموو ناوچەکانی عێراق بگەڕێتەوە و ئاوارەکان بتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان، هەروەها ڕایگەیاند کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵێک دەدات بۆ هاوکاریکردنیان و بەردەوامیی پشتگیریی هەرێمی کوردستانی بۆ کەنیسەکەیان و هەموو کەنیسەکانی دیکە و ئایین و ئاینزاکان دووپات کردەوە.

نێچیرڤان بارزانی و کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن



لە کۆبوونەوەیەکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ بەڕێز ستیڤ ڤاگن کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان، کار و چالاکییەکانی کونسوڵخانەی ئەمەریکا، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا لە هەموو ڕوویەکەوە و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر وبەغدا و باشتر بوونیان و چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەی دیالۆگ و پەرەسەندنەکانی ناوچەکە، خرانە بەر باس و گفتوگۆ.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا کە سەرلەبەیانیی دوێنێ یەکشەممە 2019/5/19 لە هەولێر بەڕێوەچوو، باس لە بارودۆخی سیاسیی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم پێشکەش کرا و لەمبارەیەوە بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پوختەیەکی دەربارەی ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم پێشکەش کرد.

تاوتوێ کردنی دوا پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکە، دۆخی ئێستای مووسڵ و دەوروبەری و ناوچە کێشە لەسەرەکان و هەنگاوەکانی قۆناغی دوای داعش لە بنبڕکردنی بیری تۆندڕەوی و ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەیان بە هەماهەنگیی نێوان بەغدا و هەولێر و هاوپەیمانان و زەمینەسازیی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

خەسرۆ گۆران: پارتی لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانە



بەڕپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی ئاشکرای کرد، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق پێی ڕاگەیاندوون، بە هیچ شێوەیەک ئەمساڵ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق ئەنجام نادرێت. دەشڵێ، پارتی لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانە. خەسرۆ گۆران ڕایگەیاند: لەبارەی پرسی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقەوە، قسەمان لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق کردووە و ئەوان پێیان ڕاگەیاندووین ئەمساڵ بە هیچ شێوەیەک پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوە ناچێت. ڕوونیشی کردۆتەوە: هۆکارەکانی دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن زۆرن، بەڵام ئەوانەی سەرەکین، بریتین لە هەمواڕنەکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق و کۆتایی نەهاتن بە پرۆسەی بایۆمەتریی دەنگدەرانی عێراق، لەنێو پەرلەمانی عێراقیش خواستێکی زۆر هەیە پرۆسەکە بۆ ساڵی داهاتوو دوا بخرێت.

لەبارەی هەلوێستی پارتی لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، خەسرۆ گۆران دەڵێت: ئێمە وەک پارتی دێموکراتی کوردستان نایشارینەوە کە لەگەڵ دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانین، چونکە خەڵکێکی زۆری ئێمە لە مووسڵ ئاوارەن و 500هەزار دەنگدەری کورد لە هەرێمی کوردستان هەن، کە خەڵکی مووسڵن، ئێمە لە هەوڵداین مافی دەنگدانیان نەفەوتێت و ئەو کێشە و ئاستەنگانەی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سالی ڕابردوو بەسەریان هات، دووبارە نەبێتەوە، لەبەر ئەوەی تا کۆتایی ئەمساڵ کات پێویستە بۆ خۆتۆمارکردنی دەنگدەران.

بەڕپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: یەکێک لە دواکارییەکانی ئێمە وەک پارتی، ئەوەیە کە بەر لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، پێویستە ڕەوشی پارێزگای کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاسایی بکرێتەوە، تا هەڵبژاردنێکی بێ کێشە و شەفاف لەو ناوچانەدا بەڕێوە بچێت.

ئا/قائید میرۆ



مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن هاوپەیمانانەوە دەستپێکردەوە

جێگری سەرۆک ئەرکانی هێزەکانی پێشمەرگە، لیوا قارەمان شێخ کەمال ڕایگەیاند کە مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە دەستپێکردۆتەوە. ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، هێزی هاوپەیمانان بڕیاری ڕاگرتنی مەشق و ڕاهێنانیان بەهێزەکانی پێشمەرگەدا و ئەمەریکاش داوایکرد بەشێک لە کارمەندانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان. لەمبارەیەوە لیوا قارەمان شێخ کەمال لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاندووە: لە دوێنێوە مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەن هاوپەیمانانەوە دەستپێکردۆتەوە. هێزی هاوپەیمانان حەوت وڵات لەخۆدەگرێت کە بریتین لە "ئیتالیا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، هەنگاریا، بەریتانیا، فنلەندا و سلۆڤینیا". جێی باسە ڕۆژی 15ی ئایار، هێزەکانی هاوپەیمانان لە چوارچێوەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران، بڕیاری ڕاگرتنی مەشق و ڕاهێنانیان بە هێزەکانی پێشمەرگە دا و دوێنێ یەکشەممەش، مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەن هاوپەیمانانەوە، دەستپێکردەوە.

بەحرێن داوا لە هاووڵاتییانی وڵاتەکەی لە عێراق و ئێران دەکات ئەو دوو وڵاتە جێبهێڵن

وەزارەتی دەرەوەی بەحرێن داوای لە هاووڵاتییانی وڵاتەکەی کرد ئەوانەی کە لە ئێستادا ئێران و عێراقن دەستبەجێ ئەو دوو وڵاتە جێبهێڵن، هاوکات داوای کردووە کە لە ئێستادا هاووڵاتییانی بەحرێنی گەشت بۆ ئەو دوو وڵاتە نەکەن. وەزارەتی دەرەوەی بەحرێن لە بەیاننامەیەکدا داوای لە هاووڵاتییانی وڵاتەکەی کردووە کە لە ئێستادا گەشت بۆ ئێران نەکەن و هۆکارەکەیشی گەڕاندووەتەوە بۆ ئەو ناساقەمگیرییەی کە ناوچەکە پێیدا تێپەڕدەبێت و هاوکات ڕایگەیاندووە کە ئەم داوایەی بەهۆی ئەو مەترسی و هەڕەشانەیە کە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لە بەیاننامەکەدا جەخت لە پێویستی گرتنەبەری ئەوپەڕی هەستیاریی و ئاگاداربوون کراوەتەوە. وەزارەتی دەرەوەی بەحرێن داوای لە هاووڵاتییانی وڵاتەکەی کردووە ئەوانەی کە لە ئێستادا ئێران و عێراقن دەستبەجێ ئەو دوو وڵاتە جێبهێڵن دەستبەجێ ئەو دوو وڵاتە جێبهێڵن، لە پێناو پاراستنی ئاسایش و سەلامەتییان.

غەفوور مەخموری بۆ ڕادیۆی ئوردەن:

کوردستان قۆناغە سەختەکانی دەربازکردووە و بەرەو دواڕۆژێکی گەش هەنگاو دەنێت



غەفوور مەخموری سکرتێری گشتیی YNDK لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕادیۆی ئوردەن باسی لە ڕەوشی کوردستان و عێراق کرد و گوتی کوردستان قۆناغە سەختەکانی دەربازکردووەو بەرەو دواڕۆژێکی گەش هەنگاو دەنێت. ئێوارەی ڕۆژی شەممە 2019/5/18 غەفوور مەخمووری لە لایەن ڕاگەیاندنکاری ناسراوی ئوردەن و بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی ڕادیۆی ئوردەن (فەزڵ معارک) بۆ بەرنامەیەکی تایبەتی ڕادیۆی ئوردەن سەبارەت بە ڕەوشی کوردستان و عێراق میواندارى کرا و، لە گفتوگۆیەکی فراوان سەبارەت بە ڕەوشی کوردستان و عێراق تیشکی خستە سەر دوا گۆڕاکاری و پێشهاتە سیاسییەکان و، سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی کوردستان گوتی: هەموو لایەک باش ئەوە دەزانن کەوا باشووری کوردستان خاوەن پێگەو ڕۆلی سیاسی خۆیەتی و سەرەڕای ئەو گرفت و ئاستەنگانەی بۆی دروستکراو دروستدەکرێت بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت، کوردستان قۆناغە سەختەکانی دەربازکردووەو بەرەو دواڕۆژێکی گەش هەنگاو دەنێت، وڵاتانی جیهانیش ئێستا خوێندنەوەی نوێیان بۆ ڕۆڵ و کاریگەری کوردستان لە ناوچەکەدا هەیە و مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا دەکەن. غەفور مەخموری ڕاشیگەیاند: بە هەوڵ و تێکۆشان و سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک مەسعود بارزانی ئەو گەمارۆ دبلۆماسییەی لەسەر کوردستان بوو تێکشێنراوە و، کوردستان بۆتە وێستگەیەکی دیبلۆماسی گرنگ و وڵاتان بە بایەخەوە مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکەن. لە دریژەی چاوپێکەوتنەکەدا مەخموری ئەوەشی گوت کەوا زۆربەی ئەو شاندانەی دێنە وڵاتانی ناوچەکەو بەغدا سەردانی کوردستانیش دەکەن، لەبەرئەوەی دەزانن کوردستان ڕۆڵی کاریگەری خۆی دەبێت لەو گۆڕانکاری و پێشهاتانەی کەوا لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن.

بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە:

پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمەریکا زۆر پتەوە

هاوپەیمانان و ئەمەریکا دەیانەوێ هێزی پێشمەرگە زیاتر بەهێز بکرێت و کوردستان ببێتە خاوەن یەک هێزی سەربازی



قائید میرۆ: بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، بڕیاری دەستپێکردنی مەشق و ڕاهێنان بە هێزی پێشمەرگە لەلایەن ئەمەریکاوە دەرچووە و دەشڵێ، هاوپەیمانان و ئەمەریکا بە تایبەت، دەیانەوێ هێزی پێشمەرگە زیاتر بەهێز بکرێت و کوردستان ببێتە خاوەن یەک هێزی سەربازی. لیوا بابەکر فەقێ ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی داتا و زانیاری لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بە خەباتی ڕاگەیاند: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە ماوەی 3ڕۆژ دەخایەنێت تێبینی و ڕەخنەکانی خۆیان دەربارەی لیستی کاندیدەکان بنووسن.

دەرچووە، پێمان وایە بەردەوامیش دەبن لە کارەکانیان، بە تایبەتی ئەمەریکا زۆر تامەزرۆی ئەوەیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەک بخرێت و لەو ڕووەوە ئەمەریکا هاوکاریی هەرێمی کوردستان دەکات. بەرپرسەکەی وەزارەتی پێشمەرگە، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاشیگەیاند: لە کۆبوونەوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا، بڕیار لەسەر مەشقپێکردنی لیواکانی سەر بە وەزارەت دەدرێت، ئێمە لە ڕابردوودا سوودی زۆرمان لە هاوکارییەکانی هاوپەیمانان وەرگرتووە، بە تایبەتی هەماهەنگی و پەیوەندیی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و ئەمەریکا زۆر پتەوە و ئەمەریکا دەیەوێ هێزی پێشمەرگە بەهێزتر بکرێت. بە گوتەی لیوا بابەکر، هاوپەیمانان لە هەوڵدان لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسی و هەردوو یەکەی 70 و 80ی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی لە ساڵی نوێدا ئەوانیش یەک بگرنەوە و بکەونە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

سەرۆکی لێژنەیەکی پەرلەمان:

ئەمەریکییەکان بەڵێنیان دا هەرگیز کوردستان جێنەهێڵن



سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد، ئەمەریکا لە ڕێگەی نوێنەرایەتیی فەرمیی خۆیەوە، بە هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاندووە، "هەرگیز بەجێتان ناهێڵێن."

دوێنێ یەکشەمە 19ی 5ی 2019لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بانگهێشتی لێژنەکە کرد، بە مەبەستی وەرگرتنی ڕوونکردنەوە لەبارەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

لەمبارەیەوە ڕێبوار بابکەیی، سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمان لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕوونی کردەوە: ڕوونکردنەوەکانی فەلاح مستەفا دلخۆشکەر بوون. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان بە فەلاح مستەفای ڕاگەیاندووە: ئەمەریکا هەرگیز هەرێمی کوردستان جێناهێڵێت." باسیشی لەوە کرد کە "بڕیارەکانی ئەمەریکا کاریگەربیان لەسەر هەرێمی کوردستان نابێت ."بە گوتەی سەرۆکی لێژنەکەی پەرلەمانی کوردستان، ڕاگرتنی قیزا بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی کاتییە و تەنانەت مەشق و ڕاهێنانەکانی پێشمەرگەش دەست پێ دەکەنەوە.

بەغدا هێزێکی دیکەی تایبەت بە شنگال پێکدێنێت

کاوە خەتاری: هەموو ئەو هێزانەی ئێستا لە شنگالن، هێزی نایاسایین



بڕیارە لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە هێزێکی دیکەی تایبەت بە شنگال پێکبێت. چالاکێکی کوردی ئێزدیش دەڵێ، جگە لە هێزی پێشمەرگە هەبوونی هەر هێزێکی دیکە ڕەوشی ناوچەکە ئاڵۆزتر دەکات. کاوە خەتاری، سەرۆکی ڕێکخراوی جڤین، تایبەت بە کوردانی ئێزدی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بڕیارە هێزێکی نوێ بۆ دەڤەری شنگال پێکبێت، زۆر هێزی عێراقی لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هێزێکی دیکەی تایبەت بە شنگال، بەڵام پێم وایە بەهۆی زیادبوونی هێزی سەربازییەوە ڕەوشی ناوچەکە زیاتر ئاڵۆز دەبێت، چونکە هەموو ئەو هێزانەی ئێستا لە شنگالن، هێزی نایاسایین.

سەرۆکی ڕێکخراوی جڤین دەشڵێت: هەر هێزێک لە عێراق هەبێت پشکی لە شنگالدا هەیە، واتە هەموو لایەنەکان بەگوێرەی قەبارەی خۆیان دەستیان خستووەتە نێو ڕەوشی شنگالەوە. هەبوونی هەر هێزێک لە شنگال، جگە لە هێزی پێشمەرگە، زیان بە کوردانی ئێزدی دەگەیەنێت. کاوە خەتاری ئاماژەی بەوەش کرد: نووسینگەی کاروباری کوردانی ئێزدی لە شاری مووسڵ دەکرێتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران و چالاکانی دەڤەری شنگال داوایان لە سەرۆکوەزیرانی عێراق کردبوو، ئەوانیش ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن، بەڵام پێویستە نووسینگەکە سەر بە حکوومەتی فیدراڵ بێت و نابێت هیچ هێزێک دەست بخاتە نێو نووسینگەکەوە و وەک حکوومەت خزمەتی کوردانی ئێزدی بکات.

بەغدا دوو لیوای دیکەی پۆلیسی فیدراڵیی ڕەوانەی سنووری کەرکووک کردووە

پەرلەمانتارانی کورد لەم هەنگاوە بەگومانن



حکوومەتی عێراق بە بیانووی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش دوو لیوای تازەی پۆلیسی فیدراڵیی ڕەوانەی سنووری کەرکووک کردووە، بەڵام پەرلەمانتارانی کورد پێیان وایە ئامانجی حکوومەتی عێراق تەنیا بەرەنگاربوونەوەی داعش نییە و لێی بەگومانن.

پەرلەمانتارانی کورد لەم هەنگاوەی حکوومەتی عێراق بەگومانن و پێیان وایە هەناردنی ئەو دوو لیوایەی پۆلیسی فیدراڵی عێراق هاوکاتە لەگەڵ دەسپێکردنی فراوانی پرۆسەی تەعریبکردنەوە لە سنووری کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

لەمبارەوە دیار بەرواری، پەرلەمانتاری پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕایگەیاندووە "ئەمە جێگەی گومانە و دەبێ بە زووترین کات سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق بێنە سەر خەت و لێژنەی تایبەت بە جێبەجێکردنی مادەی 140 کارا بکرێتەوە، چونکە ئەو ناوچانە ماوەیەکی زۆر لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوون و ئارامییان تێدا بوو، بەڵام ئێستا دەیانەوێ ناوچەکە تێک بدەن و لەڕێگەی هێزی سەربازییەوە بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بێن و هەموو دەزگا ئەمنییەکانی پۆلیس و سوپا و بە هاوکاری پاریزگاری سەپێندراو لە هەولێ تەعریبکردنەوەی سنووری کەرکووک دان و ڕەوشەکە ناجێگیرە".

زانیارییەکان ئەوە دەردەخەن لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە سنووری کانی دووبز و خانەقین و گوندەکانی دیکەی کەرکووک بە شەوانە عەرەبی هاوردە بە دەڕاسە گەنم و دەغڵ و دانی جووتیارانی کوردیان دووریوەتەوە و هاوکات ئاگریان تێبەردراوە و لە سنووری خانەقینیش لە یەک هەفتەدا چوار کەسیان شەهید کردووە.

ئێران لە بۆرسەی خۆیدا نەوت بە 67 دۆلار دەفرۆشێت

ئیدارەی ئێران بەهۆی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لە لایەن ئەمەریکاوە ڕووبەڕووی کێشەی فرۆشتنی نەوت بووەتەوە و لە ئەنجامی ئەمەش ئامادەکاری دەکات بۆ خستنەڕووی دوو ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو لە بۆرسەی وزەی ئێران، کە بۆ هەر بەرمیلێک داوای 67 دۆلار دەکات.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ئیرنای فەرمی ئێران، نوێنەری وەزارەتی نەوت لە بۆرسەی وزەی ئێران، ئەمیر حوسێن تەبەنیانی ڕایگەیاندووە کە دوو میلۆن بەرمیل نەوتی خاو لە 21ی ئایار بە 67 دۆلار و 28 سەنت لە بۆرسەی وزەی ئێران دەخەنەڕوو. وەزارەتی نەوتی ئێران بۆ یەکەمین جار لە 28ی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی بە 74 دۆلار و 85سەنت لە بۆرسە خستەڕوو، هاوکات بۆ جاری دووەمیش لە 11ی تشرینی دووەم 700 هەزار بەرمیلی نەوتی بە 64 دۆلار و 97 سەنت خستبووەڕوو. ئێران سەدا 20ی مامەڵەکەی بە تومەن و سەدا 80ی بە دراوی بیانی ئەنجامدابوو.





کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی دەیەوێت تۆمارێکی نوێی دەنگدەرانی هەبێت

بەڕێوەبەری گشتیی داتا و زانیاری لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بە خەباتی ڕاگەیاند: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بەهاوکاری تیمی یۆنامی وەرک شۆپێک بۆ چۆنیەتی تۆماری دەنگدەران ڕێکەوتن کە ماوەی 3ڕۆژ دەخایەنێت تێیدا شرۆڤەی چۆنیەتی تۆماری دەنگدەران لەو وڵاتانەی دەنگدانی تێدا دەکرێت و ئاسەتەنگ و قۆناغەکان تاوتوێ دەکرێت و کۆمسیۆن چۆن سوود لە ئەزموونی ئەوان وەردەگرێت. گوتیشی: گرنگە وەک کۆمسیۆن لەڕێگای سیستەمێکەوە تۆماری خۆمان هەبێت بۆیە لەم قۆناغە دیراسەی ئەو حالەتانە دەکەین کۆمسیۆن لە قۆناغی ئەو پرسەدایە کە چۆن شێوەی تۆماری دەنگدەران دروست بکات بەمەبەستی تۆماری دەنگدان، بۆ ئەمەش پێویستیمان بەهەماهەنگی زۆرە لەگەڵ ڕێکخراوەکان و حزبە سیاسییەکان. ئەو بەرپرسیەی کۆمسیۆن ئەوەشی خستە ڕوو، هەنگاو بەهەنگاو ئەوە دەنێین کە کۆمسیۆن تۆماری خۆی هەبێت و جێگای متمانەی خەڵک بێت.

خەبات
www.xebat.net
دوو شەممە 2019/5/20 ژمارە (5753)

کۆمارییەکانی کۆنگرێس لەگەڵ ئەوەنین جەنگ دژی ئێران بەرپا بکرێت

راوێژکاری پارتی کۆمارییەکانی ئەمەریکا بۆ (خەبات): شەڕی دژ بە ئێران پێویستی بە ڕەزامەندی کۆنگرێسە

زەردەشت بابان: لە عێراق مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانمان هەیە و لەوە ئاگادارکراوینەتەوە



زەردەشت بابان، راوێژکاری پارتی کۆمارییەکانی ئەمەریکا لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ(خەبات) دەڵێ" شەڕ دژ بە ئێران پێویستی بە 60 دەنگی کۆنگرێسە، بەڵام پارتەکەمان 54 دەنگی لە کۆنگرێس هەیە". دەشڵێت" بەشێک لە ئەندامانی پارتی کۆمارییەکانیش لەگەڵ ئەوە نین جەنگی دژ بە ئێران بەرپا بکرێت". لەبارەی هەڵبژاردنەکانی 2020ی سەرۆکایەتی ئەمریکا و هەڵبژاردنەوەی ترامپ، ناوبراو دەڵێ" هەموو هەوڵێک بۆ ئەوەیە ترامپ نەبێتەوە بە سەرۆک، بەڵام کۆمارییەکان بە قورسی کار لەسەر ئەوە دەکەن لە هەڵبژاردنەکەدا براوەبن". زەردەشت بابان لەم گفتوگۆیەدا سەبارەت بە چەند پرسێکی تایبەت بە(ئێران و عێراق، پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ڕووسیا و چین، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، جۆلە سەربازییەکانی چەند هەفتەی ڕابردووی ئەمریکا لەناوچەکەدا) چەند پرسێکی دیکە دەدوێت.

گفتوگۆی/عەلی پانیشاری

"شەڕی دژ بە ئێران پێویستی بە ڕەزامەندی کۆنگرێسە"

زەردەشت بابان دەڵێ" ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت شەڕ دژی ئێران بەرپا بکات ڕۆژە کەس لە واشنتۆن شەڕی دژی ئێرانیان دەوێت، بەڵام کێشەیەکی یاسایی هەیە". ئەو لەو بارەیەوە زیاتر دەڵێت" ئەگەر ئەمەریکا یان سەرۆکی ئەمەریکا بڕیاری جەنگیدا ئەوا بەپێی دەستووری وڵات دەبێت کۆنگرێس ڕەزامەند بێت لەسەر بڕیارەکە، بەڵام ئەگەر کۆنگرێس دەنگی نەدا، سەرۆکی ئەمەریکا بۆی هەیە بۆ ماوەی 30-60 ڕۆژ هێز بەکاربهێنێت، بەڵام پاش ئەو ماوەیە دیسان پێویستە 60 ئەندامی کۆنگرێس بەبەڵێ بڕیارەکە پەسەند بکەن، ئەگینا بێتەوە". ناوبراو دەڵێ" لە ئەمەریکا دەستور بنەمای ژیانە و کەس بۆی نییە سەرپێچی دەستور بکات، کەواتە قورسە لەئێستادا بڕیاری شەڕێکی لەو شێوەیە بدرێت، ئەوەی هەیە لەبارەی جەنگی دژە بە ئێران کێشەی یاساییە نەک کێشەی سیاسی و سەربازی". هەروەها گوتیشی" هەرکات زیان لە بەرژەوەندیەکانمان بدرێت ئەوا ئەمەریکا بێ دوو دڵی جەنگ بەرپا دەکات و سەرۆک ترامپیش پێشتر ئەوەی وتووە".

ئەمەریکا لەگەڵ ئێران ڕێکدەکەوێت؟

لەبارەی ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران؟ زەردەشت بابان دەڵێ" ئەمەریکا نیازی ئەوەی نییە ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران بکات، کاتێک سەرۆک ترامپ دەڵێت بڕیارەکە دەکەوێتە دەرەوەی یاسا و دادگا دەتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆک و تەنانەت پارتەکە سەرۆکیش بکات".

ئەو ڕاوێژکاری پارتی کۆمارییەکانی ئەمەریکا باس لەوەشدەکات ئەوان لە کۆنگرێس تەنها 54 کورسیان هەیە و 6 کورسی دیکەشیان پێویستە تا بتوانن بڕیاری جەنگی دژی ئێران پەسەند بکەن. زەردەشت بابان دەشڵێت" ئێمە نەک ناتوانین ئەو 6 ئەندامەش بهێنینە بەرەی خۆمان، بەڵکو بەشێک لە ئەندامانی پارتەکەی خۆشیمان لەگەڵ ئەوە نین کە بڕیاری جەنگ بدرێت". لە ئەمەریکا کاتێک باسی شەڕی ئێران دەکرێت، هەمووان لەڵین نابێت ئەوەی لە عێراق ڕوویدا دووبارە بێتەوە". ناوبراو دەڵێ" لە ئەمەریکا دەستور بنەمای ژیانە و کەس بۆی نییە سەرپێچی دەستور بکات، کەواتە قورسە لەئێستادا بڕیاری شەڕێکی لەو شێوەیە بدرێت، ئەوەی هەیە لەبارەی جەنگی دژە بە ئێران کێشەی یاساییە نەک کێشەی سیاسی و سەربازی". هەروەها گوتیشی" هەرکات زیان لە بەرژەوەندیەکانمان بدرێت ئەوا ئەمەریکا بێ دوو دڵی جەنگ بەرپا دەکات و سەرۆک ترامپیش پێشتر ئەوەی وتووە".

ئەمەریکا لەگەڵ ئێران ڕێکدەکەوێت؟

لەبارەی ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران؟ زەردەشت بابان دەڵێ" ئەمەریکا نیازی ئەوەی نییە ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران بکات، کاتێک سەرۆک ترامپ دەڵێت بڕیارەکە دەکەوێتە دەرەوەی یاسا و دادگا دەتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆک و تەنانەت پارتەکە سەرۆکیش بکات".

ئەو ڕاوێژکاری پارتی کۆمارییەکانی ئەمەریکا باس لەوەشدەکات ئەوان لە کۆنگرێس تەنها 54 کورسیان هەیە و 6 کورسی دیکەشیان پێویستە تا بتوانن بڕیاری جەنگی دژی ئێران پەسەند بکەن. زەردەشت بابان دەشڵێت" ئێمە نەک ناتوانین ئەو 6 ئەندامەش بهێنینە بەرەی خۆمان، بەڵکو بەشێک لە ئەندامانی پارتەکەی خۆشیمان لەگەڵ ئەوە نین کە بڕیاری جەنگ بدرێت". لە ئەمەریکا کاتێک گوتیشی" هەرکات زیان لە بەرژەوەندیەکانمان بدرێت ئەوا ئەمەریکا بێ دوو دڵی جەنگ بەرپا دەکات و سەرۆک ترامپیش پێشتر ئەوەی وتووە".

ئەمەریکا لەگەڵ ئێران ڕێکدەکەوێت؟

لەبارەی ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران؟ زەردەشت بابان دەڵێ" ئەمەریکا نیازی ئەوەی نییە ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران بکات، کاتێک سەرۆک ترامپ دەڵێت بڕیارەکە دەکەوێتە دەرەوەی یاسا و دادگا دەتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆک و تەنانەت پارتەکە سەرۆکیش بکات".

ئەو ڕاوێژکاری پارتی کۆمارییەکانی ئەمەریکا باس لەوەشدەکات ئەوان لە کۆنگرێس تەنها 54 کورسیان هەیە و 6 کورسی دیکەشیان پێویستە تا بتوانن بڕیاری جەنگی دژی ئێران پەسەند بکەن. زەردەشت بابان دەشڵێت" ئێمە نەک ناتوانین ئەو 6 ئەندامەش بهێنینە بەرەی خۆمان، بەڵکو بەشێک لە ئەندامانی پارتەکەی خۆشیمان لەگەڵ ئەوە نین کە بڕیاری جەنگ بدرێت". لە ئەمەریکا کاتێک گوتیشی" هەرکات زیان لە بەرژەوەندیەکانمان بدرێت ئەوا ئەمەریکا بێ دوو دڵی جەنگ بەرپا دەکات و سەرۆک ترامپیش پێشتر ئەوەی وتووە".

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ ترامپ بە بەرپاکردنی جەنگ دژە بە ئێران دووبارە هەڵی ئەوە پێ دەدرێتەوە بێتەوە". ناوبراو دەڵێ" لە ئەمەریکا دەستور بنەمای ژیانە و کەس بۆی نییە سەرپێچی دەستور بکات، کەواتە قورسە لەئێستادا بڕیاری شەڕێکی لەو شێوەیە بدرێت، ئەوەی هەیە لەبارەی جەنگی دژە بە ئێران کێشەی یاساییە نەک کێشەی سیاسی و سەربازی". هەروەها گوتیشی" هەرکات زیان لە بەرژەوەندیەکانمان بدرێت ئەوا ئەمەریکا بێ دوو دڵی جەنگ بەرپا دەکات و سەرۆک ترامپیش پێشتر ئەوەی وتووە".

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا


لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ ترامپ بە بەرپاکردنی جەنگ دژە بە ئێران دووبارە هەڵی ئەوە پێ دەدرێتەوە ژمارە تەلەفۆنەکەم بدەن بە ئێرانییە، تەنها لەبەر ئەوەیە کە لە ناوخۆیی ئەمەریکا نەڵێت کۆمارییەکان شەڕیان دەوێت، چونکە زۆرجار ئێمە بەوە تۆمەتبار دەکرێین کە بۆیە ئێمە بەدوایی ئەوەوەین کە لە ئێران بدەین، مەبەستی ترامپ لەو قسەیەی کە کردوویەتی ئەوەیە کە ئێمە شەڕ خوازنین".

سەبارەت بە بەردەوامی ئابڵوقە ئابووریەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران؟ ناوبراو دەڵێت" ئەمەریکا کار لەسەر لاوازبوونی ئابووری ئێران دەکات و لەئێستاشدا ئامانجەکەی پێکاوە، لە داهاتوویشدا ئابووری ئەو وڵاتە لاوازتر دەبێت و چەندین وڵاتی دیکەش ئامادە نابن بارزگانی لەگەڵ ئێران بکەن".

ئەو ئاماژەی بەوەشدا گەمارۆ ئابووریەکانی سەر ئێران کاریگەی لەسەر لاوازبوونی حکوومەتی ئەو وڵاتە دەبێت و نارەزایەکانیش لە نێوخۆی وڵات زیاتر دەبن و خەڵکی ئێران فشار بۆ سەر حکوومەت دروست دەکەن".

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ ترامپ بە بەرپاکردنی جەنگ دژە بە ئێران دووبارە هەڵی ئەوە پێ دەدرێتەوە



زەردەشت بابان، ڕاوێژکاری پارتی کۆمارییەکانی ئەمەریکا

بە چڕی کار لەسەر ئەوە دەکرێت ترامپ دووبارە نەبێتەوە بە سەرۆک

هەرکاتێک دەستدێژی بکرێتە سەر بەرژەوەندییەکانمان بڕیاری جەنگ دەدەین

خەڵکی ئەمەریکا ڕازی نەبن لە سیاسەتی ناوخۆ ئەوا ترامپ هەڵنابژێدرێتەوە.

ئەو ڕاوێژکاری پارتی کۆمارییەکان ئایشارێتەوە لەناوخۆی ئەمەریکا پارتەکەیان کێشەی ڕازیکردنی خەڵکی هەیە و دەڵێ" ئەگەر بێت و بەم شێوەی ئێستا بڕۆین و نەتوانین مەسیجەکانمان بەشێوەیەکی باشتر بگەیەنین، بێگومان لە هەڵبژاردنەکانی 2020 کێشەی گەورەمان دەبێت". زەردەشت بابان دەشڵێت" من تا ئەم دەقەیە یەکێکم لەوانەی لەو کەمپەینەی کە دەیکەین ڕازی نیم، چونکە مەسیجە ئابوورییەکانمان بەباشی نەگەیشتووە و هێشتا بێکاری لە وڵات زۆرە، ئەمە بێ لەوەی کێشەی پەنابەرانمان هەیە و خەڵکی ئەمەریکا لەگەڵ هاتنی پەنابەران نین".

"لە ئەمەریکا و ئەوروپاش کەس هاوڕێی کۆمارییەکان نییە"

سەبارەت بە پشتگیری پارتی کۆمارییەکان لەناوخۆی ئەمەریکا بۆ هەڵبژاردنەکانی 2020 زەردەشت بابان دەڵێ" لە ڕاستیدا بۆ هەڵبژاردنەکانی 2020کەس هاوڕێی کۆمارییەکان نییە تەنانەت لە ئەوروپاش پڕوپاگەندەی دژە بە ترامپ هەیە و باسی خراپییەکانی سەرۆک دەکرێت". دەشڵێت" میدیایی ئەوروپی بە چڕی ئیش لەسەر ئەوە دەکەن ترامپ نەبێتەوە سەرۆک، لە کاتێکدا کەنالەکانی ئێمە باسی ئەوان دەکەن کە ئەوەندە تەلەفزیۆنی سویدیش، لە کاتێدا زۆربەی خەڵکی ئەمەریکا نازانن سوێد لە کوێیە. وڵاتانی وەکو چین و ئەفریقیا و چەند وڵاتێکی تریش گرەو لەسەر ئەوە دەکەن ترامپ هەڵنەبژێدرێتەوە، چونکە سیاسەتی ترامپ سوودی بۆ چین و ئەفریقیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمەریکای باکوور نییە".

جموجۆڵە سەربازییەکانی ئەمەریکا

سەبارەت بە جۆڵە سەربازییەکانی چەند هەفتەی ڕابردووی ئەمەریکا؟ زەردەشت بابان گوتی: جوڵە سەربازییەکانی ئێم دوایەی ئەمەریکا ئاسایی، چونکە پێشتر ئەو بڕیارە هەبووە کە یەکێک لە گەشتیە گەورەکانی لە دەریای ناوەڕاستەوە بهێنرێتە ناوچەکە، بەڵام تەنها کاتەکەی دوو هەفتە پێش خراوە، ئەگەر گرژی نێوان ئەمەریکا و ئێرانیش نەبوایە هەر کەشتیەکان دەهاتن. لەبارەی پەیوەندیەکانی ئەمەریکا و ڕووسیا و چین؟ ناوبراو دەڵێت: پەیوەندیان لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە لەسەر چەند پرسێک باش نییە.

هەفتەی ڕابردوو حکوومەتی ئەمەریکا بڕیاریدا کە قیزا بۆ عێراق ڕابگیرێت و داواشیکرد هاوڵاتیانی ئەمەریکا گەشت بۆ عێراق نەکەن. پرسیاری ئەوەمان لە زەردەشت بابان کرد کە ئاخۆ لە عێراق مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا هەیە؟ لەوەڵامدا گوتی: بەڵێ مەترسی هەیە، هەر ئەوەیش وایکردووە حکوومەتی ئەمەریکا قیزا ڕابگرێت و داوا لە هاوڵاتیانی بکات گەشت بۆ ناوچەکە نەکەن، ئێمە لە مەترسییەکان ئاگادارکراوینەتەوە و هەر کاتیش مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانمان هەبێت بڕیارێکی لەو شێوەیە دەدەین، وەکو چۆن پێشتر بڕیارێکی لەو شێوەیەمان لە تورکیا و مەکسیک و چەند وڵاتێکی



جێگری بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی کشتوکاڵی سلێمانی، ڕزگار محەمەد خدر: نزیکەی 60 هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی لە سنووری پارێزگای سلێمانی ژێرئاو کەوتوون، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر ڕشت و جۆرێتی دانەوێلە لە هەرێمی کوردستان.

خەبات: سلێمانی



جێگری بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی کشتوکاڵی سلێمانی، ڕزگار محەمەد خدر: "جیاواز لە سی ساڵی ڕابردوو ئەمساڵ لە سنووری پارێزگای سلێمانی نزیکەی هەزار و 300ملم باران باریوە و لە چەندین ناوچەی تر گەیشتووە زیاتر لە هەزار و 700ملم، کاریگەری ئەو باران بارینە زۆرەش لایەنی ئیجابی و سلبی هەبووە لەسەر کەرتی کشتوکاڵ، بەجۆرێک لایەنی سلبی هەبووە لەسەر کەرتی دانەوێلە بەتایبەتی و قۆناغی پێگەیشتنی دواخستووە و زیانی زۆر بەر بەشێکی ئەو زەوییانە کەوتووە کە گەنم و جۆیان تیادا کرابوو ، ئەو زەوییانەش بەشێکیان ژێرئاو کەوتون و بەشەکەی تریش ڕووبەڕووی نەخۆشی و زیان بوونەتەوە".

ڕزگار محەمەد خدر گوتیشی: جگە لە زیانەکانی سەر دانەوێلە لە سەوزە و میوەش پێگەیشتنی بەشێکی بەرهەمەکانمان دوا کەوتووە و بە هۆی باران بارینی زۆر و ڕەشەباوە زیانیان پێگەیشتووە و بەشێکی زۆری بەرەکانیان وەریون.

ئەو هەروەها گوتی: "نزیکەی 60 هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی لە سنووری پارێزگای سلێمانی ژێرئاو کەوتون و بە زەویە ژێرئاوەکان ناسراون، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر ڕشت و جۆرێتی دانەوێلە لە هەرێمی کوردستان.

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سلێمانی لە هەمانکاتدا ئاماژەی بەوەش کرد، باران بارینی زۆری ئەمساڵ لایەنی ئیجابیشی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ هەبووە و لە قەیرانی وشکە ساڵی و کەمبوونەوەی مەترسی کەمکردنەوەی ئاوی ڕووبارەکان ڕزگاریان بووە، هەروەها ئەمساڵ دەشت و کێوەکان لەوەڕگایەکی زۆریان هەیە و دەتوانن سوودی گەورەیان لێوەر بگرن بۆ ئاژەڵداری.

وریا عەلی جووتیارێکی دەشتی شارەزوورەو بەشی زۆری زەوییە کشتوکاڵییەکەی بووە بەژێرئاوی دەریاچەی دەربەندیخانەوە، ئەو کە لە نزیک زەوییەکەی وەستابوو ئاماژەی کرد بەوەی بەشی زۆری ئەو زەویانەی دەشتی شارەزوور کە نزیکن لە ئاوی دەریاچەکەوە ئەمساڵ بە هۆی زۆری بارانبارین و هەستانی ئاوی دەریاچەکەوە ژێر ئاوکەوتوون و زیانی گەورەیان بە جووتیاران گەیاندووە، بەجۆرێک تەنها وریا خۆی 50 دۆنم زەوی کە بە دانەوێلە چاندبووی ژێرئاو کەوتووە.

بەرپرسی لقی دوو سەردانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری دەکات



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاریان سەلاحەدین کارگێڕی لق، سەردانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری کرد و لەلایەن جەمیل زەیتۆ سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامانی مەکتەبی سیاسییەوە پێشوازیان لێکرا.

لەو دیدارەدا بەرپرسی لقی دوو وێڕای پیرۆزبایی لێکردنیان بەبۆنەی 12 ساڵەی دامەزراندنیان، جەختی لە پێکەوەژیانی ئاشتیانەی پێکهاتە و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە کوردستان کردەوە و دووپاتی کردەوە کە یەکڕیزی و تەبایی دەمانگەیەنێتە ئامانجە گەورەکە کە سەربەخۆیی و ئازادی یەکجارەکی کوردستانە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سەردانەدا بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و دڵنیایی دا لەوەی قۆناغێکی نوێ لە پرۆسەی ئاوەدانی و پێشوەچوون دەستپێدەکات.

بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە:
نۆژەنکردنەوەی ڕێگاکانی کوردستان 30 ملیار دیناری پێویستە



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
دوای ئەوەی وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان کۆبوونەوەی ئەنجامدا باس لە چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان کرا و تیایدا هەر یەکە لە وەزیرانی ئاوەدانکردنەوە و وەزیری شارەوانی ئامادەبوون، باس لەچارەسەرکردنی ڕێگاوبانەکان کرا و بڕیار درا بە زووترین کات بودجەی پێویست بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان دابین بکرێت لەمبارەیەشەوە سدقی ئامێدی، بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ڕونیکردەوە: حکوومەتی هەرێم سوورە لەسەر نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان و لەئیستادا لەو پێشینانەی کە مانگانە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بومان دەنێرێ ئەو ڕێگایانەی کە زۆر پێویستن ئەوا چاکیان دەکەینەوە و لە سنووری هەولێر بۆ خەبات و سنووری حاجی ئۆمەران دەستمان پێکردووە و چاوەڕوانی بوودجەی پێویسین تا هەموو ڕێگاکانی هەرێم چاک بکەینەوە و کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئاستی باڵا کرۆدوە تا بوودجەی پێویست بۆ هەموو ڕێگاوبانەکان دابین بکرێت و هەر پاریزگایەکی کوردستان پێویستی بە 10 ملیار دینار هەیە و بۆ هەرسێ پاریزگاکە دەکاتە 30 ملیار دینار و چارووپێی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین ڕەزامەندی بدات و دەست بە کاری نۆژەنکردنەوەکە بکەین.

هەولێر... هەڵمەتی ڕشاندن و دووکەڵ بۆ قڕکردنی پێشکە و مێرووڵە دەستی پێکرد

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
فاخیر کرمانجی گوتەبێژی تەندروستی هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: بۆ نەهێشتنی مێش و پێشکە و مێرووڵە، و هەروەها ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گواستراوەکان، تیمەکانی تەندروستی هەولێر هەڵمەتێکی ڕشاندنیان بۆ ناو شار و شارۆچکە و شارە دێیەکانی دەوروبەری هەولێر لە زەلکاو و شوێنی ئاژەڵان و کوچە و کۆڵانەکان و گەڕەکەکان ئەنجامدا. شایانی باسە لەو هەڵمەتەدا دەرمانی تایبەت بۆ ئەو ڕشاندنە ئامادەکرابوو و هەڵمەتەکەش بەردەوامی هەیە.

لە زبڵخانەی کانی قرژاڵە هەزار نەمام چێندرا

خەبات ـ سەید فەخرەدین:
بەمەبەستی پاکڕاگرتنی ژینگە و بە ئامادەبوونی نەوزاد هادی، پاریزگاری هەولێر و ئەندازیار سامان محەمەد بڵباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر و ژمارەیەک لە بەڕێوبەر و کارمەندانی شارەوانی و دەزگا و ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان لە زبڵخانەی کانی قرژاڵە، هەڵمەتێکی نەمام چاندن ئەنجامدرا و تیایدا وەکو قۆناغی یەکەم هەزار نەمام چاندرا.

ئامانجیش لە هەڵمەتەکە زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی و پاراستنی ژینگەی شارە بە گشتی و پاکڕاگرتنی دەوروبەری زبڵخانەی کانی قرژاڵە بەتایبەتی دەربارەی هەڵمەتی نەمام چاندن لەو شوێنە ئەندازیار سامان محەمەد سەرۆکی شارەوانی هەولێر ڕوونیکردەوە: ماوە ماوە ئەو جۆرە هەڵمەتانە ئەنجام دەدەین و بەردەوامی دەبێت تا ڕێژەی سەوزایی لە پایتەخت یەکەمجار لە زبڵخانەی کانی قرژاڵە دەستی پێکردو چەندین شوێن دیکەش دەگرێتەوە و داوا لە هاوواڵتیان دەکەین کە هاوکارمان بن لەو هەڵمەتە تا ڕێژەی سەوزایی زیاتر بێت.





بەرپرسێ لقا ئێک پێشوازیا مەتران ڕەبان ئەلقەس کر

سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا مەتران ڕەبان ئەلقەس کر. مەترانێ کەنیسەییێن دهوک – زاخو – ئامێدییێ، درینشتنەکێ دا مەتران ڕەبان پیروزباهیا خەلکێ دهوکێ و کوردستانێ کر ب هەلکەفتا هاتنا هەیڤا ڕەمەزانا پیروز و هیڤی خواست ئەڤ هەیڤە هەیڤا خێر و بەرەکەتێ بیت بۆ هەمی خەلکێ کوردستانێ. بڤێ پێکڤەژیانا هەیی ل کوردستانێ ئەم شیاینە ب ئازادانە بوون و هەلکەفتێن خوە بگێرین و بڤێ تەبایی و ئێک ڕیزیا دناڤبەرا مەدا هەیی ڕۆژ بۆ ڕۆژێ کوردستانێ جوانتر بکەین، بەرپرسێ لقێ سوپاسی و بخێرهاتنا مەتران ڕەبانی کر بۆ ڤێ سەردانێ و گوت ژمێژەیە کوردستانی د کەد و خەباتێ دانە ژ بۆ ئازادی وسەربەستیا گەلێن کوردستانی کرستیان ژی ئێک ژ پێکهاتێن هەری سەرەکی نە دناڤ کوردستانێ دا وان ژی د دەمێ شورەشێ دا مالێن وان حەشارگەها بارەگایێن پێشمەرگا بوون و شیان خزمەتەک هەری مەزن ژبلی روحا خوە ب نان و ئاڤێن خوە ژی پارزینکێن پێشمەرگا تژی بکەن.


بەهای کتێب و هۆکارەکانی کەمخوێندنەوە چین؟

سکرتێری لقی هەڵەبجەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان:
تا ئێستا نەمانتوانیوە سوود لە وەزارەتێک وەربگرین کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە کلتووری خوێندنەوە



خەبات ـ هەڵەبجەی شەهید ـ یوسف هەورامی
ئەگەر سەرنج بدەین لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا خوێندەری کتێب بەجۆرێک کەم بووەتەوە و ڕووی لەکزی کردووە کەسەردانی کتێبخانە گشتی و ئەهلییەکان دەکەیت بەهەزاران کتێب دانراوەو بەردەوام کتێبیتر چاپ دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە، بەڵام زۆرێک لە کتێبەکان تۆزیان لێنیشتووەو کەس نیە بیانخوێنێتەوە.

ئیبراهیم هەورامانی سکرتێری لقی هەڵەبجەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەڵێت: لە وەڵام بەم پرسیارەی ئێوەدا پێویستە هەوڵبدەین بزانین ئەو هۆکارو بەربەستانە چین بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگاچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بدۆزینەوە، کە لە ئێستادا بووەتە جێی سەرنجی هەمووان. دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرسیارەی دواجار وەڵامێکمان بۆ دەخاتەڕوو ئەویش ئەوەیە، ئایا ئێمە وەک کۆمەڵگای کوردی تاچەند توانیومانە هەوڵی گرنگیدان و بە کلتوورکردنی خوێندنەوە بدەین؟ ئایا خوێندنەوە بۆ ئێمە مایەی مەبەست و سەرنجدان بووە؟ ئایا تاچەند لایەنی پەیوەندار هاوکارێکی جدی بووە بۆ ئەوەی پشتیوانی ئێمە لەبەرانبەر بە کلتوورکردنی خوێندنەوە لەکۆمەڵگا بێت؟ بەبڕوای من وەڵامی کۆی ئەم پرسیارانە تا ئەندازەیەکی باش دەتوانن ڕێنیشاندەری جدی بن بۆ ئەوەی بتوانین بەسەر تەواوی کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم بە کلتووریکردنی خوێندنەوەدا زاڵبین، من لێرەدا کۆی وەڵامەکان بۆ خوێنەر خۆی بەجێدەهێڵم بۆ ئەوەی بتوانین بە هەمووماندا بڕۆین و هەوڵی لادانی تەگەرەو کۆسپەکان ببین. ئیبراهیم هەورامانی گوتیشی: بەشێکی دیکەی پرسیارەکەتان، ئێمە بۆ وەڵامێک ڕادەکێشێت کە دەکرێ بڵێین ناتوانین بەجۆرێک وەڵام بدەینەوە، کە بڵێین پرۆسەی بە کلتورکردنی خوێندنەوە لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا مایەی دڵخۆشی یان ڕەشبینی ئێمەیە، ئەوەی لەئێستادا بەدی دەکرێت ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی سست و لاواز بەڕێوەدەچێت، هەرچەندە دەبوو زۆر چالاکانەتر لەپێناو بە کلتورکردنی خوێندنەوەدا هەنگاوەکان جدی بکرایەن، بەهەرحاڵ لێرەوە من دەتوانم ئەوە بڵێم ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە سوود لە وەزارەتێک وەربگرین کە پەیوەندیدارە یان ڕاستەوخۆ لەم مەسەلەیەدا بوونی هەیە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گونجاو و پۆزەتیڤانە سوود لە بەرنامە و کارەکانی ئەو وەزارەتە





پارێزگاری هەولێر سەردانی مەترانیەتی کلێسای ڕۆژهەڵاتی ئاشووری کرد



ڕۆژی 2019/5/19 نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر سەردانی مەترانیەتی کلێسای ڕۆژهەڵاتی ئاشووری کرد و لەلایەن پەترياک مارگۆرگیس سلێوە سەرپەرشتیاری کلێسای ڕۆژهەڵاتی ئاشووری و مەترانە بەڕێزەکانی میوان لە هەرێمی کوردستان و هەولێری پایتەخت پێشوازی لێکرا.

پارێزگاری هەولێر وێڕای هەواڵپرسین لە تەندروستی جەنابی پەترياک مارگۆرگیس سلێوا و میوانەکان، باسی لە ڕەوشی پێکهەوژیان و برایەتی گشت ئاینەکان و نەتەوە جیاوازەکان کرا و کە لە سایەی ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا ژیانی سەرفرازی و ئاسوودەیی و دیموکراسی دەژین، بەشێکی گرنگن لە ژیانی دیموکراسی هەرێمی کوردستان.

هەروەها پیرۆزبایی خۆشی بە جەنابی پەترياکی کلێسای ئاشوری ڕاگەیاند بە بۆنەی کردەنەوەی کلێسای دیانا، هیوای سەرکەوتن و تەندروستی باشی بۆ خواستن.

ڕێز و سوپاس بەخشرایە 69 ڕێنماییکاری پەروەردەیی



ڕۆژی 2019/5/19ی زایینی، دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێز و سوپاسی خۆی ئاڕاستەی ڕێنماییکاری پەروەردەیی و تۆژەری کۆمەڵایەتی سنووری سەرجەم پەروەردەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کرد.

لە مەڕاسیمی ڕێزلێنانەکەدا کە لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو، سامان سوەیلی بەڕێوەبەری تۆژەران لە وەزارەتی پەروەردە، وتەیەکی پێشکەشکرد و باسی چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی تۆژەرانی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو کرد و سوپاسی وەزیری پەروەردەی کرد کە هەردەم پشتیوانی کاروچالاکییەکانیان بووە. دواتر دوو تابلۆی ڕەنگین پێشکەش بە وەزیری پەروەردە کرا، تابلۆیەک بە ناوی سەرجەم تۆژەرانی کوردستان و تابلۆیەک بەناوی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان.

بەرپرسی لقی دوو بازاڕی هەولێر بەسەردەکاتەوە



بۆ ئاگاداربوون لە ڕەوشی ئارامی پایتەخت و جموجۆڵی هاوواڵتیان و کاسبی کاسبکاران، بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەچێتە چایخانەی مەچکۆ و بازاڕی نێوەندی شار کە بە بازاڕی باتا ناسراوە.

ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاری نانەکەلی کارگێڕی لقی دوو و هەڤاڵ عەبدولعەزیز بەرپرسی لیژنەی ناوچەی قەڵات، سەردانی چایخانەی مەچکۆی دامێن قەڵاتی هەولێری کرد و لەگەڵ گەنجان و هاوواڵتیانی دانیشتووی ئەو چایخانەیە، باسی ڕەوشی هاوواڵتیان بەوپەڕی دڵنیاییەوە شەوانی خۆیان بە چێژەوە بەرێ دەکەن، بەتایبەتیش ئەو هاوواڵتییانەی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هاتوون و بە چاوی خۆیان ئەو جیاکاریە لەنێوان هەولێر و شارەکانی دیکەی عێراق ببینن لە بواری ئەمنیدا کە بە هەوڵی پیاوانی ئاسایش و پۆلیس وەدی هاتووە.

لەلایەکی دیکەوە ئەحمەد کانی بازاڕی نێوەندی شاری بەسەر کردەوە کە بە بازاڕی باتا ناسراوە، لەو بەسەرکردنەوەیەدا بەرپرسی لقی دوو لەگەڵ دوکاندار و کاسبکاران لە ڕەوشی بازاڕی پرسیەوە و پێی وابوو دوای چارەسەربوونی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ڕەوشی بازاڕ گۆڕانێکی بەخێرایە دیوە و جموجۆڵێکی باشتری تێکەوتووە.

هەر لەسەردانە مەیدانییەکەدا ئەوەشدا گوتی لە کێشەو گرفتی هاوواڵتیان و دوکاندار و کاسبکارانی گرت و بەڵێنیدا هەموو ئەو کێشانەی کە هەن دەیگەننە لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردن و جەختیشی کردەوە کە حزب پردێکی پەیوەندییە لەنێوان خەڵک و دەسەڵات بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ئاریشەکان.

دەربەندیخان... منداڵێکی یەک ساڵ و نیوی بە هۆی پێوەدانی دووپشک گیانی لەدەست دا



خەبات ـ سەبریە یوسف:

نەخۆشخانەیەکی شارۆچکەی دەربەندیخان، گیان لەدەستدانی منداڵێکی بەهۆکاری پێوەدانی دووپشکەوە لە گوندێکی ناوچەی شەمیران ڕاگەیاند. لەوبارەوە، ئیسماعیل عەبدولڕەحیم، بەرپرسی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتیی شەهید تۆفیق لە شارۆچکەی دەربەندیخان، بە خەباتی ڕاگەیاند: شەوی ڕابردوو منداڵێک هێنرایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەمان، کە دووپشک پێوەی دابوو، پاش چارەسەرکردنی ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی کراوە و لەوێ گیانی لەدەست داوە. گوتیشی: منداڵەکە ناوی ئازیز گۆرانە و تەمەنی یەک ساڵ و نیو بوو، لە گوندی دەنگەوەڕەی ناوچەی شەمیران دووپشک پێوەی دابوو. ئەوەشی خستەڕوو ئەوە یەکەم حاڵەتی پێوەدانی دووپشک بوو لەماوەی مانگی ڕەمەزاندا کە ببێتە هۆکاری مردن.

شێخان... د رویدانەکا هاتنوچونێدا کەسەکی گیانێ خۆ ژ دەست دا

خەبات ـ ئالان شەهاب:

دلشاد محەمەد بەرپرسێ بەشێ ڕاگەهاندنا هاتن و چوونا قەزا شێخان ب خەبات ڕاگەهاند: دوهی ڕێکەفتی 19ی ئایارێ 2019ی لسەر ڕێیا دهۆکێ بۆ موسل رویدانەکا هاتن و چونی دروست بۆ د ئەنجام دا شوفێرێ ترومبێلا تەکسی کوردستان گیانێ خۆ ژ دەست دا بۆ نەخوشخانا ابن سینا موسل هات ڤەگوهاستن. ئەو کەسێ گیانێ خۆ ژ دست دای شوفێرێ ترومێلا تەکسی کوردستان بو ئاکنجیێ پارێزگەها دهوکە.

قایمقامی هەولێر: کاری دەستگێڕی لەنێو بازاڕی هەولێر ڕێک دەخەینەوە

قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، کە دەستیان بەسەر ئەو عارەبانانەدا گرتووە، کە پابەندی ڕێنماییەکانی شارەوانی نەبوونە. دوێنێ یەکشەمە 2019/5/19 نەبەز عەبدولڕەمید، قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر بە کەناڵی کوردستان 24ی ڕاگەیاند: لە درێژەی کار و چالاکییەکانی قایقامیەت بە هاوکاریی شارەوانییەکان لە پرۆسەی ڕێکخستنەوەی ناو بازاڕ، دەستمان بە دەستبەسەرداگرتنی ئەو عارەبانانە کردووە کە پابەندی ڕێنماییەکانی شارەوانی نەبوونە و جەنجاڵییان پەیدا کردووە، ئەو هەڵمەتەشمان لە بازاڕی قەیسەری، بازاڕی شێخەڵا و فلکەی شێخ مستەفا دەست پێکردووە. دەشڵێت: ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەو بازاڕانە جەنجاڵییەکی زۆری تێدابوو و ڕێگای هاووڵاتیان گیرا بوو، بە تایبەت نێو بازاڕی قەیسەری، بەڵام ئێمە لە شوێنی دیکە جێگامان بۆ کردنەوە، بۆ ئەوەی بەردەوامی بە کاسبییەکەیان بدەن. قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر ئەوەشی خستەڕوو: ئێمە زانیاریمان بەدەست گەیشت، کە لە چەند شوێنێکی جیاجیا بە دزییەوە عارەبانە دروست دەکەن و بە کرێی دەدەن، ئێستاش کاری دەستگێڕی لەنێو بازاڕی هەولێر ڕێک دەخەینەوە.

خوێنەرێک: گرانی نرخی کتێبەکان هۆکاری سەرەکین بۆ کەمبوونەوەی خوێنەر



ڕۆشنبیری، ڕامیاری، ئەنجام بدرێت ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە نەبوونی ڕاگەیاندنێکی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەت و کتێبانەی کە لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە مۆڵەتیان پێدەدرێت و بڵاودەکرێنەوە تاکو خوێنەر ئاگاداری بڵاوکراوەکان بێت و خولیای خوێندنەوەی بۆ بگەڕێتەوە، هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە خۆئامادەکردنی کۆمەڵگە بەگشتی و چینی گەنجان و لاوان بەتایبەتی بەهەردوو ڕەگەزەوە بەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش جگە لەزیان هیچ سوودێکی نیە بۆکۆمەڵگە، هەروەهاش لەڕووی ئابووریەوە گرانی نرخی کتێبەکان هۆکاری سەرەکین بۆ کەمبوونەوەی خوێنەر، من بۆ خۆم سەیرم لێدێت ئەو کتێبانەی کە لەچاپخانەکانی هەرێمی کوردستان چاپ دەکرێن و بڵاودەکرێنەوە لەچاو خۆیاندا گرانترن لەو کتێبانەی لەدەرەوە دێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە، وێڕای ئەوەش پشتگوێخستن یاخود نەبونی بابەتی زانستی وەک فیزیاو کیمیاو کشتوکاڵی و ,,,هتد، ئەگەر هەشبێت زۆر کەمن یان لەشوێنێکن زۆرکەس ناتوانێت بەدەستیان بێنێت.

هەمو ئەوانەو زۆری وبۆری ڕاگەیاندنی بینراو لە هەرێمی کوردستان کە هەوڵیانداوە کۆمەڵگە بەخۆیانەوە ئاڵووده بکەن، ئەویش لەڕێگەی نیشاندانی زنجیرە دراما وەرگێڕاوەکان بۆ سەر زمانی کوردی کە کاتێکی زۆر لەخەڵک دەگرێت و پاشان هەست بە نائارامییەکی جەستەیی دەکەن و هیچ دەرفەتێکیان بۆ خوێندن نامێنێتەوە.

ئەو گوتیشی: سەرەڕای ئەو هۆکارانەی باسمکردن هۆکاری تریش هەیە، هیوادارم تاکەکانی کۆمەڵگە هەست بەو دوورەپەرێزییە بکەن کە بەرانبەر بەکتێب هەمانە و هاندەربین بۆ زیندووکردنەوەو خوێندنەوەی کتێب.

عەلی ئەمین پیشە قوتابی و خوێ،ەرێکی دیکەی کتێبە و دەڵێت: ئاشکرایە خوێنەری ئەمڕۆ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو خوێندنەوە ئاسان بووەو قورسی جارانی نەماوە، ئەگەر لە زووداتەنها پیاوە گەورەکان توانیویانەو ڕێگەپێدراوبوون ئەو کارە بکەن، ئەمڕۆ ئەوە پێچەوانە بووەتەوەو گەورەو بەرپرسەکان زۆر دەگمەن نەبێت ناخوێننەوە، یان جاران لە جێگایەکدا ئەگەر تەنها یەک خوێندەوار هەبوو بێت، ئێستا هەر لەناو کوردەواریدا (دە) کەس بگری زیاتر لە شەشی خوێندەوارە، بەڵام ئەمڕۆ خوێنەری جددیمان کەمەو قەیرانمان لەنەخوێندنەوەدا هەیە، ئەم قەیرانەش مەترسیدارە بۆ بزاڤ و ڕێنیسانسی ڕۆشنبیریمان، ئەگەر بەخێرایی چارێک بخشێنین لەو بارەوە ئەوە ئاستی نزمی ڕۆشنبیریمان زیاتر بەرچاو دەکەوێت، تەنانەت لەچاو وڵاتانداتا ئێمە زۆر لەدواوەین و زۆر بەکەمی نەبێت خوێندنەوەمان نیە، بەڕاستی ئەمە جێگەی داخە، ئێمە ئەگەر بەئایینداری هەڵسوکەوت بکەین (کە ئیسلام دینمانە) ئەبوو زۆرترین خوێندنەوەمان هەبوایە، چونکە یەکەم وشەی ئایینەکەمان (بخوێنە)یە.. ئەگەر بەنیشتیمانیبوون بیکەین دەبوایە شەو و ڕۆژمان بخستایەتە سەریەک تاکو فریای خوێندنەوەی میژوو ئایین و ئەدەب و کلتووری خۆمان بکەوتینایە و شاکاری جوانی کوردەواریمان بەگەلانیتر بناساندایە، بەڵام ئایا وا دەکەین، یان وامان کردووە ؟! زۆر بەداخەوە کە خوێنەرانمان لەم ڕۆژگارەدا زۆر خەمساردانەو ڕەنگە زیادەڕەویش نەکەم، ئەگەر بڵێم : خوێنەری ئەمڕۆ هیچی لەباردا نییە.! خوێنەری ئەمڕۆ زۆر کەساسانەو بێموبالاتانە گوزەر دەکات لە ئاست ئەو قەیرانەدا.. شەو و ڕۆژ ئەکاتەوەو ئەم هەموو شاکارە جوانانە ئەبینێت و خۆی تێناگەیەنێت!! بەداخەوە.. نوخبەیەکی کەم نەبێت خوێنەرمان نەماوە، زۆر دامودەزگاش پەیدابوون و هۆکاری قەیرانی نەخوێندنەوە ئەوورۆژێن.. پرۆگرامی بەکلتوورکردنی خوێندنەوەیان بەرزکردووەتەوە.. یان بەشێوەیەکیتر داوا دەکەن خوێندنەوە بەپلەی لاوەکی دانەنرێت و گرنگی پێبدرێت..

ئەو دەشڵێت: خوێندنەوە باشترین خۆراک و وزەیە بۆ گیان، دەبێت لەبیر نەکرێ و بەتەنگیەوە بین.. دەبێت هەر ئادەمیزادێک ڕۆژانە بەشێکی دیاریکراوی لە خوێنەوە هەبێت، ئیتر ئاست و ئارەزووی خۆی لەچییەو چۆنە با ئەوە بخوێنێتەوە، خوێنەری واقیعی هەقە ڕۆژانە(10)لاپەڕە کەمتر نەخوێنێتەوە .. یان ڕۆژنامەیەکی تەواو بخوێنێتەوەو موتابەعەی بکات.. هەروەک (غاندی فەیلەسوف)دەڵێت: ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە ڕۆژانە (ڕۆژنامەیەک) بخوێنێتەوە. بۆیە مرۆڤ هەقوایە خۆی پێوەری ژیانی خۆی بێت.. چاو بگێڕێت و بزانێت تاکو چەندە بالآنسی ڕاگرتووە لە کارو یاساکانی ژیانیدا، ئایا پرۆگرامی بۆ ژیان هەیەو کارەکان بەڕێکی بەڕێوەدەچن، لە شوێنی خۆیدا ئەنجامی دەدات !! .. چۆن ئەخوات.. ئەخواتەوە.. وەرزش دەکات؟ چۆن ئەخوێنێتەوەو خۆی ڕۆشنبیر دەکات.

57مین ساڵیادی بوونی سەرۆک مسعود بارزانی بە پێشمەرگە

سەرۆک مسعود بارزانی پێشمەرگە و قوتابی مەلامستەفا بارزانییە

کاروان محەمەد سینۆ

ئەمڕۆ یادی 57مین ساڵەی بوونی پێشمەرگەیەک دەکەینەوە کە هەموو تەمەنی خەبات و تێکۆشان بۆ کوردستان بووە، ئەویش سەرۆک مسعود بارزانییە کە ئومێد هەموو خەڵکی کوردستانە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە یەکەم کیانی سەربەخۆی کورد بووە، مەسعود مەلامستەفا بارزانی لە (1946/8/16) لە شاری مەهاباد لە رۆژهەلاتی کوردستان، لە ژێر سێبەری ئالای پرۆژی کوردستان و لە رۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دایک بووە. جەنابی سەرۆک بارزانی لە تەمەنی خۆیدا لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان، لەگەڵیک هەوراز و نشێوی پێشمەرگایەتی و سیاسی و عەسکەری چەشتووە و روبەڕووی زۆرێک لە بارودۆخی شەڕ و ئاشتی و پیلان و گەلەکۆمی بووە... کە ئەستەمە لەم چەند دێرەدا بتوانین تەنانەت سەرجەمی کانیش دیاری بکەین. بەڵام گرنگ ئەوەیە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی هەر کە دەستی تفەنگی گرتووە تاکۆ ئەمڕۆ، وەکو بەرزترین کێوی کوردستان سەر بەرز و سەرفەراز بووە بەرامبەر میللەتەکەی خۆی و بەرامبەر بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان. بۆیە ئەمڕۆ ئێمەش بە شانازییەوە یادی 57مین ساڵیادی پێشمەرگەبوونی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی دەکەین.





مسعود مستەفا بارزانی لە 20ی ئایاری 1962 بۆتە پێشمەرگە

پاش گەلەکۆمی و لە خاچدانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لەساڵی (1947)، بنەماڵە سەربەرزەکەی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لەگەڵ پێشمەرگە و ماڵەکانیان کە گوشارێکی زۆری (ئێران و عێراق) لەسەر یان بوو، ناچار بوون بگەڕێنەوە باشووری کوردستان و سەرەڕای بوونی لێبوردنی فەرمی لەلایەن رژێمی عێراق بەڵام هەموو بارزانییەکان دوورخرانەوە بۆ شارەکانی خواروی عێراق، بە تایبەتی (بەغدا و بەسرە)، بەڵام مەلا مستەفا بارزانی باوکی مەسعود بارزانی رێبەری شۆرش و بەخودانی کورد، خۆی و ژمارەیک پێشمەرگەی بەشداربوو لە پاریزگاری کردنی کۆماری کوردستان کە هەرلەسەرەتاوە خۆیان بەدەست هیچ دەسەڵاتێکەوە نەدابوو ، بەو واقیعە رازینەبوو ئەگەرچی رژێمی عێراق چەندین گفت و پەیمان و دەسکەوتیان بۆ خودی بارزانی خستەروو، بەڵام جەنابی بارزانی بەرژەوەندی کەسیی خۆی و بنەماڵەکەی وەلانا و لەپێناو بەردەوامی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد و بەردەوامی شۆرشی کورد، مەلامستەفا بارزانی رابەرایەتی زیاتر لە (500) لە هەڤاڵانی کرد و بەرەو ئەگەری سیاسی و پەیوەندی کردنی بە شۆڕشی ئەیلول، خۆبندنی ناوەندی تەواو نەکرد و بەغدای بەجێهێشت. لە تەمەنی (16) ساڵی واتا لە ساڵی (1962) چەکی هەڵگرتووە و چووە نێو ریزی پێشمەرگەی کوردستان و رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە شۆڕشی ئەیلوول کە لە یانزەی ئەیلولی (1961) بە رابەرایەتی مەلامستەفای بارزانی بەرپا ببوو. هەر لە تەمەنی لاوێتیدا هزری کوردایەتی دەچێتە ناخی جەنابی مسعود بارزانی و هۆگری شۆڕش و خەبات دەبێت، بۆیە لە تەمەنی 16 ساڵی لە 20-5-1962 سەرۆک بارزانی پەیوەندی بە بارەگای بارزانییە نەمرکرد و گەیشتە ئاواتی پێشمەرگایەتی خۆی . هەروەک سەرۆک بارزانی دەفەرموێ: "شانازی بەوە دەکەم کە کوڕی مەلا مستەفا بارزانیم، ئەو سیمبولی گەلە و لەسەر دەستی ئەو فێری زۆر شت بووم و من قوتابی ئەوم و بەشێکی زۆری ژیانی خۆم لەگەڵ ئەو بردە سەر، بەڵام شانازیش بە کەسایەتی خۆم و میژوو و رێبازی خۆیشم و کردارەکانیشم دەکەم، بوونم بە کوڕی مەلا مستەفا دەرفەتی زۆری بەمنداوزۆر یارمەتیدام و توانیم متمانەی خەڵک وەربگرم و ئەوەی لە توانامدابوو پێشکەشمکرد، بارودۆخ لەسەردەمی باوکم جیاواز بوو لە رووی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشەوە، بەڵام ئەوەی هاتە دەست بنەماکەی خەباتی مەلامستەفا بارزانی بوو".

سەرۆک مسعود بارزانی یادەوەری چۆنیەتی بوونی بە پێشمەرگە دەگێڕێتەوە:

هەروەک سەرۆک مسعود بارزانی لەکتێبی بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد باس لە چوونی بۆناو شۆڕش و بوونی بە پێشمەرگە دەکات کە رۆژی 20-5-1962 یەکێک لەو رۆژانەی ژیانییە کە هەرگیز لە یادی ناچێتەوە، لە ورژەدا چۆتە ریزی پێشمەرگەی کوردستان، لەم رووەوە بەرێزیان لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: " باوکم، لەو ماوەیەدا کە لە بادینان خەریکی رێکخستنی شۆڕش بوو، هەرگیز بۆی رێک نەدەکەوت لەگەڵ کوڕەکانی و ئەندامانی خێزانەکەیدا یەک بگرێتەوە. ئەندامانی خێزانی ئێمە و هەموو شێخەکانی دیکە، هەموو لە مێرگەسۆر بوون. بۆیە چی ئاموژگاری و ڕێ پێشاندانێکی هەبووایە هەمووی بە عەلی شەعبان دا بۆ دەناردین، کاروباری وا ڕێک خستبووین کە ئیدریس جێنیشینی بێ و هەموو بە فەرمانی ئەو بجوڵێینەوە و ڕای سپاردین کە من و ئیدریس هەمیشە لە ناو خۆماندا کۆک بین و هاریکاری لەگەڵ یەکتردا بکەین و بە گوێرەی ئەو ڕستەیەی ئەو بجوڵێینەوە کە بەدەمی خۆی فەرموبووی و بە ئێمەیان ڕاگەیاند بوو، ئەویش ئەوە بوو: (دەبێ ئیدریس و مسعود کە لەگەڵ ئیدریس بم، منیش بەفەرمانیم کرد. بارەکە بەو جۆرە مایەوە تا باوکم هات بۆ (گەلیێ نەهلە)، ئەو کاتە تکاکەم لێ دووبارە کردەوە، کە بچم و ببم بە پێشمەرگە و نامەیەکەم بۆ نووسی و ئارەزووی زۆری خۆم تێدا دەربڕی کە لەگەڵی بم. وەڵامی ئەوە بوو پاش ئەوەی ئیدریسی بڕام ڕازی بێ ڕێگە دەدا، بەمەرجێ مامم شێخ بابۆ و مستەفا عەبدوڵڵا ڕازی بن، پاشانیش بڕیاری یەکجاریی دایە دەستی شێخ ئەحمەد، زۆرم بە ئیدریس گوت تا ڕازیم کرد، ئیدریس لەگەڵ شێخ بابۆ چوون بۆ لای شێخ ئەحمەد تا ئێزن و ڕوخسەتم بۆ لێ وەربگرن. لەو ماوەیەدا کە ئەوان لە ماڵ نەبوون و چوون بۆ لای شێخ ئەحمەد کە دوو ڕۆژی خایاند، من هەمیشە دڵم لە ناو پەراسووەکانمدا زیاد لێی دەدا و تەپەتەپی بوو. دڵە کوتەم پێ کەوتبوو، دەترسام شێخ ئەحمەد ڕازی نەبێ و ڕێگەم نەدا، چونکە نەمدەزانی ئەگەر ڕێگەم نەدا و بڵێ: (نە)، من چی لە خۆم بکەم، وام دەزانی ئەوە ئیتر کۆتایی هەموو شتێکە بۆم، بەڵام خواستی خوا بەدەنگەوە هات و ئاواتەکەی بۆ هێنامەدی و مامم و ئیدریس ڕێیان دام بڕۆم. ئیدریس نامەیەکی بۆ باوکم نووسی تیایدا باسی کرد کەوا هەموو ڕازی بوون بەوەی ببم بە پێشمەرگە و داوای لێ کرد هەموو زانیارییەکی پێویستی لەبارەی ئەوەوە بداتێ کە کەی و کوێی پێ باشە بمنێرێ بۆ ئەوێ. بارزانیش عوزێر دۆڵەمەریی بەرژەوەندییەکیش پێویستی کرد، ئەو (واتە شێخ بابۆ) بگەڕێتەوە بۆ شێخ ئەحمەد و پرس بەو بکا). لە ڕێگەی عەلی شەعبانەوە داوام لە باوکم کرد ڕێگەم بدات بکەومە پاڵی و ببم بە پێشمەرگە، بەڵام ئەو نەبوو. من لەوکاتە 15 ساڵان بووم. ئەو لەسەر ئەو سوور بوو گیانێک بن لە دوو جەستەدا)، لەسەری پێویست کردبووین لەهەر چییەکدا پێویست بوو پرس و ڕاوێژ بە شێخ بابۆی مامان بکەین، ئەگەر شەوی 19-20ی ئایاری 1962 هەموویان بەڕێگەپڕینەوە برده سەر. بۆ سبەینێی ڕۆژی دوایی، کەوتینە سەرکەوتن بەچیای پیرسدا تا گەیشتینە لووتکەی کە (سەری ئاماد)ە. بۆعەسری ئەو ڕۆژە گەیشتینە (کانیا تۆزێ) واتە کانی چنار لە گەلیی (بێخەمە). لە ڕێگەدا تووشی چەندین کۆمەڵ و دەستەی پێشمەرگە دەبووین ڕوویان گەش و پڕ بوو لە مژدە و خۆشی و باوەڕ بەخۆکردن. دیمەنێکی زۆر جوانی بەسام بوو لەوە پێش شتی وام نەدیبوو، کە بەلایاندا تێپەڕ دەبووم سەرەڕای باوەڕ و هیوا، شانازیش دڵ و دەروونی هەموو دەگرتمەوە. کاتژمێر 6ی عەسری 20ی ئایار، گەیشتمە بارەگای باوکم، بەڵام ئەو بەخۆی لەوێ نەبوو، چووبوو بۆ بەسەرکردنەوەی بارودۆخی ناوچەی (بێخمە)، کە گەڕایەوە و چاوم هاتە خوار، سەرنجمدا کە باوکم چەند بەدیتنم شادمان بوو. یەکەم شت هەوالی تەندروستیی شێخ ئەحمەد و مامم بابۆ لێی پرسیم، پاشان کەوتە پرسیارکردن لەبارەی ئەندامانی تری خێزانەوە و یەکەیەکە ناوی دەهێنان، منیش وەڵامم دەدایەوە و پاشان سڵاوی ئەوانم پێ دەگەیاند. کەواتە ڕۆژی چوونی من بۆ ناو شۆڕش 20ئایاری 1962، ئەم ڕۆژە میژوویەکی ڕۆشنە لە ژیانمدا. باسی ئەو خۆشییەم بۆ ناکرێ کە لەو کاتەدا دڵ و دەروونی گرتەوە. دیمەنی ئەو لەشکرە ڕێکخراو و سیلاح شۆڕەم زۆر پێ سەیر بوو. هەرچیم دی لە سەرووی



یەکێتی سۆڤیەت بەڕێکەوتن و تا ساڵی (1958) وەکو پەنابەری سیاسی لەوێ مانەوە.
سەرۆک مسعود بارزانی لەبەر

مسعود بارزانی:

ئەزموونی پێشمەرگایەتی بۆ من گەورەترین قوتابخانە بووە و لەو قوتابخانەیەشدا ئێمەی پێشمەرگە مامۆستایەکی گەورەی وەک بارزانیی نەمرمان هەبووە



دەقی وتاری سەرۆک بارزانی لەیادی 50 ساڵەی پێشمەرگایەتییدا

20ی ئایار لە ژیانی منداد یادەوەرییەکی پڕشنگدارە. پەنجا ساڵ پێش و لە رۆژێکی وەک ئەمرۆدا بووم بە پێشمەرگە. ئەم یادەوەرییە هەمیشە بۆ من سەرچاوەی گەورەترین شانازی بووە.

لە رێکەوتی 20ی ئایاری 1962 لە گەلیی بێخمە پەیوەندیم بە بارەگای بارزانیی نەمر کرد و بەفەرمی چوومە ریزی پێشمەرگە. دۆخی سیاسیی پێش شۆرش و کەشی دوای شۆرش، بارێکی هەڵخستبوو کە باوکمان زۆربەی کات دوور لە ماڵ و خێزان بێت، بۆیە داواکاریی خۆم بۆ پەیوەندی بە ریزەکانی شۆرشەوە بە هۆی نامەوە بۆ باوکم نارد، وێرای رەزامەندیی باوکم بە هەوڵێکی زۆر رەزامەندیی ئیدریسی برام و شێخ بابۆی مامم، دوای هەموو ئەمانە دەبوایە رەزامەندی گەورەمان شێخ ئەحمەد بارزانی وەربگرم. وردەکاریی چۆنیەتی پەیوەندیکردنم بە شۆرشی ئەیلول و ریزەکانی پێشمەرگە لە بەرگی سێیەمی کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد)دا لە بەشی "شۆرشی ئەیلول"دا باس کردووە. تا ئێستاش بیرهاتنی سات بەساتی چۆنیەتی رۆیشتنم بەرەو بەرەی پێشمەرگە و بارەگای بارزانی بۆ من خۆشی بەخشە و بەشێکە لە یادەوەرییە هەرەخۆشەکانی ژیانم.

تامەزرۆییم بۆ گەیشتن بە ریزەکانی پێشمەرگە لەو تەمەنەدا، هەڵقوڵاوی شانازییەکی گەورە بە ناوی پێشمەرگە بوو، بۆیە گەورەترین شانازیی منیش لە ژیاندا بوون بە پێشمەرگە بوو.

بە بڕوا و ئومێدێکی زۆرەوە بووم بە پێشمەرگە، بڕوا بە رەوایی دۆزی کورد و ئومێد بە سەرکەوتن بنەمای باوەری پێشمەرگایەتییە. وەک پێشمەرگەکانی تر، ئامانجم خەبات بوو لە پێناو ئازادیی نیشتمان و هێنانە ئارای مافەرەواکانی کورد، خەبات بوو لە پێناو بەرجەستەکردنی کەرامەتی کورد لە بەرامبەر هەموو هەوڵەکانی سڕینەوەی کورد. هەمیشە هاندەری بەردەوامیم و سڵنەکردنەوە لە خەبات ئەو روحە پێشمەرگانەیە بووە. لە هەموو هەوراز و نشێوییەکانی قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و گۆڕانکاریەکان لە ئەرک و بەرپرسیاریەتیدا تاکە شتێ کە لەلام نەگۆڕ بووە ئەو روحە پێشمەرگانەیە بووە. دوای پەنجا ساڵ لە خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتیش بۆ یەک چرکە ئەو باوەڕەی کە بە هۆیەوە بووم بە پێشمەرگە لەق نەبووە و بگرە بە هێزتر بووە. لە زاخۆ تا پینجوین ، چوومەتە دیهات بە دیهاتی کوردستان و چەندین جار لەگەل چەندین هەڤاڵ و برادەر پێکەوە بووین و دوای چەند کاتژمێرێک ، جەنازەیان هاتۆتەوە، ئا ئەمانەش وایان کردووەکە خۆشەویستی خاک و خەڵکی کوردستان لەگەل خوێنم تێکەل ببێت. زۆرپشم لا سەیرە، کە کەسانێک وا تەوقوع بکەن ، دوای پەنجا ساڵ خەبات و پێشمەرگایەتیم ، مساوەم لە سەر دۆزێک بکەم کە هەموو تەمەنم لە پێناویدا داناوە.

ئەزموونی پێشمەرگایەتی بۆ من گەورەترین قوتابخانە بووە و لەو قوتابخانەیەشدا ئێمەی پێشمەرگە مامۆستایەکی گەورەی وەک بارزانیی نەمرمان هەبووە. ئامۆژگاریەکانی بارزانیی نەمر چ وەک باوکێک و چ وەک رابەرێک رێنیشاندەری ژیان و خەباتم بووە. دەتوانم بڵێم هەوینی خۆراگری و وردەبەرزیمان لە خەباتدا ئەم ئامۆژگارییەی باوکم بوو کە (لە شکستدا نائومێد نەبین و لە سەرکەوتندا لەخۆبایی نەبین). ئەم ئامۆژگارییە هەمیشە لەبەرچاوم بووە و دەبێت و فاکتەرێکی بەهێزی بەردەواميیە.

ئێستا لە ئەنجامی خەبات و قوربانیدانی زۆری هێزی پێشمەرگە و تێکڕای چین و توێژەکانی گەلەکەمان، پرسی کورد پێشڕەچوونی زۆری بەخۆوە بینیوە و پەنا بەخوا و بە پشت بەستن بە هێز و ئیرادەی گەل، دەسکەوتی زیاتریش بەدەست دێت، لەم بەینەدا ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە گشت لایەکمان گیانی خەباتی پێشمەرگانە لە ناو خۆماندا بپارێزین و بەرژەوەندییە بااڵکانی نیشتمان لە سەرووی هەر بەرژەوەندییەکی تر دابنێین. لەم کاتوساتەدا زیاتر لە هەر کاتێک پێویستیمان بەو خەباتە پاک و بێگەردەیە، تا کەموکوڕیەکان چارەبکرێن و داخوازییەکانی گەل لە چاکسازیی و دابینکردنی ژیانێکی شایستە و پاراستنی کەرامەتیان مسۆگەر بکرێت. یەکریزیی ئێستامان گرەنتیی بەردەوامی سەرکەوتنمانە و پاراستنی ئەم یەکریزییەش ئەرکی سەرشانی هەموولایەکمانە. خەباتمان بەردەوامە و ئامانجمانە کە بە رێگەچارەی ئاشتیانە بە گشت ئامانجەکانمان بگەین و هیچ هێزێکیش ناتوانێت رێگە لە ویستی گەلێکی یەکگرتوو و تەبا بگرێت.

لەم بۆنەیەدا جێگەی خۆیەتی سەری ڕێز و نەوازش بۆ سەرجەم ئەو پێشمەرگانە دابنوێنم کە گیانیان بۆ سەربەرزیی گەل و نیشتمانیان بەخت کرد، یادی هەموو هەڤاڵان و هاوسەنگەرانم بەخێر و ئەمرۆ لە هەر جێیەک بن ڕێزم بۆیان هەیە و ئاواتم سەرکەوتن و بەردەوامییانە.

تا لە ژیاندا مابم هەر پێشمەرگەی کوردستانم.

واتە ئەو (جەنابی سەرۆک) ئەگەرچی کوری رابەری شۆرش مەلامستەفا بارزانی بووە، بەڵام هەمیشە بێ جیاواز بووە لە گەڵ پێشمەرگەکانی دیکەی هاوسەنگەری خۆی، سەرەڕای کەسایەتی وەکو کوڕی مەلامستەفای بارزانی بەڵام بێجگە لە پێشمەرگایەتی هیچ پلەیەکی دیکەی نەبووە و وەکو هەڤاڵانی دیکەی پلەی پێشمەرگە بووە، هەرئەرکێکی پێشمەرگایەتی بۆیان دیاری دەکرد یاخود پێی ڕادسپێرا ئەو(مەسعود بارزانی) ئەنجامی دەدا .بۆیە سەرۆک بارزانی هەردەم شانازی بە خەباتی پێشمەرگایەتی خۆی دەکات و لەیەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەفەرموێ: (بارزانیی نەمر فێری کردین، کەپێشمەرگە بوون و ژیان بە ڕۆحیەتی پێشمەرگەوە بۆ خزمەتکردنی گەل، گەورەترین شانازی و دەوڵەمەندییە). کاتێک جەنابی سەرۆک بارزانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی وەرگرت لە بیرمانە جەنابیان فەرموو: "ئەو ڕۆژەی کەبووم بە پێشمەرگە لە دوای بارزانیی نەمرەوە چەکم هەڵگرت وام دەزانی گەورەترین شانازیم بەرکەوت، ئێستاش کە پۆستی سەرۆکی هەرێم وەردەگرم، بۆئەوەیە کە خزمەتی خەڵک بکەم، ئەمەش هەر دریژە پێدانی پێشمەرگایەتییە بۆمن".

واتە جەنابی سەرۆک پێشمەرگایەتی لە هەموو پلە و پایەک گرنگتر و پیرۆزتر دەزانێ. هەروەها جەنابی سەرۆک بارزانی تەنها شتێک کە لای نەگۆڕاوە پێشمەرگایەتییە، وەک جەنابیان دەفەرموێ: "لە هەموو هەوراز و نشێوییەکانی قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و گۆڕانکارییەکان لە ئەرک و بەرپرسیاریەتیدا تاکە شتێ کە لەلام نەگۆڕ بووە ئەو روحەی پێشمەرگایەتی بووە". لەم ڕووەوە سەرۆک بارزانی دەفەرموێ:

(لە هەر پلە و پایەیەکدا بم هەر پێشمەرگە و خزمەتکاری کوردستانم)، بۆیە جەنابیان هەمیشە پێشمەرگایەتی و سیاسییەکی کاریزمادار و دیپلۆماسێکی شارەزا ڕووبەڕووی کێشە و قەیران و ئەو مەترسیانە دەبێتەوە کە ڕووبەڕووی خاک و خەڵکی کوردستان دەبنەوە. هەموومان لەبیرمانە لە دەسپێکی هێرشی تیرۆرستانی (داعش) بۆسەر خاکی کوردستان، جەنابی سەرۆک بارزانی قۆڵی پێشمەرگایەتی لێ هەڵماڵی و لەگەڵ هەڤاڵانی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی ڕووبەڕووی (داعش) شەو و ڕۆژی دەکردە یەک، بۆرزگارکردنی دەڤەری (شەنگال) و چەندین دەڤەری دیکەی کوردستان، جەنابی سەرۆک ڕاستەوخۆ بەشداری و سەرپەرشتی رزگارکردنی بست بەبستی خاکی کوردستان کردووە. هەموو خەڵکی کوردستان ئەو متمانەیان بەجەنابی سەرۆک بارزانی هەیە، کە تەنها سەرۆک بارزانی قسەگەڕ (مرجع) و ڕابەر و پارێزەی ماف و خاکی کوردستانە. خەبات و پێشمەرگایەتی و هەڵوێستە نیشتیمان پەروەرییەکانی جەنابی سەروک بارزانی ئەو تینەی داوەتە خودی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق، بەردەوام پارتی یەکەمی هەڵبژاردنەکان بێت، لەدوایین هەڵبژاردندا (بۆ پەرلەمانی عێراق لە 12ی ئایار2018). لیستی پارتی لەسەرانسەری کوردستان براوەی یەکەم بوو، هەروەها پارتی وەکو حزب لەسەرانسەری عێراقدا لەریزبەندی یەکەمدا بوو کە زیاترین دەنگی بەدەست هێناوە. بۆیە هەموومان ئەمڕۆ دەڵێین: "سوپاس جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی" خەبات و ماندووبوونی بەرێزتان ئاشتی و ئازادی و ئاسوودەیی بە ئێمەی خەڵکی کوردستان بەخشیوە)، ئەمڕۆ ئێمەش سڵاو و پیرۆزبایی57 ساڵیادی بەپێشمەرگەبوونی بەرازتان دەکەین و بەڵێنیت پێ دەدەین، ئێمەش هاوشێوە و هاوئاراستەی بەرێزی پێشمەرگەی وەفاداری ڕێبازی بارزانیی نەمر بین.



مسعود بارزانی:

هەوێنی خۆڕاگری و وردەبەرزیمان لە خەباتدا، ئەم ئامۆژگارییەی باوکم بوو کە (لە شکستدا نائومێد نەبین و لە سەرکەوتندا لەخۆبایی نەبین)

ئامانجەکەمان بەدیهاتووە".

ئێستاش جەنابی سەرۆک هەر پێشمەرگەیە

شایانی باسە چالاکی و گیانی پێشمەرگایەتی ئێستاش هەر لە ناخی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە جۆشدایە، و ئێستاش جەنابیان بەروحیەتی پێشمەرگایەتی و

وون بوون

ناسنامەی کۆلێژی پۆلی تەکنیکی هەولێر بەشی ڕێگاوبان بەناوی بلین زوزك عمر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی مولەتی لێخورین/ تایبەت بەناوی نزار فائق عبداللە وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان بەناوی سەرکەوت نزار جرجیس وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی وەزارەتی پلان دانان ژمارەی ناسنامە ٨٣٦ بەناوی اسماعیل محی الدین جبار وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

ئاگاداری

مالپەڕی (شەفەق نیوز) کە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی علی حسین محمد و بارەگای سەرەکی لەشاری هەولێرە بەسێ زمانی کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی بەشێوەی ڕۆژانە و بەردەوام کاردەکات هەرکەسێك تێبینی یان لاری هەیە باپەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکات ٠٧٥٠٦٠١٢٢٢٧ - ٠٧٩٠١٣٧٣٧٢٠

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکاری ئەندازیاران زنجیرە کارا بەناوی نیاز اسعد قادر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارە: ٢٠١٨/١١٢٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٦

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٨/١١٢٨) ئۆتۆمبێلی ژمارە (١١١١١٥) هەولێر) جۆری (تویوتا لانگروز) مۆدێل (٢٠١١) قەرزار (دانا محمد قادر) بەلێك زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لەجیاتی قەرزی (فرهاد بیرو علی) کە بڕی (٦٣,٧٧٠,٠٠٠) دینار هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (٧) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە دەلالیەکەش لەئەستۆی کریارە و نرخی ئۆتۆمبێلەکەش بەبڕی (٤٥,٠٠٠,٠٠٠) چل و پێنج ملیۆن) دینار قرساوە.

جێبەجێکاری داد/ احمد محمد فرزی

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

ژمارە ٢٢/١٠٠

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٩

ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (١) شوێنی نەمامگە لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە ٢١/٥٦٧ ك ٧٢ دارەتوو بەرووبەری ٢م٨٧٥ بەکرێی ساڵانەی ١٠٠٠ هەزار دینار بۆ (١م٢) بۆ ماوەی (١٠) ساڵ مساطحە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی دارەتوو بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/٢٠ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانزەو نیوی بەیانی لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی کرێی بڵاوکردنەوەو خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی وە بەبێ ڕێنمایی هەر ٣ ساڵ جارێك پێداچوونەوە دەکرێت بەکرێی ساڵانە لەبەرژەوەندی شارەوانی بەمەبەستی زیادکردنی کرێی ساڵانە ئەگەر کرێی مولك و باری دارایی لە هەڵکشان بوو.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە: ٢٧٥٩/ب٢٠١٨/٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراوان (زیدان خدیدە برجس و احمد خدیدە برجس)

داواکار (وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان) سەرەڕای کارەکەی داوای ژمارە (٢٧٥٩/ب٢٠١٨/٢) لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوا دەکات بەگەرانەوەی بڕی پارەی ١٨٠٠ $ هەزارو هەشت سەد دۆلاری ئەمریکی لە کۆی (٨٣٤٣٣)$ هەشتاو سێ هەزارو چوار سەد و سی و سێ دۆلاری ئەمریکی کە وەرتان گرتووە بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستر لە وڵاتی بەریتانیا وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخستنی پسوولەی خۆراك/ دهۆك بەژمارە ١١٩ لە ٢٠١٩/٢/٢١ بڕیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لەدادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٧ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.

دادەر/ سەرکەوت طە رسول

***

دادگای تێهەڵچوونەوە/ بەشێوەی ڕەسەن

ژمارە/ ٩٦/س/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٢

جاردان

بۆ/ تێهەلچوو لەسەر عمر سلام یاسین شوێنی دانیشتنی نادیارە

تێهەلچوو (پشتیوان صالح حسن) داوای تێهەڵچوونەوەی ژمارە ٩٦/س/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی بنکەی کسنزان بەژمارە ٢٠٦٧ لە ٢٠١٩/٥/٢ بڕیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ئامادەبوونت خودی خۆت یان بریکاری یاسایت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٧/٧ کاتژمێر ٩/بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ دەرهەقت بەپێی یاسا.

سەرۆك/ شوان حبیب صالح

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ صلاح الدین

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٦/٣٣

ڕێکەوت/٢٠١٩/٥/٦

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سەلاح الدین مولکی ژمارە ١٨/٩٠٢٨ ك ٩ صلاح الدین کە کەوتوەتە صلاح الدین دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار حکیم حسن حسن کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی حسن انور علی بەبڕی/ ٩١,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرپیارە.

جێبەجێکاری داد / سعدیە حسن رسول

١ - شوێن و ژمارەی/ ١٨/٩٠٢٨ ك ٩ی صلاح الدین

٢ - ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ - سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ - پێکهاتەکەی/ لە دوو خانوو پێك هاتووە خانووی یەکەم لە دوونهۆم پێکهاتووە نهۆمی یەکەم یەك هۆل و ژورێك حمام و مرافق مطبخ نهۆمی دووەم سێ ژوورو حمام و مرافق لەگەڵ ژێزەمین و بیتونە.

٥ - ڕووبەرەکەی/١٦١,٥ بەشی حکیم حسن حسن

٦ - پلەی ئاودانکاری/ ئاوەدانە

٧- نیشتەجێکەی/ کرێچی تێدایە

٨ - نرخی قرساو/ ١٩٥,٠٠٠,٠٠٠ سەدو نەوەت و پێنج ملیۆن دینار.

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢

ژمارە: ٣٣٢/ج/٢٠١٩

ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٥/٥

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ نزیر ابراهیم سلیم و رزکار نزیر ابراهیم و هژار نزیر ابراهیم دەمێ هوین یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٣٣٢/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا سێپێدیا ب هژمار ٢٠١٨/٩٥ ل سەر مادە ٤٠٦ یاسا سزا، ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا هەوە نەیێ دیارە بریار هاتە دان هوین بهێنە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدیا ڕوژا ٢٠١٩/٧/٣١ بو دادگەهکرنا هەوە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.

دادەر/ غازی خلیل شنگالی

سەرۆکێ دادگەها تاوانێن دهوکێ/دوو

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢

ژمارە: ٣٢٦/ج/٢٠١٩

ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٥/٥

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ محمد جمال محمد عبدالرحمن

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٣٢٦/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا بردرش ب هژمار ٢٠١٨/٤٢ ل سەر مادە ٤٠٦ یاسا سزا، ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێنە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدیا ڕوژا ٢٠١٩/٧/٧ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.

دادەر/ غازی خلیل شنگالی

سەرۆکێ دادگەها تاوانێن دهوکێ/دوو

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/دوو

ژمارە: ٢٠٧/ج/٢٠١٩

ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٥/٨

ئاگەهداری

بو/ دادگەهکریێ پاشملە (عبدالهادی عزیز محمد)

ڤێ دادگەهێ بریار ل سەر تە دا ب سێدارەدانێ هەتا مرنێ (اعدام شنقا حتی الموت) ل دویف مادەێ ١/٤٠٦/ز ژ یاسایا سزا، د کێشا ژمارە (٢٠٧/ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن ڕوڤیا ب ژمارە ٢٠١٨/٣٨ دا تو بهێنە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن ناڤخوێی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بڕیارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ ڕێکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆ و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ ل جهێ بریارا حازربوونێ بیت.

دادەر/ غازی خلیل شنگالی

سەرۆکێ دادگەها تاوانێن دهوکێ/دوو

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١

ژمارە: ٢٦١/ج/٢٠١٩

ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٥/٩

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ محمد علی مصطفی

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٢٦١/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها تونەوتیژی دژی ئافرەتا ب هژمار ٢٠١٧/٤٥٠ ل سەر مادە (٣١/٤٠٥ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدیا ڕوژا ٢٠١٩/٨/١ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.

دادەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری

سەرۆکێ دادگەها تاوانێن دهوکێ/١

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ

ژمارە: ٣٨٦/کەتن/٢٠١٩

ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٥/٧

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ احمد سلطان رضا

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٧٩/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهی پولیسێن سێمێل ل دیڤ بەندی ٤٥٦ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدیا ڕوژا ٢٠١٩/٧/٧ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.

دادەر/ بیان ادیب رشید

دادەرا دادگەها کەتن سێمێل

***

دادگای باری کەسیتی لە سلێمانی/٢

ژمارە: ١٢٩٣/ش/٢٠١٩

ڕێکەوت:٢٠١٩/٥/١٦

ئاگانامە

داواکار: شێنێ اسماعیل محمد

داوالەسەرکراو: ژانا قادر حمە شریف

داواکار: شێنێ اسماعیل محمد داوایەکی بە ژمارە (١٢٩٣/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وەلەم داوایە داوای (جیابوونەوەی دادوەری جیابوونەوەی دادوەری بە هۆکاری جێبەجێنەبوونی بێ پاساوی مێرد) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەگوێرەی یاسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار. دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەروواری (٢٠١٩/٧/١٥) سەعات (٩:٥٠)ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادە نەبەن یان بریکارێ نەنێرن ئەوا دادگا بە (نائامادەیی- غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.

دادەر/ د. طه عمر رشید

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١

ژمارە:١٤٦٦/ش/٢٠١٩/١

ڕێکەوت:٢٠١٩/٥/١٩

جاردان

بۆ داوالێکراو (هەردی بشیر محمد) شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (١٤٦٦/ش/٢٠١٨/١) وە لەڕێکەوتی (٢٠١٩/٥/٦) بڕیاریدا بە (تصدیق طلاق) بۆ هاوسەرەکەت (دلگەش یونس زرار) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (ژیان) لەشاری هەولێر بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادوەر/ دیار محمد علی

***

دادگای بەرایی ئاکرێ

ژمارە/ ٢٠٩/ب/٢٠١٩

ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٥/١٩

بۆ داوالێکراو (سیروان برهان منیر)

ب / ئاگادارکردنەوە بە بریاری پا شملە

ئەم دادگایە لە داوای شەرعی ژمارە (٢٠٩/ب/٢٠١٨) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/١٣ لە سەر داوای داواکار (ایفان عماد عزیز) بریاری پا شملەی دەرکردووە دەرهەق بە تۆ بریارەکەش بریتیە لە ناچار کردنی تۆ بە گەراندنەوەی خشڵ وزیرەکانی کە لە بریارەکەدا هاتوون یا خود بەهاکانی نرخێندراوەکانیان کە بە بری (٣٢,٠٤٠,٠٠٠) سی ودوو ملیۆن وچل هزار دینار خەملێنراون ولەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبونتان دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی ڕازینەبوون وپێداچوونەوەتان هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاساییدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەگریت بەپێی یاسا

دادوەر / خالد عثمان یوسف

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین وبەدواداچون

ژمارە / ٣٣٦٢

ڕێکەوت /٢٠١٩/٥/٩

بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (المتحدە الشمالیە) بۆ بازرگانی گشتی - هاوردە وهەناردە / سنووردار)وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو

ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٩

اراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (عبدالفتاح مصطفی بکر) بۆ خزمەتگوزاری ئینتەرنێت/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

Action Against Hunger
Mission Iraq

ADVERTISEM SUPPLY OF HARD WARE TOOLS in Ninawa – Sinjar /Sinuni - IRAQ <IQ-CO-PD-022- ------>

تەندەر بۆ دابینکردن گە ل وپە لی لە عیراقی فیدرالی ژ: <-------IQ-CO-PD-022->

Action Against Hunger or "ACF" is a registered charity, founded in 1979. ACF operates in 37 countries. The international network of ACF is represented in Paris, London, Madrid, New York and Montreal. Teams in the field combat hunger on four fronts: nutrition, food security, health, water and sanitation.

ڕێکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) خێرخوزازە تۆمارکراوە و دامەزراوە لە ساڵی 1979 ، وە ڕێکخراوەکە لە37 وواڵات کاردەکات. تۆڕی نێودەوڵەتی ڕێکخراوەکە لە پاریس و لەندەن و مەدرید و نیویۆرک ، مۆنتریال نوێنەرایەتی دەکرێت . وە تیمەکانی کێڵگەی ڕووبەرووی برسێتی دەبن لە میانی چوار شێوە کارکردن ئەمانەش بریتین لە: خۆراک پێدان و دلنیاکردنی خۆراک و پاراستنی تەندروستی و ئاو.

Action Against Hunger-Iraq Mission intends to award a Framework Agreement for the following market:

ڕێکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) لە عیراق بەتەمای بەخشینی پێکهاتەی ڕێکەوتنە بۆ دابینکردنی گە ل وپە لی لە عیراقی فیدرالی ژ: -------IQ-CO-PD-022 لەم جهی لە باریزگای مووسل(سنجار–سنونی)

- **IQ-CO-PD-022- ------ (SUPPLY OF HARDWARE TOOLS) in the intervention Area of Ninawa Governorate (Sinjar -Sinuni)**

Interested parties can obtain bidding documents from acftender@iq-actionagainsthunger.org with clearly mentioning above tender number in the subject.

لایەنە ئارەزوومەندەکان دەتوانن بەلگەکانی داواکردن لەم ئیمێلە بەدەست بهێنن acftender@iq-actionagainsthunger.org وە ژمارەی داواکردنی سەرەوە بەڕوونی بنووسن.

Or at the below address to receive tender documents:
Erbil – Hediab District, Villa 240/1/664b, Plot232/3 Section 5, Ankawa, Erbil
Dohuk- Amad Street, Shoresh Quarter
Mosul – Contact email for Address : acftender@iq-actionagainsthunger.org
Between 8:30 am-4 pm (Iraq time).

یان لەم ناونیشانەی خوارەوە بۆ وەرگرتنی بەلگەنامەکان:

هەولێر: گەرەکی حدیاب ، ژ. خانوو 664/1/240 ب / ژ. زەوی 2/332/ کەرتی 5 ، عەنکاوە ، هەولێر

دهۆك: جادەی ئاماد ، گەرەکی شۆرش

موسل: لەم ئیمێلە بەدەست بهێنن acftender@iq-actionagainsthunger.org ،

لە کاتژمێر 8:30 ی بەیانی تا 4ی ئێوارە

Interested companies should submit their offer in one Seal Envelope, the Envelope should be a sealed non-identifiable envelope, with the words "not to be opened before the tender opening session" written in English. Submission of tender will be by either Hand or any mail service**. No Email submission will be accepted.**

کۆمپانیای ئارەزوومەندەکان دەتوانن عەرزەکەیان بە یەک زەرفی مۆرکراو پێشکەش بکەن. دەبی زەرفی مۆرکراو نەناسراو بێت لەگەڵ ووشەی " نابێ بکرێتەوە پێش ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەکان" وە بەئینگلیزی نووسرابێت. . تەندەرەکە دەبێ یا بە دەستی پێشکەش بکرێت وەیا خود بە ناردنی پۆستەوە ، **هەر تەندەرێك بە بێئیمێلەوە بنێردرێت قەبوولڕ نیە**

Action Against Hunger does not bind itself to award the tender to the lowest tender or any bid and reserves the right to accept the whole or part of the tender.

ڕێکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) خۆی نابەستێت بە بەخشینی تەندەر بە کەمترین تەندەر و پێشکەش کردن بەلاّم مافی قەبوولڕ کردنی تەواو یا بەشێك لە تەندەرەکەی هەیە.

The deadline for submission of tenders is **June 18th at 4pm (Iraq time)**.

دوا مۆلەتی پێشکەش کردنی ئەم تەندەرە لە **18 ی حزیران 2019 یە**، لە کاتژمێر 4 ی ئێوارە (بەکاتی عیراقی).

فەرمانگەی دادنووسی هەولێر/ ئێواران
ژمارە/ ٤٤٩/١
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٦
هۆشدار: پارێزەر (شهلاء علی حسین) بریکاری (ایوب عمر اسماعیل)
هۆشداریکراو: (عمر عولا ابراهیم) خاوەنی پرۆژەی لایم لایت.
بەرێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن پارێزەر (شهلاء علی حسین/ بریکاری (ایوب عمر اسماعیل) بە ژمارە ١/١٣٨ لە ٢٠١٩/٤/٢٩ لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت دیار نییە بەپێی نووسراوی بنکەی پۆلیسی کەسنەزان بە ژمارە (٢١٤٨) لە ٢٠١٩/٥/٦ وە (اشعار)ی موختاری کۆمەڵگای ژیان ستی رێکەوتی ٢٠١٩/٥/١٣ سەبارەت بەنەدانی پارەی گرێبەستی خزمەت گوزاری ئەندازیاری و کاری سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکە، بۆیە لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەوە ئاگاداری بەرێزت دەکەینەوە.
عبدالله خلیل اسماعیل
دادنووسی یەکەمی هەولێر ئێواران
***
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەولێر/١
جاردانی داوکاری سەر لەنوێ تۆمارکردنەوەی خانووبەرە
بەپێی ئەو داواکارییەی لە رێکەوتی ٢٠١٩/٤/١ پێشکەش بەم بەڕێوەبەرایەتیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی مولکی ژمارە (٩٤/٨٨) کەرتی (٤٤ وارش) بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر کە لەڕێز دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەک خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەندارییەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) سالی (١٩٧١) تۆماربکرێتەوە جا هەرکەسێک پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ سی رۆژ) لە رۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی رۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینە کە لەو رۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت.
بەڕێوەبەر/ هێور محمد احمد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە: ٢٠١٩/٣٤٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٦
ئاگاداری
بۆ داوالێکراوی جێبەجێکردن/ اسماعیل بیوک شاهین بەڕێوەبەری کۆمپانیای (K.L.B / تورکی/ سەرەرای کارەکەی کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبوونت نادیارە ئاگادارت دەکەینەوە کە داواکاری جێبەجێکردن/ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی هەرێمی کوردستان سەرەرای کارەکەی) لەرێگای فەرمانبەری یاسایی (رێکەوت محمد همزە) وە ناوەرۆکی بریاری دادگای بەرایی سلێمانی/١ بە ژمارە ١٥٥٢/ب/٢٠١٤ کە لە ٢٠١٨/٧/٢٤ دەرچووە جێبەجێکردووە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لە ٢٠١٩/٢/١٨ وە بڕی قەرزی ئەستۆت بەڕەسمی جێبەجێکردنەوەو اتعاب محاماتەوە ٣,٠٨٩,٧٥٣,٣٧٤ سێ ملیار و هەشتاو نۆ ملیون و حەوت سەدو پەنجاو سێ هەزار و سێ سەدو حەفتاو چوار دینارە.
لەبەر ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان روون بۆتەوە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی شرحی راگەیەنەری دادی و مختاری گەرەکی (بەختیاری کۆن) بۆیە بریارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لەماوەی (١٥) پانزە رۆژدا کە دەست پێ دەکات لەرۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەدا و کات ژمێر ٩ی سەر لەبەیانی لەرۆژی مزایدەکە لە بەڕێوەبەرایەتیان ئامادەبێت بەمەبەستی دانانی رێژەی ١٠٪ی تأمینات وە رەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کرێارەو وە زیادکردنەکە کات ژمێر (١٢)ی نیوەرۆ لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام ئەدەرێت.
* زانیاری لەسەر مولکەکە:-
- خاوەن قەرز: میدیا علی محمد سعید
- قەرزار: (محمود علی محمد صلاح)
- جۆری راکیراو: مولکی پوخت
- ژمارەی مولکەکە: ٩٨/١٤٢ کەرتی ١ مەلکەندی دباشان
- سنور و ئاوەدانیەکە: وەك لە نەخشەکەدا تۆمارە
- شوێنی خانووبەرە: گەرەکی ابراهیم پاشا نزیك کۆمپانیای بەیزا
- جۆری: خانوو
شێوازی: باشە
نیشتەجێکانی: مالّی براو خوشکی قەرزار
پاشکۆی زانیارییەکان لەسەر مولکەکە:
پێکهاتەکانی: هەیوانێك و ژوورێکی دانیشتن و مطبخ و ژووری نوستن لە حەوشەکەدا ژوورێك و مشتملاتێك هەیە واتە دوو خانووە لەسەر هەمان زەوی
* روپێوەکەی: روبەری زەوی یەکە بەگشتی ٤٢٥م٢
روبەری بیناکە: ٢٢٥م٢
نرخی خەملێنراوی ام زەوی: ٩٦٠٠٠٠ نۆسەدو شەست هەزار دینار
نرخی خەملێنەراوی ١م بینا: ١٦٠٠٠٠ سەدو شەست هەزار دینار
کۆی گشتی نرخی مولك: ٤٤٤,٠٠٠,٠٠٠ چوار سەدو چل و چوار ملیۆن دیناری عیراقی
بەشی قەرزار لەو مولکەدا: ٧٠,٦٣٦,٣٦٣ حەفتا ملیون و شەش سەدو سی و شەش هەزارو سێ سەدو سێ دینار.
جێبەجێکاری داد/ شۆخان جلیل محمد
***
دادگای بەرایی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٠١٩/٤/٢٨
بەروار:
ئاگاداری
پشت بەستن بە بریارێك کە لەم دادگایە دەرچووە لەبەرواری ٢٠١٥/٦/١ سەبارەت بەنەهێشتنی هاوبەشەکانی لەسەر مولکی ئاماژە بۆ کراو لەخوارەوە هاتووە بە فرۆشتنی لەبەر ئەوەی شیاوی بەش کردن نەبوو لەنێوان هاوبەشەکانی لەبەر ئەوە ئەم مولکە دانرا لەزیادکردنێکی ئاشکرا بۆ ماوەی ٣٠ سی رۆژ لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە لەرۆژنامەیەکی رەسمی دا وە لەبەر ئەوەی هەرکەسێك ئارەزووی کرینی هەیە لە هاوبەشەکانی یان هەرکەسێکی تر بێجگە لە هاوبەشەکانی سەردانی ئەم دادگایە بکات بەمەرجێك ١٠٪ی بارمتە بهێنێ لەنرخی خەملێنراو ئەگەر هاوبەشەکانی بوو لێی ئەبوریت بەپێی ئەو بەشەی کە هەیەتی لە مولکەکە لەکاتی تەواوبوونی ماوەی یاساییدا لەکات ژمێر ١٢ی نیوەرۆ دواهەمین رۆژی زیادکردنەکە دەست پێدەکات و رەوانەی بنبڕیش بۆ ئارەزوومەندی کۆتایی بەپەیانکەیەوە ئاشکرا دەکرێت ئەگەر رۆژی زیادکردنەکە بەر پشووی رەسمی کەوت ئەوا ئەو رۆژەی کەدێت بەرۆژی زیادکردن دادەنرێت رەسمی تۆمارکردن و بانگەوازیش لەسەر کرێارە.
دادوەری یەکەم/ اسماعیل عمر احمد
شوێنی زیادکردنەکە/ دادگای بەرایی سلێمانی
ژمارەی مولك و وەصف و جۆر و نرخە کە ی :
١- ٣٢٢/٢٠٢ کەرتی ٢ قرگە رووبەرەکەی ١٨٠م رووەو باشووری رۆژهەلاتە نرخی خەملێنراو ٣٦٠٠٠٠٠٠ سی و شەش ملیۆن دینار ژمارەی داواکە ١١٦٨/ب/٢٠١٥.
٢- ٥٥/٢٠٢ کەرتی ٢ قرگە رووبەرەکەی ١٦٠م رووەو باشووری رۆژئاوایە نرخی خەملێنراو ٣٥٠٠٠٠٠٠ سی و پێنج ملیون دینار ژمارەی داواکە ١١٧٨/ب/٢٠١٥.
٣- ٢٥٦/٢٠٢ کەرتی ٢ قرگە رووبەرەکەی ٢٠٠م رووەو باکووری رۆژهەلاتە نرخی خەملێنراو ٣٦٠٠٠٠٠٠ سی و شەش ملیۆن دینار ژمارەی داواکە ١١٦٩/ب/٢٠١٥.
٤- ٢٥٢/٢٠٢ کەرتی ٢ قرگە رووبەرەکەی ٢٠٠م رووەو باکووری رۆژهەلاتە ژمارەی داواکە ١١٧٩/ب/٢٠١٥ نرخی خەملێنراو ٣٣٠٠٠٠٠٠ سی و سێ ملیۆن دینار.
٥- ٢٧/٢٠٢ کەرتی ٢ قرگە رووبەرەکەی ٢٠٢,٥٠م رووەو باکووری رۆژئاوایە ژمارەی داواکە ١١٧٦/ب/٢٠١٥ نرخی خەملێنراو ٣٠٠٠٠٠٠٠ سی ملیۆن دینار.
٦- ٢٦/٢٠٢ کەرتی ٢ قرگە رووبەرەکەی ٢٠٢,٥٠م رووەو رۆژهەلاتە نرخی خەملێنراو ٣٢٠٠٠٠٠٠ سی و دوو ملیۆن دینار ژمارەی داواکە ١١٧٥/ب/٢٠١٥.
٧- ٢٥٤/٢٠٢ کەرتی ٢ قرگە رووبەرەکەی ٢٠٠م رووەو باکووری رۆژهەلاتە ژمارەی داواکە ١١٧٠/ب/٢٠١٥ نرخی خەملێنراو ٣٦٠٠٠٠٠٠ سی و شەش ملیۆن دینار.
٨- ٣٠٢/٢٠٢ کەرتی ٢ قرگە رووبەرەکەی ١٨٠م رووەو باشووری رۆژهەلاتە ژمارەی داواکە ١١٧١/ب/٢٠١٥ نرخی خەملێنراو ٣٨٠٠٠٠٠٠ سی و هەشت ملیۆن دینار.
٩- ٢٥/٢٠٢ کەرتی ٢ قرگە رووبەرەکەی ٢٠٢,٥٠م رووەو باکووری رۆژئاوایە ژمارەی داواکە ١١٧٤/ب/٢٠١٥ نرخی خەملێنراو ٣٢٠٠٠٠٠٠ سی و دوو ملیۆن دینار.
١٠- ٢٩٤/٢٠٢ کەرتی ٢ قرگە رووبەرەکەی ١٨٠م رووەو باشووری رۆژهەلاتە ژمارەی داواکە ١١٧٢/ب/٢٠١٥ نرخی خەملێنراو ٣٨٠٠٠٠٠٠ سی و هەشت ملیۆن دینار.
ئەم (١٠) پارچە زەوی یە زەوی نیشتەجێن هیچ خزمەتگوزاریان نییە شوێنەکانیان چاڵە نزیکەی ٥٠٠ مەتر دوورە لەسەر شەقامی سەرەکی نەخۆشخانەی شۆرش بۆ سەر شەقامی سەرەکی عەربەت و نزیکی سەر قەبرانەو نوێ کەیە بەدەستە چەپ بۆ سەرەوە.
تێبینی/ دەبێت بارمتەکە بەچەکی مصدق یان کەفالەتی مصرفی بێت لەبانکی ئەزمەڕ وە پێناسەی باری شارستانی خۆی پێ بێت.
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەلدەستێت بە بەکرێدانی رووبەری ٤٠٠٠م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٣) ك ١٠/ سوێرێ رێگای هەولێر-گوێر بەمەبەستی دروستکردنی گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێل بۆ ماوەی (٥) پێنج سال بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی سالی ١٩٨٦ و رێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی سالی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری هەولێر بدات لەماوەی ٣٠ رۆژ کە دەست پێدەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات ١٠ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی ٢٠٪ یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێنراو, گشت خەرجیەکانی بەکرێدانیش لە ئەستۆی کرێچییە.
د. کمال طیب قادر
بەرێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری
***
سەرۆکایەتیا باژێڕقانیا زاخۆ
ژمارە/ ٢٢١٢/٣٠١/٣/٢
میژوو/ ٢٠١٩/٥/١٩
ئاگەهداری
لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە ٣ ژ یاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ێ سالا ١٩٨٦ێ سەروکایەتیا باژێڕقانیا زاخو رادگەهێنێت ژ بۆ هەبوونا سەر ئێك زیاد کردنەکا ئاشکرا ژ بۆ کرێکرنا کافیتریا دنـاف پـارکا زاخـو لدەڤـەرا پیشەسـازیا کەڤـن ب رووبـەرێ ٥٦٥م٢ بـۆ مـاوێ ٣ سـالا ئەڤجـا دەسـتپێکی تامینـات أولیـە ب بـرێ ٢٠٪ ژ بەرامبەریـا پێشـکێش کـری البـدل المقـدر د مـاوێ ٣٠ روژا دا ژ بـەروارا بەلاڤکرنـا ئاگەهداریـێ د روژنامـا فەرمـی دا و سـەرئێك زێدەکـرن دێ ل دیوانـا سـەروکایەتیا باژێڕقانیـا زاخـو هێتـە کـرن پشـتی بـداوی هاتنـا مـاوێ بەلاڤکرنـێ ب روژەکـێ و هەرکەسـێ سـەر ئێـك زێدەکـرن بگەهتـێ دێ کرێیـن بەلاڤکرنـی و ئاگەهـداری و گشـت خەرجیـا سـەرەدەرکت.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکێ باژێڕقانیا زاخو
***
دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە/٢٣٤/ب/٢٠١٩/٢
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو دەرباز مجید امین بەرێوبەری کۆمپانیای Vita سەرەرای کارەکەی
داواکار (بەرێوبـەری رێپێـدراوی کۆمپانیـای الحیـاة سـەرەرای کارەکـەی داوای ژمـارە ٢٣٤/ب/٢٠١٩/٢ی لەسـەرتان تۆمارکـردووە و تیایـدا داوا دەکات بـە گەراندنـەوەی بـری پـارەی (١٩,٥٢٨,٣٨٠) نـۆزدە ملیـۆن و پێنـج سـەد و بیسـت و هەشـت هـەزار و سـێ سـەد و هەشـتا دینـاری عێراقـی و لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختـاری پارێـزگای هەولێـر/ گەرەکـی کشـتوکال لـە ٢٠١٩/٤/٢٣ بڕیـە دادگا بریاریـدا بـە پێراگەیاندنت لـە رێگـەی رۆژنامـەی رۆژانـەی ناوخـۆی هەرێمـی کوردسـتان بـە ئامادەبوونـی خۆتـان یاخـود بریـکاری یاسـاییتان لـە دادبینـی رۆژی ٢٠١٩/٦/١١بـە پێچەوانـەوە دادبینـی ئەنجـام دەدرێـت دەهەقتـان بەپێـی یاسـا.
دادوەر/ سرکوت رسول طه
***
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ١١٢٤/ب/٢٠١٩/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو دلۆڤان دلێر عبدالقادر
داواکار بەرێوبـەری رێپێـدراوی کۆمپانیـای First ray داوای ژمـارە/ ١١٢٤/ ب/٢٠١٩/١ لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لەسـەرتان لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنی نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری گەرەکـی هەرشـەم و نۆبـل لـە ٢٠١٩/٥/١٣ بۆیـە ئـەم دادگایـە بریـاری دا بـە پێراگەیاندنت لـە رێـگای دوو رۆژنامـەی رۆژانـەی ناوخۆیـی بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە بـۆ رۆژی دادبینـی ٢٠١٩/٦/٢٣ کات ٩ی بەیانـی بـە پێچەوانـەوە دادبینـی ئەنجـام دەدرێـت دەرهەقتـان بەپێـی یاسـا.
دادوەر/ سەرکەوت طه رسول

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

REQUEST FOR PROPOSAL (RFP)

REHABILITATION OF SHEIKHAN GENERAL AND EMERGENCY HOSPITAL IN DUHOK, IRAQ

1. Requirement:

The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR), Erbil, invites qualified bidders duly registered with the Government of Iraq to make a firm offer **Rehabilitation of Sheikhan General and Emergency Hospital in Duhok, Iraq.**

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents
HCR/IRQER/2019/RFP-021	REHABILITATION OF SHEIKHAN GENERAL AND EMERGENCY HOSPITAL IN DUHOK, IRAQ	1. The RFP document available at the link below for downloading; https://www.ungm.org/Public/Notice/ 90689 2. The RFP Documents can also be requested by sending an email to gurungd@unhcr.org Please quote reference in HCR/IRQER/2019/RFP-021 in the subject

2. IMPORTANT DATES FOR THIS RFP:

Action	Deadline (Date and Time – Iraq Time)
Tender available to vendors	16/05/2019 to 15/06/2019
Mandatory - Site visit	Venue: Sheikhan General and Emergency Hospital in Duhok, Iraq. Date/Time : 28/05/ 2019 from 10:00 Hrs Iraq Time
Last day for Queries	01/06/2019 – 17.00 hours, Iraq Local Time
Closing date for submission of bids	15/06/2019 – 23.59 hours, Iraq Local Time

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM website

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

REQUEST FOR PROPOSAL (RFP)

FRAME AGREEMENT FOR CARE AND MAINTENANCE PROJECT FOR REFUGEE CAMPS AND IDP CAMPS IN ERBIL, IRAQ

1. Requirement:

The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR), Erbil, invites qualified bidders duly registered with the Government of Iraq to make a firm offer for frame agreement for Care and Maintenance Project for Refugee Camps and IDP Camps in Erbil, Iraq.

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents
HCR/IRQER/2019/RFP-023	CARE AND MAINTENANCE PROJECT FOR REFUGEE CAMPS AND IDP CAMPS IN ERBIL, IRAQ	1. The RFP document available at the link below for downloading; https://www.ungm.org/Public/Notice/ 90687 2. The RFP Documents can also be requested by sending an email to gurungd@unhcr.org Please quote reference in HCR/IRQER/2019/RFP-023 in the subject

2. IMPORTANT DATES FOR THIS RFP:

Action	Deadline (Date and Time – Iraq Time)
Tender available to vendors	16/05/2019 to 15/06/2019
Mandatory - Site visit	Venue 1: Kawargosk Refugee Camp Date/Time: 26/05/ 2019 at 10:00am Local Iraq Time Venue 2: Hassan sham U2 IDP Camp Date/Time: 26/05/ 2019 at 15:00pm Local Iraq Time
Last day for Queries	01/06/2019 – 17.00 hours, Iraq Local Time
Closing date for submission of bids	15/06/2019 – 23.59 hours, Iraq Local Time

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM website

سەرکێشیەکانی ترامپ



شۆڕش خالید ئازگەیی
بەشی یەکەم

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هەر سەرۆکێک و سەرکردەیەکی سیاسی، توانستی بەرهەمهێنانی ئەو بڕوا و متمانەیەیە کە کەسایەتی سەرۆک لە میانەی ماوەی حوکمڕانیدا بتوانێ دەستی بخات و بنکە جەماوەرییەکەی بهێنێتە سەر شارێگای بڕواهێنان بە بەڵێن و لێدوان و سیاسەت و ئاخافتنەکانیەوە. ڕەگەزە شاراوە پۆپۆلیستیە دەمارگیریەکانی دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمریکا، دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر ماوەی حوکمڕانیدا هەنوکە بۆ هیچ کەسێک داپۆشراو و شاراوە و تەماوی نین. لە دونیای سیاسەت بە گشتی و ڕۆژئاوا بە تایبەتی هەمیشە ڕادەی مسداقیەتی سەرۆک بەردی بناغەی دریژەپێدانی حوکمڕانی و مسۆگەرکردنی ئایندەی سیاسی و بنکەی جەماوەری بەرفراوان و یەکپارچە و وەفاداربووە.

بەردەر لەمە هەر جۆرە خۆلادانێک لە ڕاستیەکان و شاردنەوەیان لە ڕای گشتی و پەردەپۆشکردنی حەقیقەتی ڕووداوەکانی ڕۆژانەی پەیوەست بە کاروباری وڵات و هاونیشتیمانیانەوە، یان هەوڵدان بۆ چەواشەکاری و بە لاڕێدابردنی بە ئەنقەست، دواجار بە گران لەسەر خودی سەرۆک و پارت و لایەنە سیاسیەکەی پشتیەوە دەوەستێ و لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا باجی چەواشەکاری و لەخشتەبردنی جەماوەر، ڕووبەڕووی سەرۆکی نابەڕپرسیار دەکرێتەوە.

پۆپۆلیزمی نەژادی

پەیوەست بە ئەمریکا، هەوادار و دەنگدەرانی کۆماریەکان لە دوو ساڵی ڕابردوودا تەواو ئاگاداری هەڵسوکەوتە ناهەماهەنگ و پۆپۆلیستی و چەواشەکاری و درۆکانی سەرۆکن، لێ تا بۆیان بکرێ خۆیانی لێ نەبان دەکەن و لە جیاتی دانانی هێمای پرسیار لەسەر ڕادەی بڕوا و متمانە بە سەرۆک و لێدوانەکانی دەمیەکانیەوە، تەواو پشتگیری خۆیانی بۆ دووپات دەکەنەوە. لایەنگرانی سەرۆک و شێت و شەیدایانی ترامپ و ئایدیای ترامپیزم و دەروێشانی ڕێبازە تووند و ڕاستڕۆییەکانی، هەموو درۆ و لێدوانە چەواشەکاریەکانی ترامپ بە یەک ڕستە وەڵام دەدەنەوە: "just Trump being Trump". تەنیا ترامپ، ترامپ بێت".

ئەم ڕستەیە دەرخەر و بەڵگەیە لەسەر جۆری بیرکردنەوەی لایەنگرانی سەرۆکی ئەمریکا. ئەمان بە بوونی سەرۆکێکی وا تووندڕەو و پۆپۆلیست و ڕاستڕۆی پەرتکەرەوە دڵشادن و شانازیشی پێوە دەکەن. ئەمان هەست دەکەن جارێکی تر شکۆ و هێز و هەیبەت و پێگە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاستی جیهان گەڕاوەتەوە. لە ڕووی دەروونناسیەوە بنکە جەماوەریەکەی سەرۆکی ئەمریکا بەشێکن لەو دونیایەی ترامپ بۆیانی وێنا دەکات. جیهانێک سەرلەبەری نۆرم و تێگەیشتن و هەستی ناسیۆنالیزمی سەردەمی پۆست ئۆباما، تیایدا گەشە دەکات و گشت ڕەنگ و بۆن و بەرامە و نۆرم و بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژی و ئایدیاکانی تر لە بنەماوە ڕێت دەکاتەوە. تەنانەت گشت هەواڵێکی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکا ئەگەر بە دڵی ئەو نەبێت بە هەواڵی ساختە Fake Newsدەچوێنێ و لە نرخ و بایەخەکەی کەم دەکاتەوە.جەماوەری حەماسی حەزیان لە چی بێ، سەرۆک باسی ئەویان بۆ دەکات و سڵ لە پەلاماردان و ناوهێنان و ناوزڕاندن و بچوککردنەوە و پێشێل کردنی ماف و تایبەتمەندی هیچ کەسایەتی و لایەنێکی دیاریکراو و وڵاتێک ناکاتەوە. ئەم ناسیۆنالیزمە تازەیەی ترامپ سەرکردایەتی دەکات، تێکەڵەیەکە لە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەپەرەستی سەردەستی سپی پێست (فاشیزمی سپی یا فاشیزمی مۆدیرن یا فاشیزمی نەژادی ...لە وتارێکی دیکەدا دەپرژێمە سەری) و دەمارگیری نەژادی لە لایەک و هێزی فەرمانڕەوایی کردنی جیهان و گێرانەوەی پێگە ستراتیژی و سیاسی و سەربازی و ئابوریەکەی بۆ دۆخی جاران، لە لایەکی ترەوە. بەڵام بێ ئاگا لەوەی جیهانی ئێستا لە زۆر ڕووەوە زۆر جیاوازترە لەو جیهان و حیکایەت و ڕووداوانەی لە سەدەی ڕابردوو مرۆڤایەتی شاهیدی بوو و تیایدا دەژیا.

گەر لەم دەلاقەیەوە لە دۆخی ئێستای ئەمریکا بڕوانین و لە ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردووەوە ورد بینەوە، نیشانە و هێماکانی ئەم تایپەلە بیرکردنەوەیەمان بە ئاشکرا بۆ دەردەکەوێ. تایپێک بەردەوام حەزی لە ئاڵۆزکردنی دۆخی وڵاتان و تێکدانی ئاسایشی ناوچە جیاجیاکان و سەپاندنی هەژمونی سەربازی و ئابوری و سیاسیەکەیە و هەوڵی ڕەهای سەرکردایەتیکردنی جیهان دەدات.لە دونیای سیاسەتدا هەمیشە هێزی ئابوری توانیویەتی پاڵپشتێکی بەهێز و نکۆڵی لێنەکراوی بونیادنانی هێزی سیاسی و دیپلۆماسی بێت و لەپاڵ ئەم دوو فاکتەرەشدا بونیادی پتەوی هێزی سەربازی توانیویەتی ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە بەخشینی نازناوی زلهێز ببەخشێتەوە وڵاتانەوە.

ئاوڕێک لە ڕابردوو

میژووی ململانێکانی جەنگی سارد و ڕووداوەکانی سەدەی ڕابردوو پێمان دەڵێن، ئەمریکا لە سەدەی ڕابردوودا توانی بە سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنە خێراکانی بواری تێکنۆلۆژیا و سەربازی و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتان، ئەم ڕۆڵە بۆ خۆی دەستەبەر بکات و لە چەندین بەرەوە لەگەڵ ئەو وڵاتانە بکەوێتە ململانێوە، ئامادە نەبوون مل بۆ داواکاریەکانی بدەن و بکەونە ژێر هەژمونیەوە.دوای کۆتایی دووەم جەنگی جیهانی، ئەمریکا سەرکردایەتی بەرەی دژە نازیسم و دەمارگیری ناسیۆنالیزمی وێرانکەری ئەڵمانیای گرتە دەست و توانی بەهۆی دووبرونی لە سنووەرەکانی جەنگەوە، ئەورووپای ڕۆژئاوا بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بۆیە دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر پەیمانی ناتۆی دژی بلۆکی کۆمۆنیزمی ئەورووپای ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند و بەدرێژایی ساڵانی جەنگی سارەوە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە سەپاندنی شەرت و مەرجەکانی خۆی بەسەر ئەورووپای ڕۆژئاوادا گێڕا و چەندین بنکە و بارەگای سەربازی لە ئەورووپا دامەزراند. لەهەمان کاتیشدا هاوکاریەکی بەرفراوانی وڵاتانی زیانلێکەتووی ئەورووپای ڕۆژئاوای کرد لە چوارچێوەی هاوکاریە مادیەکان بە ناوی پلانی مارشاڵەوە.

ئەم بۆچوونە (زلهێز و پۆلیسی نێودەوڵەتی) ڕەنگە ڕەگو ڕیشەکەی بۆ میژووی سێ سەد ساڵی ڕابردووی دروست بوونی ئەمریکا بگەڕێتەوە. بەڵام بە کەمێک خاڵی جیاوازەوە. سەرۆک و سەرکردە و پیاوانی بواری سەربازی و سیاسی ئەمریکا دوای تێپەڕاندنی جەنگێکی ماڵوێرانکاری ناوەخۆ و بەزاندنی گشت کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم هێنانەکایەی وڵاتێک بە ناوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، توانیان جۆرێک لە پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە لە نێوان چین و تۆڕ و ڕەگەزە جیاوازە کۆچەریەکانی ئەم وڵاتە بهێننە کایەوە و هەنگاو بەرەو دامەزراندنی نیشتیمانێک بنێن بە ناوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەم وڵاتە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە توانی میژووی شەڕ و شۆڕ و پێکدادان و جەنگە ناوەخۆییەکانی تێپەڕێنی و بەرەو پێشکەوتن و شارستانیەتی مۆدێرن ئاراستە بگرێ. بەڵام سەیرەکە لەوەدایە وڵاتێک بەم گەورەیی و پانتا بەرفراوان و ژمارە زۆرەی دانیشتوانیەوە تەنیا خاوەنی دوو پارت و دوو تایپ لە ئایدیا وجۆرە فکر و ئایدیۆلۆژیای حزبایەتی و کاری سیاسیە.



قوربانیانی گەورەترین هەڵبژاردن لە جیهاندا

ڕۆژی 17ی نیسانی ڕابردوو گەورەترین پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و گشتی لەسەر ئاستی جیهان لە ئەندەنوسیا ئەنجام درا و تیایدا لە ماوەی تەنیا 7کاتژمێردا 193ملیۆن کەس دەنگیان دا و ڕێژەی بەشداربوون زیاتر لە 80%بوو . لە پرۆسەکەدا زیاتر لە 800هەزار بنکەی دەنگدان ئامادە کرابوو . دوای تەواوبوونی پرۆسەکە ، دەست بە جیاکردنەوە و هەژمارکردنی دەنگەکان کرا ، لەو بارەوە بەرپرسێکی حکومی لە ئەندەنوسیا ڕایگەیاند کە بەهۆی کاری بەردەوام و نەخۆشی و ماندووبوونەوە 272کارمەند گیانیان لەدەست داوە و 1878کارمەندی دیکەش نەخۆش کەوتوون .

وێنە وکۆمێنت

سەرەڕای ئەوەی...

سالی 1902:
کوبا لە ئەمەریکا جیابووەوە و بوو بە کۆمارێکی سەربەخۆ.





سالی 1934:
ڕێککەوتننامەی تائیف مۆر کرا و بەهۆیەوە کۆتایی بە شەڕی نێوان یەمەن و سعودیە هێنرا .



سالی 2002:
تەیموری ڕۆژهەڵات لە ئەندەنوسیا جیابووەوە و سەربەخۆیی ڕاگەیاند .



سالی 2007:
لە شاری تەرابلوس شەڕ لە نێوان سوپای لوبنان و گرووپی فەتحولئیسلام بەرپا بوو .



سالی 2015:
چەکدارانی داعش شاری تەدموری میژوویبیان لە سوریا داگیر کرد .



سالی 2018:
نیکۆلاس مادۆرۆ بۆ جاری سێیەم وەک سەرۆکی ڤەنزویلا هەڵبژێردرایەوە .

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/5/20 ژمارە (5753)



دیموکراسیەتی شەیتان ...

خۆپێچانەوە لە عێراق و پەیامناردن بۆ ئێران ..!!

غازی حەسەن

شەڕی لەناکاو و هێرشی بەدزی و وەڵامدانەوەی کتوپڕ و پێشوەختە باوی نەماوە، ئەمەش پەیوەندی بەو کەش و گەشەکردن و پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەوە هەیە، کە لەبواری پەیوەندیکردنە بەدیهێناوە. من ناوی دەنێم (دیموکراسیەتی شەیتان)، چونکە هێرشکەر و داکۆکیکار زۆر دیموکراسیانە و بەئاشکرایی بەرنامە و هێز و ئامادەکارییەکانیان بۆ جەنگی چاوەڕوانکراو ئاشکرا دەکەن و هوشداری دەدەن و سیناریۆکانیان دزە پێ دەکەن و جۆری گورز وەشاندن و ڕێگاکانی هێرش و شێوازی شەڕی دەروونی و ڕاگەیاندن ڕاستەوخۆ دەخەنە بەردەم ڕکابەرەکانیان.

لەم جۆرە جەنگەشدا لەسایەی ئەم ڕێبازەوە (دیموکراسیەتی شەیتان) پێش دەستپێکردنی شەڕی هەقیقی بەشێکی سوپای ڕکابەرەکەیان بەشەڕی دەروونی دەڕوخێنن، بروسکە گوتار و گوتاری ڕاستەوخۆ ئامرازی سەرەکی ململانێکانە.ئەمەریکا و ئەلمانیا و بەریتانیا و هۆڵەندا ڕایانگەیاند هێزەکانیان لە عێراق لە ترسی هێرشی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی خستوتە دۆخی ئامادەباشییەوە. ئەمەریکا کارمەندە نافەرمییەکانی لە بەغدا و هەولێر ئاگادار کردۆتەوە عێراق جێ بهێڵن و ئەلمانیا و هۆڵەندا و ئەمەریکاش بە شێوەیەکی کاتی پرۆگرامی مەشقی سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەیان ڕاگرتووە. بەریتانیاش هێزەکانی خستۆتە ئامادەباشییەوە. بەپێی ئەو جموجۆڵ و خۆئامادەکردنە بێت، ئەمەریکا ترسی لەنێو دۆخی عێراق هەیە و داوای لەبەرپرسانی بەغداش کردووە مەسەلەی ئاسایش و نەهێشتنی میلیشیاکان چارەسەر بکەن .پێدەچێت هەندێک بەرپرسی عێراق لەژێر کاریگەری و زانیارییەکانی ئێران و دۆستەکانیان هوشداریەکەی ئەمەریکایان بەجدی وەرنەگرتبێت، بەپێچەوانەوە وەزارەتی دەرەوەی عێراق دەڵێت وڵات ئارامە و ئەمەریکاش بڕیاری لەو جۆرانەی نەداوە، کە لە میدیا باس دەکرێت. کەچی عەلاوی ڕایگەیاند "سەکۆی موشەک هاوێژ لە بەسرە دژی هێزەکانی ئەمەریکا دانراوە". عامریش لە ڕۆژنامەی ئەندێنەدنت دەڵێت "عێراق دەکەینە ڤێتنامی دووەم"، لەهەمان کاتدا بۆ گەڕان بەدوای جێگرەوەی بازرگانی و ئابووری عەبدولمەهدی، کە دەسەلاتێکی لاوازی هەیە، لەلایەن تونڕەوە سیاسییەکانی شیعە کار بۆ ڕووخاندنی دەکرێت، سەردانی تورکیای کرد.گرنگ ئەوەی ڕووەدات پێچەوانەی شەڕی کلاسیکی و بەکارهێنانی هێزی سەربازی پیادەیە، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی دوور نییە چەکی تازەیان، دوای تاقی کردنەوەی نوێترین چەکیان لەشەڕی داعش، لەم ململانێیە تاقی بکەنەوە، لەم دۆخەشدا داهاتێکی گەورە لە عەرەبە هاوپەیمانەکانیان دەست دەخەن. ڕاگەیاندن و شێوازی نوێی جەنگ و ململانێی دیبلۆماسی و سیاسی لەژێر کاریگەری هێزی ڕاگەیاندنداً، ژمارە و زانیاریەکی زۆر لەبارەی ڕکابەری و خۆئامادەکرن بۆ جەنگ ئاشکرا دەکەن، ئەمانەش پەیوەندیان بە(دیموکراسی)ەوە هەیە. لایەنە ناکۆکەکان ئازادانە هێرشی نارڕاستەوخۆی سیاسی خۆیان دەکەن، لایەنگرەکانیش ئامانجەکانیان بەئاشکرا دەخەنە بەردەم ڕایگشتی و چی دیکەش هوشداری بەدزییەوە ئەنجام نادەن. لەوە دەچێت لەدۆخی عێراق و ناوچەکەدا مەترسی و فراوانبوونی دەسەلات و پێگە و ژمارەی هێزە چەکدارە میلیشیاییەکان گەیشتبێتە ئاستێک چی دیکە هەزم نەکرێن. ئەم هەزم نەکردنەش بەشێکە لەجەنگێکی فراوانتر لەناوچەکەدا. پەیوەندی بەمیحوەری فرەخوازی مەزهەبی ئێرانییەکان و تونڕەوی ئایینی و خۆسەپێنی سیاسی و بەرژەوەندی ئابووری وڵاتەکانەوە هەیە. بۆیە زانیاری و شێوازی ڕاگەیاندنی ناکۆکی و ململانێکان پیشانی دەدەن، لەژێر کاریگەری دیموکراسی و سیستەمی حوکمڕانی ئەمەریکا جەنگی دیبلۆماسی و سیاسی و سەربازی و جوواڵاندنی سوپا بەئاشکرا ئەنجام دەدرێت. ئێرانییەکانیش دەڵێن (جەنگ نابێت، ئەم جەنگە تاقی کردنەوەی خودایە بۆ ئێمە، شەڕی دەروونییە... تاد). لەهەر شۆینێک دیموکراسی بنەمای بنەڕەتی و قەناعەتی سەرەکی دەسەلات بێت، هەتا لەدۆخی شەڕیشدا دیموکراسیەت و ڕاگەیاندن بااڵدەست دەبن، بەپێچەوانەش ئەگەر دەسەلات داخراوی ژێر چەکمەی یەکهێز بوو، نەک لەدۆخی شەڕدا، بەڵکو لەدۆخی ئاشتی و ئارامیشدا دیموکراسیەتی گەیاندنی زانیاری سانسۆر دەکرێت.خۆئامادەکردنی ئەمەریکا لە عێراق جۆرێک لەشەڕی هەقیقی پیشان دەدات، کەچی ئەوەی پەیوەندی بەئێرانەوە هەیە، هێشتا وەکو جۆرێک لەپەیام نادرێت، بۆ ئەوەی ئێران ڕێگایەک لەم ڕێگایانە هەڵبژێرێت (دانوستان و ڕازیبوون بەمەرجەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی)، (چاوەڕوانبوون و کات کوشتن تا هەڵبژاردنی ئەمەریکا، بەڵکو ترەمپ بدۆڕێت)، (جەنگ)، ئەم ڕێگایانە ئێران لەنێو جەنگی سزا ئابووریی و دەروونییەکان دادەڕێژێت، ڕەنگە بۆ ئێران جەنگێکی هەقیقی کورتخایەن لەجەنگێکی دیموکراسی شەیتانانەی دڕێژخایەن لەبارتر بێت. ئەوەی ئێمە دەیبینین لە عێراقدا، ئەمەریکا خۆی دەپێچێتەوە و ئامادەباشی دەکات، سەبارەت بەئێرانیش ژمارەی تەلەفۆن و پەیام دەنێرێت، واتە عێراق دەبێت بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات و ئێرانیش بیرێکی قوواڵی لێ بکاتەوە، کامە ڕێگا هەڵدەبژێرێت. گەلێک کەس دەڵێن ئێرانییەکان شەیتانن و زیرەکن دەتوانن خۆیان بپارێزن، بەاڵم ئەمجارە شەڕیان لەگەڵ خودی شەیتانە.

واشنتۆن و تاران.. پشێوی زیاتر و کۆکردنەوەی هێزی سەربازیی زێدەتر



عەبدولقادر کەلهوڕ ژ ئاژانسەکان

لە نێوەندی زێدەبوونی پشێویەکانی نێوان واشنترن و تاران ، وەزارەتی بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (پێنتاگۆن) ئاشکرایکرد، سیستەمێکی موشەکی زەمین ژ ئاسمانی و کەشتییەکی دیکەی فرۆکە هەڵگری ڕەوانەی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست کردووە.کەشتیی فرۆکە هەڵگری یو ئیس ئیس (ئۆرلینگتۆن)، کە لە سەر پشتی کەشتی وشکاوەکی و فرۆکەی جەنگاوەر هەڵدەگرێت ، دەچێتە پاڵ کەشتی فرۆکە هەڵگری ئەبراهام لینکۆڵن لە ئاوەکانی کەنداو، پێشتریش ئەمەریکا ڕایگەیاندبوو کە فرۆکە موشەک هاوێژەکانی لە جۆری بی 52 هێناوەتە بنکەی سەربازی ئەمەریکا لە وڵاتی قەتەر.

پێنتاگۆن ڕایگەیاند ئەو هەنگاوە کاردانەوەیەکە لە هەمبەر مەترسی کردە سەربازییەکانی ئێران بۆ سەر هێزەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە، هەرچەندە ئەمەریکا جۆری ئەو مەترسییانەی ڕوون نەکردەوە کە ئێران سەروبەری هەموو ڕەتدەکاتەوەو ئەو هەنگاوەی ئەمەریکاشی بەوە لە قەڵەمدا کە جەنگێکی دەروونییە تەنیا دەیەوێت ئێرانی پێ بترسێنێت.هەر لەو بارەوە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا (پێنتاگۆن) لە بەیاننامەیەکدا ڕوونیکردەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نایەوێت لەگەڵ ئێران بکەوێتە کێشەو ململانێ، کەچی مەبەستییەتی هێزە سەربازی و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە هەمبەر مەترسییەکانی ئێران بپارێزێت . هەر بۆیە هێزەکانی ویلایەت یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە وردی چاودێری جموجۆڵ و چالاکییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات .بەیاننامەکەی پێنتاگۆن ئاشکرایکرد، هێنانی سیستەمی موشەکی بەرگری پاتریۆت و کرۆز فرۆکە جەنگاوەرە پێشکەوتووەکان و چەسپاندنی لە ناوچەکە بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی ئەگەری هەر هێرشێکی موشەکە باڵیستییەکانی ئێرانە

هەر لەوچوارچێوەی ئەو تەنگژەیەدا ، بەڕپرسانی ئەمەریکا بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکایان ڕاگەیاندووە، کەشتی فرۆکە هەڵگری ئارلینگتۆن پێشتر بڕیاری لەسەر درابوو بچێتە ناوچەی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست و لەوێ جێگیر بێت . بەاڵم پێنتاگۆن پەلەی کرد لە چوونی ئەو کەشتییە فرۆکە هەڵگرە بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتیی بۆ هێزەکانی دیکەی ئەمەریکا لە ناوچەکە و سەرکردایەتی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە ئەگەری زیاتریان لەبەردەست دابێت لەکاتی هەر ئەگەرێکی چاوەڕوان نەکراو یا تەنانەت لەکاتی هێرشکردندا. پێتر ئەمەریکا چەند جارێک هۆشداریدابوو کە ئێران هێرشدەکاتە سەر کەشتییە بازرگانییەکانی ئەمەریکا و شەڕ بە هێزەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە دەفرۆشێت کاتێک بەگەروی دەریایی هورمز تێپەڕ دەبن. دوای ئەوە پشێویەکانی لە نێوان تاران و واشنتۆن پەرەی سەند، بۆیە دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمەریکا بە نزیکەیی پێش ساڵێک بڕیاریدا کە ئێران لە ڕێکەوتنامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران دەکشێتەوەو دواتریش سزای زیاتری بەسەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا سەپاند..هەر لەو چوارچێوە ڕاوێژکاری ئەمنی قەومی ئەمەریکا جۆن بۆڵتۆن ئاماژەیدا، هێنانی هێزە سەربازییەکانی وڵاتەکەی بۆ ناوچەکە پەیامێکە بۆ ڕژێمی ئێران کە هەر مەترسی و هێرشێک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بە تووندی وەاڵمی دەدرێتەوە.

مانشێت



سکای نیوز:
سەرۆکی تورکیا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی لەگەڵ ڕووسیا بەشدار دەبێ لە بەرهەمهێنانی سیستەمی موشەکی ئێس – 500.



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
شانشینی عەرەبی سعودی داوای ئەنجامدانی دوو لوتکەی بەپەلەی لە شاری مەکە کرد .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە هەرێمی هیراتی ئەفغانستان و لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێک ، پێنج مندااڵ گیانیان لەدەست دا .



ئەی ئێف پی:
لە هندۆراس فڕۆکەیەک کەوتەخوارەوە و چوار کەسی کەنەدی و ئەمەریکیەک گیانیان لەدەست دا .



دۆیچە ڤیلە:
دوای تۆمەتبارکردنی بە گەندەڵی ، جێگری ڕاوێژکاری نەمسا دەستی لە کار کێشایەوە و ڕاوێژکاری وڵاتیش داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی کرد.



فرانس 24:
لە هەڵبژاردنەکانی ئوستراليا ئیئتیلافی پارێزگار سەرکەوتنی وەدەست هێنا .





نزیکەی ملیۆنێک جۆرە روەک و گیانلەبەر هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە

تیمێک لە پسپۆڕانی هەردوو جیهانی روەک و گیاندارانی لە راپۆرتێکدا رووندیان کردووەتەوە کەوا لە دەرەنجامی سەرهەڵدانی گۆڕانکارییەکانی کەش و ئاوو هەوادا، ئێستا مەترسی لەناوچوون لەسەر نزیکەی 1 ملیۆن جۆری روەک و گیاندار هەیە.

راپۆرتەکەی لەلایەن 130 وڵاتەوە پشتڕاست کراوەتەوە، لەوانە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) و (رووسیا) و (چین) و ئاماژەی بەوەش داوە کەوا گۆڕانکاری گەورە لەئابووری جیهان و سیستەمی دراو داتوانێت سیستەمی گرنگی ژینگەی داهاتووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی جیهان لەلێواری داڕماندا رزگار بکات.

"تۆڕی ژیانی جۆراوجۆر لەسەر رووی هەسارەی زەوی کەمدەبێتەوە و لێرەوە لاسەنگی تێدا دەردەکەوێت، وە ئەم لەدەستدانە دەرئەنجامی چالاکی ڕاستەوخۆی مرۆڤایەتییەو هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ژیانی ئاسوودەی مرۆڤ لەهەموو جیهاندا "، لە زاری (جۆزێف سیتیلی) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە لە (سەنتەری نێودەوڵەتی زانست و سیاسەتی بواری هەمەجۆرەی بایۆلۆجی و سیستەمی ئیکۆلۆجی) لە (پاریس).

توێژینەوەکە لە لایەن 145 پسپۆڕی 50 وڵات ئامادەکراوەو ئاماژەی داوە بەوەی جیهان لەوانەیە پێویستی بە پەیڕەوکردنی شێوەیەکی ئابووری نوێ هەبێت لەپێناو خۆلادان لەمەترسی نەمان و لەناوچوونی جۆرەها روەک و گیاندارو جۆرەکانی دیکەی زیندەوەران.

ڕاپۆرتەکە ناونراوە (Global Assessment) واتە (هەڵسەنگاندنی جیهانیی) و تیایدا ئاماژە دراوە بەوەی لە نێوان 8 ملیۆن جۆری روەک و گیانلەبەردا لەسەر زەوەی نزیکەی 1 ملیۆنیان، مەترسی لەناوچونیان لەسەرەو لەوانەیە هەندێکیان لەماوی 10 ساڵی داهاتوودا نەمێنن و هۆکارەکەش دەگەڕێنێتەوە بۆ گۆڕانکای کەش و هەوا لە ئاکامی سووتانی خەڵوز نەوت و گاز لە چوارچێوەی چالاکییە پیشەسازییەکاندا.

سەرچاوە: VOA



فڕۆکەی زەبەلاحی (ڕۆک) بەسەرکەوتوویی تاقیکرایەوە

بەدرێژترین باڵی فڕۆکەیەک دادەنرێت تا ئێستا دروستکرابێت و کێشی 227 تەنەو درێژی بۆدییەکەی 72.5 مەترەو بەرزییەکەشی 15.2 مەترە.

" فڕۆکەکە یەکەم تاقیکردنەوەی فڕینی لەسەر کراو هەروەها تاقیکردنەوەی هەڵگرتنی مووشەکیشی لەسەر دەکرێت"، لە زاری (پۆڵ ئەڵان).


" لەچەند هەفتەیەکی داهاتوو و لە فڕۆکەخانەی (مۆهاڤی) تاقیکردنەوەی زیاتر ئەنجامدەدەین بۆ ئەم فڕۆکە بێوێنەیە، بڕیە لەکاتی تاقیکردنەوەدا زۆر بەوردیی (پۆڵ ئەڵان) ی دامەزرێنەرێکی (مایکرۆسۆفت) لەسەر (تویتەر) وێنەی فڕۆکەیەکی ئاسایی زۆر گەورەی بڵاوکردۆتەوە و ناوی لێناوە "ڕۆک"، وەک دەڵێت یەکەم تاقیکردنەوەی فڕینی ئەنجامداوەو لەلایەن کۆمپانیای (Stratolaunch Systems) ی سەر بەر کۆمپانیای (Allen) دروستکراوە و 6 بزوێن لەخۆدەگرێت و لەسەر 28 تایە دەوەستێت و لە 2 بۆدی پێکەوەلکاو پێکدێت.

درێژی باڵەکەی 117 مەترە، کە چاوەڕێری دەکەین و بەرلە هەموو شتێک ڕەچاوی سەلامەتی فڕۆکەوانەکان و کارمەندانی خۆمان دەکەین"، لە زاری (جان فلۆید) ی سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای (Stratolaunch Systems)

پێشبینی دەکرێت کەوا کێشی ئەو فڕۆکەیە بە زۆرترین بارەوە بگاتە 589 تەن و سەرەتا یەکەم مووشەکی "زۆر گەورە" هەڵدەگرێت، دواتر دەتوانێت بەیەک فڕین 3 مووشەک هەڵگرێت.

سەرچاوە: VOA

بەشێک لە پسپۆڕان: "هەسارەی خاوەن ژیان بوونی نییە"



دوای ئەنجامدانی زنجیرەیەک لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی شەبەنگیی چڕوپڕی تایبەت بۆ چەند هەسارەیەکی دەرەکیی (واتە لە دەرەوەی سیستەمی خۆردا) دەرکەوت کەوا تەنانەت ئەو دوو هەسارەیەی کە بەم دواییە دۆزرانەوەو خاوەنی گەورەترین هەلی لەخۆگرتنی ژیانیان هەبووە لەنێو ئەو هەزاران هەسارەیەی کە لەماوەی ئەو سی ساڵەی دواییدا دۆزراونەتەوە، هیچ بنەمایەکی نییە، وە ئەگەر هەشبێت ئەوا بارستایی ئەو جۆرە هەسارانە یەگجار زۆر کەمترن لە زەوی.


لەم بارەیەوە تیمێک لە فەلەکناسانی ئاژانسی (ناسا) کە پسپۆڕن لەبواری دۆزینەوەو لێکۆڵینەوە هەسارەییەکان ڕوونیان کردۆتەوە، سەرەڕای بوونی ئەگەرێک و هیوایەکی زۆری بوونی ژیان لە دەرەوەی زەویدا، کەچی تا ئێستا ئێمەو ئامێرەکانمان نەمانتوانیوە وەک پێویست بگەینە ڕاستیی زانستیی خەسڵەتەکانی ئەو هەسارانەی کە ڕەنگە ژیان لەخۆ بگرن، واتە فەلەکناسان بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕێچکەو بنەمایەکی نا پێویست و نارێکیان داڕشتووە بۆ گەڕان و لێکۆڵینەوەکانیان.

بۆ نموونە، هەسارەی ناسراو بە (جمکەی زەوی) کە ناوە زانستییەکەی (Gliese 581 g) یەو لەساڵی 2010 دۆزرایەوە، کەوتۆتە شوێنێک کە ناسراوە بە (ناوچەی ئاوەدان - Habitable Zone) بەرامبەر بە دووریی لەگەڵ ئەستێرەکەیدا، ئەو ئەستێرەیەش لەجۆری ئەستێرە سوورە بچووکەکانە، بۆیە فەلەکناسان پێشتر هیوایان خواستووە کەوا ئەگەر ئاو لەسەر ئەو هەسارەیەدا هەبێت، دەبێ لە دۆخی شلیدا بێت، ئەمەش ئەگەرەکانی بوونی ژیانی زیاتر دەکرد.

هەروەها هەسارەیەکی دیکە بەناوی (Gliese 581 d) کە لەساڵی 2007 دا دۆزرابۆوە پێدەچوو هەمان خەسڵەتی هەبووبێت، یان ئەو ئەستێرەیەی بەدەوریدا دەخولێتەوە، بەڵام شیکردنەوە کۆتاییەکان بۆ هەردوو هەسارە هەرگیز دڵخۆشکار نەبوون.

لەم بارەیەوەو لە لێدوانێکیدا، (پۆڵ ڕۆبرتسۆن) ی پسپۆڕی زانستی هەسارەکان گوتی: "ژیان لەسەر ئەو دوو هەسارە گرنگ و کاندیدکراوانەدا هەرگیز بوونی نییە، ئا ئەم دوو هەسارەیە لە ڕێگەی پێوانەکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر بڕی پەرچبووەوەی ڕووناکی شکاوەی سەر ڕووەکانیانەوە کەوتوونەتە دەست زانایان، جگە لەوە، هیچ داتایەکی دیکەمان لەبەر دەستدا نییە، بۆیە ناکرێ پشت ببەستین نە بەو ڕێچکەیەو نەبەو داتاو زانیارییانەی کەبەدەستمان دەکەون بۆ ئەو هەسارانەی کە لە بنەڕەتەوە خاوەن بارستاییەکی بچووکیشن"

TRAPPIST-1
بووە دراوسێیەکی نواوەو نزیک لە سیستەمی خۆر



تیمی فەلەکناسانی تلسکۆپی (TRAPPIST) ی تایبەت بە (ڕوانگەی فەلەکی لاسیلا) ی سەربە (ئاژانسی بۆشاییگەربی ئەورۆپی) توانیان 3هەسارە بە دەوری یەکێ لە ئەستێرە هەرە ساردو بچووکەکانی دراوسێیەکانی خۆر بدۆزنەوە کە بارستاییەکەی تەنها 0.08ی بارستایی خۆری ئێمەیەو بە (گرگنە قاوەیی - Brown Dwarf) کان ناسراوە.

پسپۆڕان دەڵێن، پلەی گەرمیی ڕووی ئەستێرەکە کە ناسراوە بە TRAPPIST-1 لە سنووری 2276پلەی سیلیزیی زیاتر نییە، بەڵام لە خۆری ئێمە دەگاتە 6000پلەی سیلیزی.

قەبارەی ئەو ئەستێرەیە کەمێک لە هەسارەی (موشتەری) خۆمان گەورەترەو بەخۆی سیستەمە هەساردییەکەی بە مەودای 39ساڵی ڕوناکی لێمانەوە دوورن و بە خێرایی 56.3کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا لێشمان دوور دەکەونەوە!

سەبارەت بە سێ هەسارەکانی دەوروبەری، ئەوا لەبەر هەردوو خاڵی گرنگی (نزیکییان لە ئەستێرەکەو و نزمیی پلەی گەرمیی خودی ئەستێرەکەش)، پسپۆڕان دەڵێن کەوا هەرسێ هەسارە کەوتوونەتە نێو نێوەندی ناسراو بە (ناوچەی پاڵپشتیکاری ژیان - Habitable Zone) واتە لە ناوچەیەکی نە زۆر گەرم و نەزۆریش ساردن، بۆیە، ئەگەر ئاو هەبێت، ئەوا ڕەنگە لە دۆخی شلی لەسەر ڕووی ئەو هەسارانەدا هەبێ.

هەرسێ هەسارەکە ئێستا ناونراون (TRAPPIST b-c-d) و دوو لەو هەسارانە بەماوەی 1.5و 2.4 ڕۆژ خولێک بە دەوری ئەستێرەکەیدا تەواو دەکات و ئەوەی دیکەشیان لەماوەی نێوان 2.4تا 70 ڕۆژ خولێک تەواو دەکات، هەروەها ماوەی نێوان هەرسێ هەسارەکە لە خۆرەکەیان لەنێوان 20تا 100ئەوەندە نزیکترن لە ماوەی نێوان زەوی و خۆردا.

وا چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتایی ئەمسالێشدا، هەردوو تلسکۆپی ناوداری ئاسمانیی (هابڵ و کیپلەر) تایبەت بکرێن بۆ ڕوانگەکردنێکی وردترو پێشکەوتووتر بۆ ئەو سیستەمە هەسارەیە سەرنجڕاکێشەدا.

سەرچاوە: سایتی NASA

هێشووێک گەلەستێرە ببینە

دەتوانین بڵێین، هەرچی خاڵێکی ڕووناک لەم دیمەنەدا دەیبینیت ئەستێرە نین، بەڵکو گەلەستێرەن!


ئەوەی دەیبینین گۆشەیەکی هێشووی گەلەستێرەیی (کۆما) یە و هەر گەلەستێرەیەکیش لەوانە وەکو گەلەستێرەی خۆمان - مانگی حەوانەوەی هەزارەها ملیۆن ئەستێرەن!

ئەگەرچی بە پێوانە فەلەکییەکان ئەم هێشووە گەلەستێرەییە یەکێکە لە دراوسێیەکانمان، بەڵام ماوەی نێوانمان لە 100ملیۆن ساڵی ڕوناکی کەمتر نییەو تەنانەت خودی تیشکیش پێویستی بە ملیۆنەها ساڵی تا لەوسەر بچێتە ئەوسەری ئەم هێشووە.

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێشی ئەم هێشووە لەوەیە کەوا زۆربەری هەرە زۆری گەلەستێرەکانی نێوی لە جۆری (گۆیی) ەکانە، هەروەها سەرچاوەیەکی یەگجار زۆر بەهێزی تیشکی ئێکس لەم هێشووەدا دەردەچێ و تا ئێستا سەرچاوەکەی بە ڕوونی نەدۆزراوەتەوە.



تەقینەوەیەک دیمەنێکی سەرسوڕهێنەری لێکەوتەوە!



لەژێر چەند هۆکارێکی نەزانراودا، ئەستێرەی ناسراو بە V838 Monoceros و لە پرێکەوەن چینەکانی بەرگی دەرەکی خۆی لەبۆشایی ئاسماندا پەرش و بڵاوکردەوە، پاشان، ڕووناکییەکەشی هێندە زۆربوو تا وایلێهات بووە گەشترین ئەستێرەی بینراو لە نێو هەر هەموو ئەستێرەکانی نێو گەلەستێرەمان، پاشان هێندەی پێنەچوو ئەم ڕووناکییەی کپ بۆوە! تا ئێستا ئەم جۆرە فلاش ڕووناکییەی ئەستێرەیەک بەهیچ شێوەیەک نەبینراوەو دوای هێوربوونەوەی ئەم ڕوداوە فەلەکناسان تانەیەکی زۆر سەیریان بینی لەدەوروبەری ئەستێرەی V838وەک شەپۆلەکانی سەدای دەنگ لەبۆشایی ئاسماندا پەرش و بڵاوبۆوە و زۆر جیاواز بوو لە حاڵەتەکانی تەقینەوەی نۆڤا و سوپەرنۆڤا ی ئەستێرەیی. ماوەی نێوان خۆری ئێمە و ئەم خۆرە نائارام و نائاساییە دەگاتە سنووری 20هەزار ساڵی ڕووناکی بە ئاراستەی کۆستێرەی (مۆنۆسیرۆس) واتە (کەرکەدەن).





پاڵەوانێتی ڕاپیدی خانزاد بەڕێوەدەچێت

رۆژی پینج شەممە 23/5/2019یانەی شەترەنجی خانزاد لە دووەمین چالاکی خۆیدا لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، سێزدەهەمین پاڵەوانیەتی شەترەنجی ڕاپیدی خانزاد ئەنجام دەدات. ئەم پاڵەوانێتییەش کاتژمێر (9:00pm)ی شەو بەڕێوەدەچێت، کە پاڵەوانێتییەکی کراوەی ڕیتی نێودەوڵەتییە (rate) واتە تومار کراوە لەلایەن یەکیەتی شەترەنجی جیهانی (fide) لەڕێگای یەکێتی شەترەنجی عێراقەوە، شێوازی ئەم پاڵەوانێتییەش بە سیستمی سویسری بە (9) ڕاوند بە کاتی (١٥خولەک + ١٠چرکە) بۆ هەر یاریزانێک بەڕێوەدەچێت.

شایەنی باسکردنە پاڵەوانیەتییەکە ماوەی دوو ڕۆژ دەخایەنێت و بە پێی توانا ڕاوندەکان یەک لەدوای یەک دەبن تەواوکەرەکەی لەرۆژی هەینی دەبیت لەهەمان کات.

بارزان خولێکی تۆپی باڵە بەڕێوەچوو

مسلم دڵلەمەری / بارزان

لەدرێژەی کاروچالاکییەکان وخزمەتکردن بە تۆڕی لاوان، ناوەندی باڵای بارزانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە هەستان بە ڕێکخستنی خولێکی تۆپی باڵە بۆ 16 تیپی سنوری ناوەندەکە، شایانی باسە ئەم خولە شەوانە بەسەرپەرشتی ناوەنی چالاکی وپێگەیاندنی لاوانی نزار لە یاریگای چیمەنی دەستکردی بیرەکەپران بەڕێوەدەچێت، یەکەم یاریش لە نێوان تیپی بیرە کەپران وهەرنێ دەستی پێکردووتیپی بیرە کەپران توانی 3 گێم بەرامبەر بە 1 گێم لە تیپی هەرنێی بردەوە.

بە گۆڵێکی جیهانی ڕیبێری کۆتایی بە کاروانی وەرزشی هێنا

فرانک ریبیری ئەستێرەی فەرەنسی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوا گەڕی خولی ئەڵمانیا بەرامبەر ئاینتراخت فرانکفۆرت بە گۆڵێکی جیهانی کۆتایی بەکاروانەکەی هینا لەگەڵ یانەی بایرن میونشن، کاتێک بە ئەنجامی 1-5 گۆڵ یاریەکەیان بردەوە و نازناوەکەیان بەدەستهێنا.

ریبێری دوای بڕینی چەند یاریزانێک بەتۆپەوە خۆی گەیاندە ناو هێڵی سزا و تۆپەکەی بەسەر گۆڵچییەوە خستە ناو تۆڕەوە، بەم گۆڵە یاریگای ئەلیانز ئەرینای هەژاند و گۆڵێکی میژوویی لە دواساتەکانی کاروانەکەی لەگەڵ بایرن تۆمار کرد، بەمەش ئەم یاریزانە چووە نێو میژووی بۆندسلیگا دوای ئەوەی بووە یاریزانێک زۆرترین نازناوی لەگەڵ یانەکەی لە پێشبڕکێیەکانی ئەڵمانیا بەدەست هێناوە.

کاروانەکەی ریبێری بەباشترین شێواز و بەختەوەری کۆتایی پێهێنا، کە لەماوەی 273 یاریی لەگەڵ باڤاری توانیویەتی 86 گۆڵ تۆمار بکات و 93 تۆپیش یەکلایی بکاتەوە.

مان سیتی نازناوی جامی یەکیتی ئینگلیزی بەدەستهێنا

یانەی مان سیتی دوای بردنەوەی بەسەر یانەی واتفۆردی توانی نازناوی جامی یەکیتی ئینگلیزی لەسەر یاریگای وێمبلی بەدەست بهێنێت و بەمەش باڵادەستی خۆی بەسەر نازناوەکانی تۆپی پێی ئینگلیزی بسەپێنێت، یانەی مان سیتیکۆنترۆڵی نازناوەکانی ئینگلیزی کرد کە پێشتر نازناوی خولی ئینگلیزی و بەر لەم جامەش نازناوی جامی پیشەگەرانی، واتە سێ نازناوی لەوەرزی ئەمساڵ بەرابەرایەتی گواردیۆلا بەدەستهێنا. یانەی مانچستەر سیتی دوای بردنەوەی بەئەنجامی 0-6 ئەمە گەورەترین ئەنجامە لە کۆتاییەکانی جامی یەکێتی ئینگلیزی لەدوای سالی 1903 کە ئەوکات یانەی بۆری لە دێربی کاونتی بردەوە.



بەهۆی ئاڵۆزی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان

مختاریان هەڕەشەی بەشداریکردنی لە یاری کۆتایی یورۆلیگ لەسەرە

یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی ترسی لا دروست بووە کە نەتوانێت هنریک محتاریان لەگەڵ خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یاریەکەیان بەرامبەر یانەی چێلسی ببەن لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان، ئەویش بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی ماوەیەکە لەنێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر ناوچەی ناگۆرنی کارەباخ، بەو پێیەی مختاریان خەڵکی وڵاتی ئەرمینیایە.

جەماوەری یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی لە چاوەڕوانیی ئەوەدایە کە یەکیتی تۆپی پێی ئەورووپا دڵنیایی بداتە یانەکەیان بەوەی ئەگەر هنریک مختاریان بچێتە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان و بەشداری یاریی کۆتایی یورۆلیگ بکات گیانی پارێزراو دەبێت، چونکە ئەگەری زۆر هەیە مختاریان بۆ ئەو یاریەیە گرنگە نەتوانێت یاوەری ئەرسنال بکات، یانەی ئەرسنال بەفەرمی داوای لە یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا کردووە کە دڵنیاییان بداتێ لەوەی کە ئەو یاریزانە ئەرمینیە لە ئەگەری بەشداریکردنیدا گیانی پارێزراو دەبێت، چونکە ئەوان نایانەوێت کە ئەو یاریزانە دووچاری کێشە نەبێت.

جێی باسە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2019/5/29 هەردوو یانەی چێلسی و ئەرسنال لە یاری کۆتایی خولی ئەورووپی لە باکۆ ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە.



مارسیلۆ و ڤینیسیۆس تووشی شۆک دەبن پێکهاتەی هەڵبژاردەی برازیل بۆ کوپا ئەمریکا 2019 ـ راگەیەندرا

هەردوو ئەستێرەکەی بەرازیل مارسیلۆ و ڤینیسیۆس جۆنیۆر دووچاری شۆک بوون، کاتێک ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل پێکهاتەی هەڵبژاردەی بەرازیلی بەبێ ناوی ئەوان ڕاگەیاند.

هەژماری فەرمی هەڵبژاردەی بەرازیل لە تویتەر پێکهاتەی فەرمی هەڵبژاردەی سامپای بۆ ڕکابەرییەکانی پاڵەوانێتی جامی کوپای ڕاگەیاند کە بریارە ناوەڕاستی مانگی داهاتوو لەبەرازیل بەڕێوەبچێت، بەگوێرەی ڕۆژنامەی asی ئیسپانی تیتی ڕاهێنەر ئەو دوو ئەستێرەیەی ڕیال مەدریدی تووشی شۆک کرد، بەتایبەتیش بۆ ڤینیسیۆس کە وەرزێکی زۆر سەرکەوتووی لەگەڵ یانەی ڕیال پێشکەش کردو ببوە مایەی سەرنجی هەمووان، لەلایەکی دیکەوە هەر ئەو ڕاهینەرە لۆکاس مۆرای ئەستێرەی توتنهام ی فەرامۆش کردووە کە ڕۆڵی دیاری هەبوو لە گەیاندنی یانەی تۆتینهام بۆ یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا.

پێکهاتەی هەڵبژاردەی بەرازیل کە بۆ جامی کوپا ئەمریکا 2019 ڕاگەیندرا پێکهاتووە لە:

گۆڵچی: ئەلیسۆن پیکەر، ئیدرسۆن، کاسیۆ

بەرگری: دانی ئەلڤێس، تیگۆسیلڤا، مارکینیوس، ئەلیکس ساندرۆ، فاگنەر، میراندا، ئیدرار میلیتاو، فیلیپ لویس

ناوەڕاست: ئارسەر، فیلیپ کۆتینهۆ، فیرناندینیۆ، لۆکاس باکیتا، کاسیمیرۆ

هێرشبەر: نەیمار، ڕۆبرتۆ فیرمینیۆ، دیڤید نارس، ئیفرتۆن، ریچاریسۆن



بۆڵت ریکلام بۆ سکۆتەر دەکات

یوسیان بۆڵتی ڕاکەری بەناوبانگی جامایکی لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا ریکلام بۆ کۆمپانیایەکی سکۆتەر دەکات، کۆمپانیای بۆلت مۆبایلیتی ئاشکرای کرد کە یوسان بۆلتی 8جار پاڵەوانی ئۆڵۆمپیاد، بە سکۆتەرێکەوە بەنێو شەقامەکانی پاریس دەسۆڕێتەوە کە ئەو سکۆتەرەش لەلایەن کۆمپانیای ناوبراوەوە لەرووی تەکنیکییەوە گۆڕانکاریان بەسەر هێناوە و پێشیان خستووە بەتایبەتیش لە ڕووی کەمکردنەوەی مەترسییەکان و زیاتر بەرگەگرتنی پاتریەکەی.

جیی باسە ئێستا تەنها لەناو پاریس زیاتر لە 15هەزار کەس سکۆتەر بەکاردەهێنن و چاوەڕوان دەکرێت تا ناوەڕاستی ئەم مانگە ڕێژەی بەرکارهێنانی بەرزبێتەوە بۆ زیاتر لە 40هەزار.



KHABAT
www.xebat.net
info@xebat.net
Daily Newspaper *Kurdistan - Iraq*
Organ of KDP
Concessioner: **Ali Abdulla**
Editor-in-chief: **Salam Abdulla**

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگاداریەکان:
0750 588 1616

خەبات
XEBAT
Mon, 20. Apr. 2019 No: (5753)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

جومعە مەکتەبە ڕۆژنامەفرۆشێکی دێرینی هەولێر


جومعە مەکتەبە

یونس حەمەد- ئۆسلۆ

مام جومعە تەها ئەحمەد ناسراو بە (جومعە مەکتەبە) یەکێکە لەو کەسایەتیە دیار و بەرچاوانەی هەولێری پایتەخت کە مخابن ئێستا بەهۆی نەخۆشییەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی نەرویژ کەوتووە ، ناوبراو لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا وەک یەکەم ڕۆژنامە فرۆشی گەڕۆک لە هەولێری پایتەخت ڕۆژنامەکانی ئەو کاتی فرۆشتووە چ ناوخۆیی یان گۆڤارەکانی دەرەوە بەتایبەت ئەوانەی لە لوبنان چاپ دەکران وەک گۆڤاری (ئەلسەیاد)وەتد... ، ئەمەو لە لێدوانێکیدا ئاماژەی بەچەند یادگارییەکی ئەو سەردەم کرد ، کە چۆن هەندێک جار بەهۆی کارەکەیەوە لەلایەن ڕژێمەکانی ئەو سەردەم دووچاری ئازار و مەینەتی بۆتەوە ، چونکە وەک خۆی دەڵێ هەمیشە لە کاتی فرۆشتنی ڕۆژنامەدا، ئەو ڕۆژنامانەی نووسینەکانیان دژایەتی پرسی کوردییان دەکرد یاخوود نەیاری کورد و شۆڕشی کورد بوون دەخستە ژێرەوەی ڕۆژنامەکان تاوەکو خوێنەر ئاگاداری هەواڵ و چالاکییەکانی ئەو گرووپانە نەبن ، بۆیە زۆر چاودێری دەکرام تاگەیشتۆتە ئازاردان.. مام جومعە مەکتەبە بەهۆی کاری ڕۆژنامە فرۆشی کە بۆ شوێنە گشتییەکانی وەک فەرمانگاگان و دادوەری و یانەکان ئاشنایەتی لەگەڵ زۆرانێک کەسایەتی ئەم شارە دێرینە پەیدا دەکات. دواتر بەهۆی شارەزایی زیاتر لە کاری ڕۆژنامەوانی کتێبخانە دەکاتەوە و دەرێژە بە کارەکەی دەدا ، لەم چوارچێوەیەدا بەمەبەستی زیاتر ئاگاداری هەواڵ و چالاکییەکانی ئەو گرووپانە نەبن ، بۆیە زۆر چاودێری دەکرام تاگەیشتۆتە ئازاردان.. مام جومعە مەکتەبە بەهۆی کاری ڕۆژنامە فرۆشی کە بۆ شوێنە گشتییەکانی وەک فەرمانگاگان و دادوەری و یانەکان ئاشنایەتی لەگەڵ زۆرانێک کەسایەتی ئەم شارە دێرینە پەیدا دەکات. دواتر بەهۆی شارەزایی زیاتر لە کاری ڕۆژنامەوانی کتێبخانە دەکاتەوە و دەرێژە بە کارەکەی دەدا ، لەم چوارچێوەیەدا بەمەبەستی زیاتر ئاگاداری هەواڵ و چالاکییەکانی ئەو گرووپانە نەبن ، بۆیە زۆر چاودێری دەکرام تاگەیشتۆتە ئازاردان.. مام جومعە مەکتەبە بەهۆی کاری ڕۆژنامە فرۆشی کە بۆ شوێنە گشتییەکانی وەک فەرمانگاگان و دادوەری و یانەکان ئاشنایەتی لەگەڵ زۆرانێک کەسایەتی ئەم شارە دێرینە پەیدا دەکات. دواتر بەهۆی شارەزایی زیاتر لە کاری ڕۆژنامەوانی کتێبخانە دەکاتەوە و دەرێژە بە کارەکەی دەدا ، لەم چوارچێوەیەدا بەمەبەستی زیاتر ئاگاداری هەواڵ و چالاکییەکانی ئەو گرووپانە نەبن ، بۆیە زۆر چاودێری دەکرام تاگەیشتۆتە ئازاردان.. مام جومعە مەکتەبە بەهۆی کاری ڕۆژنامە فرۆشی کە بۆ شوێنە گشتییەکانی وەک فەرمانگاگان و دادوەری و یانەکان ئاشنایەتی لەگەڵ زۆرانێک کەسایەتی ئەم شارە دێرینە پەیدا دەکات. دواتر بەهۆی شارەزایی زیاتر لە کاری ڕۆژنامەوانی کتێبخانە دەکاتەوە و دەرێژە بە کارەکەی دەدا ، لەم چوارچێوەیەدا بەمەبەستی زیاتر ئاگاداری هەواڵ و چالاکییەکانی ئەو گرووپانە نەبن ، بۆیە زۆر چاودێری دەکرام تاگەیشتۆتە ئازاردان.. مام جومعە مەکتەبە بەهۆی کاری ڕۆژنامە فرۆشی کە بۆ شوێنە گشتییەکانی وەک فەرمانگاگان و دادوەری و یانەکان ئاشنایەتی لەگەڵ زۆرانێک کەسایەتی ئەم شارە دێرینە پەیدا دەکات. دواتر بەهۆی شارەزایی زیاتر لە کاری ڕۆژنامەوانی کتێبخانە دەکاتەوە و دەرێژە بە کارەکەی دەدا ، لەم چوارچێوەیەدا بەمەبەستی زیاتر بایەخدان بە ئاستی خوێندن و خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان و هەروەها پێداویستیەکانی قوتابی کارەکەی فروانتر کردووە چەندین کتێبخانە لە ناو سەنتەری شار دەکاتەوە کە تا ئێستا بوونیان ماوە.. ناوبراو زۆر شانازی دەکات کاتی خۆی ڕۆژنامەکانی خەبات و ئەلتاخی و برایەتی فرۆشتووە.. ئەوەش ماوە بڵێین ماوەی چەندین ساڵە لە وڵاتی نەرویژ ژیان بەسەر دەبات وکەسێکی دیار و بەرچاوی نێو ڕەوەندی کوردی یە.

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەمرو دووشەمەیەک دەبنووسێت

قۆڕ بەسەرێک دەناسم کە لە فەرمانگەیەکی حکومەتدا بەردەستە ، خاوەنی کۆشە منداڵێکە ، ڕۆژ و شەو ڕاکەڕاکیەتی هەر پێ ڕاناگات، لەو قیچە مەعاشە زیاتر هیچی دیکە شک نابات، سەرەڕای ئەو بارودۆخەی، پیاوێکی تابڵێی قانیعە ، بیکۆژی درۆ ناکات، دەڵێت: تا دە سەموون بە هەزار دینار بێت، کەس لە برسان نامرێت.

ئەو پیاوە بە وەزیفەکەی شکورە، دەڵێت خوێندنەکەم هەر بایی ئەوەندەیە کە ببمە بەردەست، کەچی ئاوکووفی ئەو هەیە بە هەمان بڕوانامە کراوە بە ڕائیدی عەسکەری یان ڕاوێژکار و مودیر عامی مەدەنی.

ئەو ڕۆژە، لەکاتی مەعاش وەرگرتندا، ئەو بەدبەختەم بینی، زۆر سیس و مات هاتە بەرچاوم، بە عاستەم نووزەی لەبەروەدەهات.

دیتم دوو سێ کارمەندی فەرمانگاکە هاتە لای و پێیان دەگوت:

ـ بەخۆت سەلامەت بی، خوا کەریمە.

منیش بەخۆم نەوەستام و پێمگوت:

ـ خێرە چ قەوماوە؟

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو وەرامی دامەوە:

وەڵا جەرگم داغ بوو ، پشتم شکا.

گوتم:

ئاخر بۆ، چ بووە.

گوتی:

بەرشەلۆنە دۆڕاندی!!!

پێمگوت:

ئەوجە بەتوو چی، بەرشەلۆنە لەو هەموو دۆلار و یۆرۆیەدا، چ ئاگای لەتۆپە.

وەرامی دامەوە:

بریا بمردبام، بەس ئەوهام نەدیبا.

کێن ئەوانەی جوانکاری دەکەن؟



دڵانە فەخرەدین: هیچ کات جوانکاری پێویست نییە بەڵکو ویستە

خەبات: ڕانیار دڵشاد

جاران جوانکاری بۆ ئەو کەسانە دەکرا کە هەر لە منداڵییەوە بەشێکی جەستەیان جیاوازبووە لە کەسێکی ئاسایی و پێیان شەرم بووە لەنێو کۆمەڵگاکەماندا، بەڵام لە ئێستادا جوانکاری لە نێو ئافرەتان و بەشێک لە پیاوان بووە بە کلتوور، لەو نێوەدا فلتەری سۆشیال میدیاکان بەشێکی گرنگی کاردانەوەی هاوڵاتیانە، لەڕێگەی چەند پرسیارێکەوە لەبارەی لێکەوتەکان و حەزی کەسەکان لە بواری جوانکارییەوە ئاراستەی دکتۆر لانە فەخرەدین پسپۆڕی جوانکاری دەکەین.

*** کێن ئەوانەی پێویستە کاری جوانکاری ئەنجام بدەن؟**

جوانکاری هیچ کاتێک پێویست نییە بەڵکو ویستە

*** بۆ پێستێکی جوان و ساف، چی بکرێت باشە؟**

پێست وەک نەمامی ناو ماڵ وایە، بۆ ئەوەی بە گەشی بیهێڵیتەوە، پێویستە شارەزای سروشت بیت، بەرهەمەکانی گرنگی دان بە پێست بە گوێرەی جۆری پێست هەدەڵبژێردرێن، ڕۆژانە چۆن نەمام ئاو دەدرێت، بەهەمان شێوە پێستیش پێویستی بە کرێمی شێدارکەرەوەی گونجاو هەیە، لە هەمووی گرنگتر بۆ پاراستنی پێست نەک تەنها لە ڕووی جوانییەوە بەڵکو لە ڕووی تەندروستییەوە بەکار هێنانی کرێمی دژەخۆر گونجاوە.


*** ئایا ڕاکێشانی چەورى و دانانەوەی لە شوێنکی دیکەی جەستە، بۆ داهاتوو هیچ زیانێکی نابێت؟**

کاتێک چەوری لەشی ڕادەکێشرێت و لە شوێنێکی تر دادەنرێتەوە، ماددەیەکی بێگانە نییە بۆ جەستە، ئەم چەورییە لە شوێنە نوێیەکە خوێن وەردەگرێت و دەژیێتەوە، لە داهاتوودا زیانی تەندروستییەوە، بەڵام لە ڕووی شێوەوە لەوانەیە دوای ساڵانێک ئەم چەورییە کەم ببێتەوە یاخود نەمێنێت.

*** ئایا تا چەند جوانکاری کاریگەری هەیە لەسەر تەندروستی ئافرەتانی دووگیان؟**

جوانکاری زۆر شت دەگرێتەوە، چەند کارێکی جوانکاری هەیە لە ئافرەتی دووگیان زیانی نییە وەک مایکرۆنیدلینگ و پلازما، بەڵام بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان وا باشترە هیچ مادەیەک کە بۆ جوانکاری بەکاردێت لە کاتی دووگیانی و شیر پێدان بەکار نەهێندرێت.

تابلۆیەکی کلاود مۆنیت بە 110 ملیۆن دۆلار فرۆشرا



بە گوێرەی هەواڵێکی هونەری ماڵپەری بی بی سی تابلۆیەکی نیگارکێشی فەرەنسی، کلاود مۆنیت لە زیادکردنێکی ئاشکرادا بە 110 ملیۆن و 700هەزار دۆلار فرۆشرا.خانەی مەزادی سوسبی لە نیویۆرک یەکێک لە تابلۆکانی نیگارکێشی فەرەنسی، کلاود مۆنیت کە بە بۆیەی ڕۆن دروستکراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1890خستە زیادکردنی ئاشکراوە و بە 110ملیۆن و 700هەزار دۆلار فرۆشرا و ریکۆردی شکاند. لە کاتێکدا باس لەوە دەکرێت کە ئەوە یەکەم جارە بەهای سەروو 100ملیۆن دۆلار بدرێت بە وێنەیەکی چاپکراو، هاوکات ناسنامەی ئەو کڕیارەکە ئاشکرا نەکرا کە کێبڕکێی لەگەڵ ئەو پێنج کەسەی دیکە کردووە لە مەزادەکەدا. بەشێکی زۆری 25بەرهەمی زنجیرەی شارای گیا کە کلاود مۆنیت لەو تابلۆیەیدا وێنەی ژیانی گوندەواری نزیک خانووەکەی کێشاوە لە ناوچەی نۆرماندیە لە پێشانگا هونەرییەکانی سەرتاسەری جیهان نمایش دەکرێت.

ئەوانەی شەکرەشیان هەیە دەتوانن بەربانگ خورما بخۆن



ئا: وریشە عومەر

دکتۆر سەردەشت محەمەد تاهیر پسپۆڕی خۆراک بۆ تەندروستی مرۆڤ دەڵێت: ڕۆژووەوانان لە مانگی ڕەمەزاندا چەندین کاتژمێر هیچ خواردن و خواردنەوەیەک ناخۆن، بۆیە ڕێژەی شەکر لە خوێندا دادەبەزێت، کردنەوەی بەربانگ بە یەک دانە خورما ڕێژەی شەکری خوێن لە لەشدا هاوسەنگ دەکاتەوە.

سوودی گرنگ بە جەستە دەگەیەنێت

پسپۆڕی خۆراک بۆ تەندروستی مرۆڤ، دکتۆر سەردەشت محەمەد باسی لە گرنگی کردنەوەی بەربانگ بە خورما لە مانگی ڕەمەزان کرد و گوتی:خواردنی دانەیەک یان سێ دانە یاخود پێنج دانە خورما لە کاتی کردنەوەی بەربانگ کۆمەڵێک سوودی گرنگ بە جەستەی مرۆڤ دەگەیەنێت لە سەرووی هەموویانەوە هاوسەنگکردنی ڕێژەی شەکری خوێن و گوشاری خوێنە کە بەهۆی ڕۆژوو گرتنەوە دادەبەزێت.

نەخۆشی شەکرەو خورما دکتۆر سەردەشت زیاترگوتی:

هەموو کەسێک دەتوانێت بەربانگ بە خواردنی خورما بکاتەوە ، تەنانەت ئەوانەی نەخۆشی شەکرە و گوشاری خوێنیشیان هەیە، بەڵام نابێت زیادەڕۆیی لە خواردنی بکرێت و لە سێ دانە زیاتر نەخۆن، چونکە ئەوانەی نەخۆشی شەکرە یان گوشاری خوێنیان هەیە دەبێت زیاتر ئاگادار بن لەبەر ئەوەی خورما دەوڵەمەندە بە شەکری سادە کە بە ئاسانی لە جەستەی مرۆڤدا شیدەبێتەوە و وا دەکات شەکرە و گوشاری خوێن بە ئاسانی بەرز بکاتەوە.

سلێمانی.. یاری سینی و زەرف لە شەوانی مانگی ڕەمەزاندا



ماوەی دوو ساڵە لە شەوانی مانگی ڕەمەزاندا بەشێک لە گەنجانی شاری سلێمانی کاتەکانی خۆیان بە ئەنجامدانی یاری سینی و زەرف بەسەر دەبەن و وەک خۆیان دەڵێن یارییەکە زیاتر لەم مانگەدا تام و چێژی خۆی هەیە. سەرپەرشتیاری یارییەکە، پێشکەوت عەبدوڵڵا لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەم یارییە زیاتر لە نیو سەدەیە لە کەرکووک هەیە و نەتەوە جیاجیاکانی شارەکە کۆدەکاتەوە لە شەوانی مانگی ڕەمەزاندا. گوتیشی: ئەمسااڵیش کۆمەڵێک لە گەنجانی دانیشتووی شاری سلێمانی لە شەوانی مانگی ڕەمەزاندا لە کافێیەکی تایبەت کۆدەبینەوە بۆ ئەنجامدانی یاری سینی و زەرف و یاری کلاوکلاوێن و بۆ چەند ساتێک کاتێکی خۆشتر لە دەوری یەک بەسەر دەبەین. بەشداربووانی ئەو یارییە دەڵێن، یارییەکە کە لە سینییەک و 11زەرف پێکهاتووە و بونجوقێکی لەڕێدا شاردراوەتەوە و بە زمانی خۆیان بە دوو گوڵ پێویستە کەسی بەرامبەر بیدۆزێتەوە، زیاتر لە مانگی ڕەمەزاندا تام و چێژی تایبەت بە خۆی هەیە و لە مانگەکانی تری ساڵدا کەمتر ئەم یارییە ئەنجام دەدرێت.